WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25 4ی سەرماوەزی 2713 (750) دینار

## نێچیرڤان بارزانی بۆ واژووکردنی گرێبەستێک دەچێتە تورکیا

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەردانێک دەگاتە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا و لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا کۆدەبێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) نێچیرڤان بارزانی لەو سەردانەدا بەشێوەیەکی فەرمی گرێبەستی هەناردەکردنی نەوت و غازی کوردستان لەگەڵ تورکیا واژوو دەکات و دواتر نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆری دەگاتە تورکیا و لەوێش بۆ بازاڕەکانی جیهان

دوای گەڕانەوەی لە ئەنقەرە، وابڕیارە نێچیرڤان بارزانی، سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و ئەنقەرە و پرۆژەکەش باس بکات.

سەبارەت بە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان، تانەر یڵدز، وەزیری سامانە سروشتییەکانی تورکیا ڕاگەیاند "مافی گەلی عێراقە لە داهاتی نەوت و ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) ئیمزا دەکرێن، سوودمەند بێ و دەبێ کۆپییەکی بەڵگەی ئەو پارانە کە لە بانکەکانی تورکیادا هەڵدەگیرێن، بدرێتە دەستی حکومەتی عێراق".



پارتی لە بەشی خۆی پۆستی زیاتر دەداتە یەکێتی

3



کوردە و خولە سوێدییەکان فێری خۆراکی کوردی دەکەن

11



سلێمانی نەبووەتە سیسیلیا

هێمن عەبدوڵڵا 23

## سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

# دیداری بارزانی و نەوشیروان مستەفا بۆ گەیاندنی هەندێ پەیامە



REKLAM



ڕووداو
ڕاپۆرتە
هەواڵ
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25



## سەڵاحەدین بەهائەدین هۆشداری دەداتە یەکگرتوو

**ڕووداو-هەولێر**

سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هۆشداری دەداتە حیزبەکەی کە نابێت یەکگرتوو بەتەنیا بچێتە نێو حکومەتەوە. بە ئامادەبوونی سەڵاحەدین بەهادین، ئەمینداری پێشوو، ڕۆژی 2013/11/24 مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنێتی بەشداربوون لە حکومەتی داهاتوو کۆبووەوە. سەڵاحەدین بەهادین، پێیگوتوون کە بەهیچ شێوەیەک نابێت یەکگرتوو بەتەنیا بچێتە ناو حکومەتی داهاتوو لەگەڵ یەکێتی و پارتی، دەبێت هەماهەنگی و گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بڕیار بدات.

### ئەمساڵ 70 کارمەندیان سزا دراون

# لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە دەوام بە کرێ دەدرێ



**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- ڕانیە**

سزادانی کارمەندانی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەردەوامە و لە دوایین بڕیاری ئەو فەرمانگەیەشدا سزای 25 کارمەند دراوە، بەهۆی ئەوەی دەوامەکەیان بە کرێ داوەتە خەڵکی دیکە.

مستەفا ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "بەشی داوودەزگاکان لە ئاسایشی ڕاپەڕین کە چاودێری دەزگاکانی حکومەت دەکات، هەواڵیان پێدابوو کە لەم نەخۆشخانەیە کارمەند هەیە دەوامەکەی بە کرێ داوە".

کاتێک ئەو هەواڵەیان پێدەگات وەک مستەفا ئەحمەد گوتی یەکسەر دۆسیە بۆ دوو کارمەند دەکەنەوە و لێکۆڵینەوە لە دەوامی فەرمانگەکان دەکەن "لەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت 25 کەس دەوامی خۆیان بە کرێ داوە، خەڵکی دیکە لە شوێنی ئەوان لەبەرامبەر بڕە پارەیەک دەوام دەکات". گوتیشی "لەسەر ئەو کارە چەندین کەس ئیجرائاتیان لەگەڵ کراوە و سزا دراون، هەر لە فەرمانبەری ئاسایییەوە تاوەکو بەڕێوەبەر و کارگێڕی نەخۆشخانەکە".

لەم بەڕێوەبەرایەتییە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵەوە، بەهۆی وەرگرتنی پارە لەو دایکانەی منداڵیان دەبێت ژمارەیەک کارمەندی نەخۆشخانەی منداڵان و منداڵبوونی ڕانیە سزادران. ئەو کارمەندانە بە زۆر پارەیان لە کەسوکاری منداڵە لەدایکبووەکە وەردەگرت، بەڵام لەسەر ئەم دیاردەیە کارمەندێکی تەندروستی کە پیشەی پەرستارە بە ناوی (کوردستان حەمەدەمین) سکاڵای تۆمارکرد لەسەر هاوپیشەکانی و بەوهۆیەوە 15 کارمەند سزادران. کوردستان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "نەخۆشخانەی منداڵان و منداڵبوونی ڕانیە بەهۆی ئەم دیاردەیە لەکەدار ببوو، من لەبەر بەرژەوەندیی خەڵک و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە سکاڵام تۆمار کرد و بەوهۆیەشەوە 15 کارمەند سزادران، لە هەر شوێنێکیش کەمتەرخەمی هەست پێبکەم بێدەنگ نابم لە ئاستی".

لەلایەکی دیکەوە و لەکاتی سەردانێکی وەزیری تەندروستیدا بۆ دەڤەرەکە، ژمارەیەک کارمەند کە لە دەوام نەبوون سزا دران، کۆی گشتی ئەو کەسانەی ئەمساڵ لەو بەڕێوەبەرایەتییە سزادراون زیاتر لە 70 کەسن و بەمەش دەبێتە یەکەم بەڕێوەبەرایەتی کە لەسەر کەمتەرخەمی و پابەندنەبوون بەدەوام کارمەندەکانی سزا دابێت. ژمارەیەک دۆسیەش لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت.

مستەفا ئەحمەد گوتی "هەر کەسێک کە سزا دەدرێت بێ هۆکار نییە و کەس لە خۆیەوە سزا نادرێت، ئەگەر کەسێک ڕەخنەی هەبێت لەسەر سزادانی مافی سکاڵای هەیە، هەروەها دۆسیەی دیکەشمان هەیە و لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێت، ئێمە کار لەسەر هەموو ئەو سکاڵایانە دەکەین کە پێماندەگەن و ئینجا ڕێکاری یاسایی دەگرینەبەر".

(ڕووداو) هەوڵیدا گوتەی ئەو کەسانە وەربگرێت کە سزا دراون، بەڵام ئامادە نەبوون قسە بکەن.

### وەزیری پەروەردە سزادانەکە رادەگرێت

# لەسەر "وەسڵی ساختە" بڕیاری سزادانی چەند فەرمانبەرێک دەدرێت

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئەنجامدانی "کاری ساختەکردن" لە ڕێگەی وەسڵەوە لە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر، وەزیری پەروەردە بڕیاری سزادانی سەرۆکی بەش و چەند مامۆستایەک دەدات، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک بڕیارەکە ڕادەگرێت.

ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانەکەی وەزیری پەروەردە دوای ئەوە هات کە بەشێک لە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی شانۆ بایکۆتی خوێندنیان کرد، هەروەها بەڕێوەبەری پەیمانگەش دەڵێت لقی دووی پارتی لە پشتی ڕاگرتنی بڕیارەکە بووە.

سۆران بەهرام، بەڕێوەبەری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەدوای ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ساڵانەی بەشی شانۆ، لیژنەی جەرد و ئیدخال تێبینی کرد چەند وەسڵێک ساختە کراوە، دوای پێکهێنانی لیژنەیەک دەرکەوت بایی 8 ملیۆن و 14 هەزار دینار وەسڵ ساختە کراوە".

بە فەرمانی وەزاری ژمارە 21522 لە 10/24/ 2013 سزا بۆ ئەو کەسانە دەرچوو کە دەستیان لەو کارەدا هەبووە و بەپێی فەرمانەکە دەبێت ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی میری، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک وەزیری پەروەردە بە بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەکانی ڕاگەیاندووە فەرمانەکە ڕابگرن.

سۆران بەهرام دەڵێت "دەبووایە لە ڕۆژی 2013/11/11 تەواوی پارەکە لەلایەن سەرۆکی بەشی شانۆوە بگەڕێندرێتەوە، بەڵام نەک هەر پارەکەی نەگەڕاندووەتەوە بەڵکو هانی چەند مامۆستایەک و قوتابیانی بەشی شانۆی داوە نەچنە هۆڵەکانی خوێندن و فەوزای دروست کردووە، دوای چەند ڕۆژێکیش وەزیری پەروەردە بڕیارەکەی ڕاگرت، ئەمەش دوای ئەوەی لقی دووی پارتی هاتنە نێو کێشەکە، بە داخەوە تاوەکو خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت".



یونس عوسمان، سەرۆکی بەشی شانۆ دەربارەی ئەو بڕیارە بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ ئەم فێستیڤاڵە من 3 مامۆستام وەک لیژنەی پارە خەرجکردن پێکهێنا و پارەکەم هەمووی لای ئەوان دانا کە هەموویان پسپۆڕن، دواتر من مافی ئەوەم هەیە تاوەکو 30 ڕۆژ تانە لە بڕیارەکە بدەم، بەڵگەی تەواوم پێشکەش بە وەزارەت کرد، لە ئەنجامدا وەزیری پەروەردە قەناعەتی بە قسەی ئێمە هێنا کە ئەو کارە مەزنەی ئێمە کردوومانە بە دوو ملیۆن ڕایی ناکرێت، بۆیە بڕیارەکەی ڕاگرت".

سەبارەت بە قسەی بەڕێوەبەری پەیمانگە کە دەڵێت بە فشاری حیزب بڕیارەکەی ڕاگرتووە، یونس گوتی "حیزب تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی بۆ ئەم کارە نەهاوێشتووە، چونکە ئەمە ئیشی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەیە ئەم کێشەیە یەکلایی بکاتەوە".

ڕۆژگار کەریم، سەرۆکی ئیدخال و جەردی پەیمانگا کە لە هەمانکاتدا یاریدەدەری بەڕێوەبەرە بۆ کاری هونەری، بە (ڕووداو)ی گوت "پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەکەم دەستپێکرد، دەرکەوت بایی 6 ملیۆن دینار وەسڵی تەزویر هەیە، ئێمەش بەڕێوەبەری پەیمانگا و بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگاکانمان لێ ئاگادارکردەوە، پاش ئاگادارکردنەوەکە فەرمانمان پێدرا کە سەردانی شوێنی وەسڵەکان بکەین، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە وەسڵەکان ساختەن، هەڵبەتە تەنیا وەسڵەکان تەزویرن لەبەر ئەوەی هەندێک شت کراوە، بەڵام وەسڵی دیکەیان بۆ پڕکردووەتەوە و کەلوپەلەکانیش لەلایەن بەڕێوەبەر بە من نیشان نەدراوە". گوتیشی "من وا هەست دەکەم کۆمەڵێک کێشەی شەخسی لە نێوان بەڕێوەبەر و سەرۆکی بەشی شانۆ هەبووە، لەبەر ئەوە من ئێستا داوا دەکەم لە وەزارەت لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ ئەم کارانە پێکبهێنێت کە کەسی هونەری تێدا بێت".

هاجەر داود، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەبارەی پاشگەزبوونەوەی وەزیری پەروەردە لە بڕیارەکەی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕاستە ئەو بڕیارە لە 24ی مانگی ڕابردوو دەرچووە، بەڵام بەپێی یاسا ئەو کەسە مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی یەک مانگدا تانە لە بڕیارەکە بدات و داوای پێداچوونەوە بکات، لەبەر ئەوە وەزیری پەروەردە فەرمانی داوە پێداچوونەوە بە دۆسییەکەدا بکرێتەوە و وردبینی تێدا بکرێت، نەک فەرمانەکە ڕاگیراوە، بەڵکو پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت".

REKLAM

راگەیاندنی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

لە کاتی توندوتیژی پەنا بۆ یاسا بەرە
چونکە مافەکانت دەپارێزێت

با خۆشەویستی و لەیەك تێگەیشتن جێگای توندوتیژی بگرێتەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان
E-mail: b.tundutezhy_zhnan@yahoo.com
0662648547

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر:
0662567272 - 07507598172
E-mail: b.tundutezhy_erbil@yahoo.com
نوسینگەی قەزای شەقلاوە 07501440077
نوسینگەی کۆیە 07501440099
نوسینگەی خەبات 07501440088
نووسینگەی قەلا 0662643363
نووسینگەی مناره 0662643373

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ سۆران:
07507077833
نوسینگەی قەزای چۆمان 07504606774

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ سلێمانی
07708156719-0533293015
E-mail: b.afratan@yahoo.com
نوسینگەی قەزای شارەزوور 0538842427
نووسینگەی دوکان 07501097878
نووسینگەی دەربەندیخان 07501097676
هێڵی گەرم 0770199

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ ڕاپەڕین
0538644134
afratan.ranya@gmail.com
نوسینگەی ناحیەی قەڵادزێ 07501090997

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ گەرمیان
07480275061 -07480275082
E-mail: tt_garmian@yahoo.com
نوسینگەی چەمچەماڵ 07480194598
نوسینگەی قەزای کفری 07480612161


بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ دهۆک
0664561315-07507851881
E-mail: defchon2007@yahoo.com
نوسینگەی قەزای ئاوەندی دهۆک 07501847276
نوسینگەی زاخۆ 07501847873
نوسینگەی بەردەرەش 07505038191
نوسینگەی قەزای ئاکرێ 07503836685 -0627801977
نوسینگەی قەزای ئامێدی 07503866982 - 0627630892

www.bgta-krg.org

## لە 30ی نیساندا لە کوردستان دوو هەڵبژاردن دەکرێن

**ڕووداو-هەولێر**

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە لەڕۆژی یەک شەممە 2013/11/24 ئەنجامدرا بڕیاری دا کە ڕۆژی 30ی نیسانی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش بە نامەیەکی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکات تا لە کاتی دیاریکراودا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. بڕیارە لە هەمانڕۆژا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش ئەنجام بدرێ و بەو شێوەیە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە دوو هەڵبژاردن لەیەککاتدا بەشدار دەبن.



ڕووداو
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25

# پارتی لە بەشی خۆی پۆستی زیاتر دەداتە یەکێتی




**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕازیبوونی پێنج لایەنە براوەکەی هەڵبژاردن بۆ بەشداریکردن لە کابینەی نوێ، لە دوای سەردانەکانی نێچیرڤان بارزانی و شاندی پارتی، بووەتە نزیکترین ئەگەر و ماوە دانیشتنەکان دەستپێبکەنەوە بۆ داڕشتنەوەی هەیکەلی حکومەتە نوێیەکە کە پارتی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێیدەڵێن، حکومەتی بنکە فراوان و یەکێتی ناوی لێناوە حکومەتی یەکڕیزیی نیشتمانی.

وا چاوەڕوان دەکرێ لەدوای کۆبوونەوەی دوو قۆڵی هەریەکە لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان (ئەمڕۆ دووشەممە)، لیژنەکان بچنە سەر وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەت.

نەوشیروان مستەفا خۆی سەرۆکی تیمە بزووتنەوەی گۆڕان، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو 2013/11/23 کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی سازکرد و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بەشداریی لە حکومەت بکەن. وەک فوئاد جەمال، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گوتی، دواتر ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەش کە هەمان ئەو شاندەی پێشتر لەگەڵ شاندی پارتی دانیشتن، نوێنەرایەتی بزووتنەوەی گۆڕان بکەن بۆ باسکردنی وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەت و نەوشیروان مستەفا خۆی سەرۆکایەتی بکات.

ناوبراو هەروەها گوتی "بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی و ژمارەی کورسیەکانی دەچێتە نێو دانوستاندنەکانەوە و بەکەمتر لە بەشی خۆی ڕازی نابێ، دەبێ کارنامەی حکومەتیش هاوبەش بێ و هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشداری لە داڕشتنیدا بکەن".

لەنێو وەفدی دانوستاندنکاری گۆڕاندا، تەنیا د.ئاکۆ محەممەد، بەرپرسی ژووری توێژینەوەی سیاسی لە گەنجەکانە و ئەوانی دیکە لە سەرکردە کۆنەکانی نێو یەکێتین. بەڵام وەک ئەندامەکەی جڤاتی نیشتمانی باسیکرد، وەفدی دانوستاندنکار "وەک خۆی دەمێنێتەوە بە سەرۆکایەتی کاک نەوشیروان".

وەفدی یەکێتیش بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح و یەکگرتووی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی محەممەد فەرەج و کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەلی باپیر دەچنەوە نێو گفتوگۆی وردەکارییەکانی پێکهێنان و دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەتی نوێ.

### ڕێککەوتنی ستراتیژی دەمێنێ

حکومەتی بنکەفراوان لە سەردەمێکدا کە چیتر پارتی و یەکێتی دوو هێزە باڵادەستەکە نین لەڕووی ژمارەی دەنگ و کورسییەکانەوە، چی بەسەردێ؟ ئەمە بووەتە جێی پرسیاری خەڵکی ئاساییش. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "هێڵە گشتییەکانی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارێزراوە و ئەوەش وای کردووە پارتی و یەکێتی پێویستیان بە دانوستاندنی زۆر نەبێ بۆ پێکهێنانی حکومەت". لەتیف شێخ عومەر هەروەها گوتی "دەبێ هەموو هێزەکان بەپێی دەنگی خۆیان بەشداریی لە حکومەتدا بکەن و پۆستەکانیش لەنێوان پارتی و یەکێتی 50 بە 50 دابەشناکرێن".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی بەرپرسی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، هەرچەندە یەکێتی یەک لیژنەی دانوستاندنکاری هەیە، بەڵام دوو ڕای جیاواز دروستبووە لەسەر شێوازی گفتوگۆکان و "هەندێکیان پێیانوایە یەکێتی پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی 38 کورسییەکەی پارتی و 18 کورسییەکەی یەکێتی پێکەوە بکەنە 56 کورسی و چەندیان وەزارەت بەرکەوت، بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی دابەشی بکەن". ئەوە قسەی ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەیە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە.

هەروەها گوتیشی، بەشەکەی دیکەش بۆچوونی وایە "یەکێتی بەپێی 18 کورسییەکەی خۆی پۆست وەربگرێ، بەڵام کەسانی زۆر شارەزایان بۆ دابنێ و یەکێتی چاودێری کارەکانیان بکات".

بەڵام لەتیف شێخ عومەر، ڕەتیدەکاتەوە 50 بە 50ی نێوان یەکێتی و پارتی بمێنێ و دەڵێت "دەبێ هەر هێزێک بەپێی دەنگ و قورسایی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ".

### جێگرێک بۆ سەرۆکی پەرلەمان

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە سەرچاوەکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستیکەوتوون، لە نێو پۆستە باڵاکانی حکومەتدا، بزووتنەوەی گۆڕان چاوی لەسەر جێگری سەرۆکی حکومەت یان پەرلەمانە کە زیاتر مەبەستیەتی جێگری سەرۆکی حکومەت وەربگرێ، بەڵام گوتی لەبەرئەوەی یەکێتیش دەیەوێ ئەو پۆستە وەربگرێ، "پێدەچێ بزووتنەوەی گۆڕان ڕازی ببێ بەوەی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت "گۆڕان ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی لە وەرگرتنی یەکێک لە وەزارەتە سیادییەکان و 2 وەزارەتی خزمەتگوزاری و 2 وەزارەتی ئاساییدا دەبینێتەوە، ئەگەر پارتی ڕازی نەبێ بەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانمان بداتێ، پێدەچێ داوای وەزارەتی دارایی یان ناوخۆ بکەین".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "پارتی بەردەوام بە یەکێتی دەڵێ بەپێی کورسی مامەڵەتان لەگەڵ ناکەین، بەڵام هیچکام لە لایەنەکانی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ ڕازی نابن ئەوە لەسەر حسابی ئەوان بێ".

### کۆمەڵ وەزارەتێک و دەستەیەکی دەوێ

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، باس لەو ڕاپۆرتە دەکات کە ئێستا لەبەردەم مەکتەبی سیاسی حزبەکەیدایە بۆ ئەوەی بیکاتە بنەمای گفتوگۆکانی لەگەڵ پارتی و دەڵێ "پێمان باشە لە وردەکارییەکاندا بەپێی خاڵبەندی پۆستەکانی حکومەت دابەشبکرێن و کۆمەڵ بەپێی 6 کورسییەکەی خۆی وەزارەت وەربگرێ". ئەحمەد ڕەشید، هەروەها گوتی "ئەگەر 19 وەزارەتەکە وەک خۆی بمێنێ و زیاد نەکات، کۆمەڵی ئیسلامی وەزارەتێکی خزمەتگوزاری و سەرۆکی یەکێک لە 5 دەستەکەی بەردەکەوێ ، بەڵام ئەگەر وەزارەتێکی سادەبێ، دوو وەزارەتی بەردەکەوێ".

ئەحمەد ڕەشید، لەبارەی پۆستەکانی یەکگرتووی ئیسلامیش گوتی "وەزارەتێکی خزمەتگوزاری و وەزارەتێکی ئاسایی بەردەکەوێ، لەگەڵ سەرۆکی دەستەیەک، بەڵام بە هەموو ئۆپۆزسیۆن یەک وەزارەتی سیادی و 2 وەزارەتی خزمەتگوزاری و 8 وەزارەتی ئاساییان بەردەکەوێ". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵ، پێیوایە دواجار گۆڕان پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ.

بەڵام شێرکۆ جەودەت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی گوتی کە یەکگرتووش بەهەمانشێوە وردەکاری و پێوەرەکانی خۆی ئامادە کردووە بۆ گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان، بەڵام ڕەتیکردەوە باسی ئەو وردەکارییانە بکات.

شێرکۆ جەودەت، وای دەبینێ کە کاتێک گفتوگۆکان دەستپێدەکەنەوە، "پێش پرسی دابەشکردنی وەزارەتەکان قسە لەسەر کارنامەی حکومەت دەکرێ، ئێمە دەمانەوێ نێچیرڤان بارزانی، کارنامەی حکومەتەکەی بنووسێ و بینێرێ بۆ لایەنەکان تاوەکو ئەوانیش کارنامەی خۆیانی بدەنێ"، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نێچیرڤان بارزانی، هەفتەی پێشوو داوای لە لایەنەکان کردبوو کە کارنامەی خۆیانی بۆ بنێرن.

### نەوت و دارایی و پێشمەرگە نادرێنە گۆڕان

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، بە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی چاپی لەندەنی ڕاگەیاندووە کە پێشتر کۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کردووە و تێگەیشتووە لەوەی "جدییە لەسەر ئەوەی حکومەتی بنکەفراوان پێکبێنێ و چاکسازی ئەنجامبدات". پێدەچێ لەو کۆبوونەوەیەدا نێچیرڤان بارزانی، بە عەلی باپیری گوتبێ کە ژمارەی وەزارەتەکان زیاد دەکات بۆ ئەوەی جێگای لایەنەکانی دیکەش بکرێتەوە، چونکە بە ڕۆژنامەکەی گوتووە: "گرفتیان لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی کورسییەکان نییە".

بەڵام وەک سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "وا دەردەکەوێ پارتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و پێشمەرگە و دارایی و پەیوەندییەکانی دەرەوە نەداتە گۆڕان، بەوجۆرەش تەنیا وەزارەتی ناوخۆ و داد دەمێنێتەوە". ئەو سەرکردەیەی گۆڕان گوتیشی "پارتی هەندێک گرفتی لەگەڵ ئەوەش هەیە وەزارەتی پەروەردە بداتە ئۆپۆزسیۆن".

### تەنیا وەزارەتەکان دابەشدەکرێ

دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان داوای ڕادەستکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە یەکێتی کرد و دواتر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەو بابەتە نەکەنە هۆی گرژبوونی زیاتری دۆخی سلێمانی، ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان، داواکارییەکەی فراوانتر کردووە و دەیەوێ لە گەرمیان و هەڵەبجەش پۆستە ئیدارییەکانی ڕادەستبکرێ یان بکرێتە هاوبەش.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو، کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیشە، دەڵێ لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا باسی دابەشکردنەوەی پۆستی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان ناکرێ "تەنیا باس لە پۆستە ئیدارییەکانی سلێمانی کراوە و گوتراوە کە هەموو لایەک بەپێی ئەو ژمارانەی لە هەڵبژاردنی 2013/9/21 بەدەستی هێناوە، پۆستی پێبدرێ". ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، قسەکانی شێرکۆ جەودەت پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "ئەو پرسانە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە هەیە".

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، یەکێتی ڕازییە بەوەی پۆستەکانی نێوان خۆی و پارتی 50 بە 50 دابەشنەکرێن و بزووتنەوەی گۆڕانیش تاوەکو پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەستبەرداری داوای گۆڕینی پارێزگاری سلێمانی دەبێ. چونکە هەردوولا تێگەیشتوون لەوەی لە کاتی دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەتدا پۆستە ئیدارییەکانی سلێمانیش قسەیان لەسەر دەکرێ.

ڕێگای دیکە زۆرن بۆ دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان، یەکێکی دیکە لەو سیناریۆیانەی ئێستا لەبەردەست گۆڕاندایە، پۆستەکان ئاوا دابەشکراون (سەرۆکی حکومەت و 2 وەزارەتی سیادی –سامانە سروشتییەکان و پێشمەرگە- و 4 وەزارەتی خزمەتگوزاری بۆ پارتی) و (جێگری سەرۆکی حکومەت و 1 وەزارەتی سیادی – ناوخۆ- 3 وەزارەتی خزمەتگوزاری بۆ گۆڕان) و (سەرۆکی پەرلەمان و 1 وەزارەتی سیادی – دارایی- و 2 وەزارەتی خزمەتگوزاری بۆ یەکێتی).

### پارتی: لەبەشی خۆمان دەدەینە یەکێتی

پارتی چۆن هاوپەیمانەکەی ڕادەکێشێتە نێو حکومەتەوە کە بەڵێنی پێداوە بەپێی کورسی مامەڵەی لەگەڵ نەکات و لە هەمانکاتیشدا ئۆپۆزسیۆن پێیانڕاگەیاندووە کە نایانەوێ لەسەر حسابی ئەوان ئەوە بکات؟ عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: "لە بەشی ئۆپۆزسیۆن بەشی یەکێتی نادەین".

عەلی عەونی، هێما بۆ بەشێک لە قسەکانی نێچیرڤان بارزانی دەکات لەکاتی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح کاتێک گوتی یەکێتی هاوپەیمانی ستراتیژیی ئێمەن. عەلی عەونی گوتیشی "دەمانەوێ لەو قۆناغە بە هێمنی دەرباز بین، ئەگەر یەکێتی خۆی پێی خۆشبێ، پارتی لەبەشی خۆی حساب لەگەڵ یەکێتی دەکات کاتێک دەڵێ، بەپێی کورسی مامەڵەتان لەگەڵ ناکەین".

ڕووداو
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25

## کۆسرەت رەسوڵ : دەبێ خۆمان بسەلمێنینەوە



**ڕووداو– PUKmedia**

کۆسرەت رەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رایدەگەیێنێ لە ململانێی ناوخۆیی زەرەریان کردووە و دەبێ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان خۆیان بسەلمێنینەوە. کوسرەت رەسول گوتی" ئەوەی یەکێتی و مام جەلالی خۆش بووێ دەبێ خزمەتکردنی یەکێتی بەیەک بەرنامە ئامانجی بێ و یەکێتی دەتوانی زیندوو بێتەو". ناوبراو ئەوقسانەی لە کاتی مەراسیمی دەستبەکاربوونی رزگار عەلی، وەک لێپرسراوی تازەی مەڵبەند ٣ی یەکێتی کرد، کە 2013/11/24 لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

# "دیداری بارزانی و نەوشیروان مستەفا بۆ گەیاندنی هەندێ پەیامە"

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

کۆبوونەوەی نێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە کۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی دەبێت و ئەمڕۆ (دووشەممە 11/25/ 2013) لە شارۆچکەی پیرمام بەڕێوەدەچێت، بە یەکەم کۆبوونەوەی لەوجۆرە دادەنرێ لە نێوان ئەو دوو سەرکردەیە دوای کۆبوونەوەکەی مانگی 11ی ساڵی 2011 کە لە سلێمانی لەماڵی ڕێکخەری گشتیی گۆڕان بەڕێوەچوو. لەکاتێکدا هەندێک بە گومانەوە لەو کۆبوونەوەیە دەڕوانن، هەندێ لایەنی دیکە لەبارەی ئەگەری ڕێککەوتنی دووقۆڵی هۆشداری دەدەن.

مەسعود بارزانی، لە ڕێگەی نێچیرڤان بارزانی، کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی نوێ و بە زارەکی داوای لە نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کردبوو سەردانی بکات. زۆری نەخایاند ئەو داوەتنامەیە قبوڵکرا و ئەو کۆبوونەوەیە ئەمڕۆ سازدەکرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نەوشیروان مستەفا کە بەتەنیا سەردانەکە ئەنجام دەدات و هیچ شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان یاوەری نابێ لەو سەردانەدا، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی، نانی نیوەڕۆش پێکەوە دەخۆن و دواتر سەردانی نێچیرڤان بارزانی دەکات و مەسەلەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و بەشی گۆڕان لەو حکومەتەدا تاوتوێ دەکرێ.

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ژمارەی وەزارەتەکان وەک خۆی بمێنێتەوە کە 18 وەزارەتن، بزووتنەوەی گۆڕان داوای چوار وەزارەت دەکات، کە یەکێکیان سیادی دەبێ".

ئاواتی شێخ جەناب، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە سەردانەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ لای بارزانی ئەنجامی دەبێ "دوای توانەوەی هەموو بەستەڵەکێکی سیاسی، خەڵک ئۆمێدی لەسەر هەڵدەچنێ".

ئاواتی شێخ جەناب، کە یەکێکە لە هەڵسوڕاوە دیارەکانی گۆڕان، گوتیشی "ئەوەی شارەزاییمان هەبێ لەسەر ڕەفیقەکەی خۆمان (نەوشیروان مستەفا) سەردانی موجامەلە ناکات و خۆی وایە، بۆ هەر سەردانێک ئەگەر ئەنجامی هەبێ ئەوا سەردانەکە دەکات و ئەگەر ئەنجامی نەبێ نایکات". گوتیشی "لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو سەردانە باشە، چونکە هەر هیچ نەبێ بەستەڵەکی پەیوەندی نێوان گۆڕان و پارتی دەتوێتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نەوشیروان مستەفا لەو سەردانەدا مەسعود بارزانی دڵنیا دەکاتەوە کە ئەگەر گۆڕان بەشداربوو لە حکومەت ئەوا ناکشێتەوە. دڵنیاکردنەوەی پارتی لەلایەن گۆڕانەوە دوای ئەوە دێ کە پارتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەترسی خۆی لە کشانەوەی کتوپڕی گۆڕان لە حکومەتی ئایندە نیشان دابوو.

دوای هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25، بۆ یەکەمجار مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 2011/11/22 سەردانی شاری سلێمانی کرد و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆبووەوە. دوای ئەو کۆبوونەوەیە، وەکو وڵامدانەوەیەک بۆ سەردانەکەی بارزانی بۆ سلێمانی بە پێنج مانگ واتە لە 2013/4/24 نەوشیروان مستەفا سەردانی بارزانیی کرد لە پیرمام.

هەروەها لە 2013/1/17 نەوشیروان مستەفا لەگەڵ هەریەک لە محەممەد فەرەج ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبوونەوە. بەڵام ئەمجارە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بە تەنیا دەچێتە لای بارزانی.

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو دیدارە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کۆبوونەوەکەی نێوان سەرۆک بارزانی و کاک نەوشیروان گرنگییەکی زۆری هەیە. گوتیشی کە ئەو دیدارە بۆ دانوستاندن نییە "بەڵکو سەردانەکە زیاتر بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە و گەیاندنی هەندێ پەیامە". لەبارەی ئەو لایەنەش کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێ، گوتی "هەندێ پەیام دەگەیەنێ، بەتایبەتی بۆ دەرەوە کە کورد یەک ریزەو ئەگەر یەکیشنەگرن ئەوا بیرکردنەوەیان یەکە".

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی دڵنیایی دا کە "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر حیسابی هیچ لایەنێک، نە یەکێتی و نەهیچ لایەنێکی دیکە لەگەڵ کاک نەوشیروان کۆنابێتەوەو ئەوە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناوەشێتەوە".

بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی وەک مەترسییەک لە هەر ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی نێوان پارتی و گۆڕان دەڕوانێ.

محەممەد حەکیم، گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە سەردانەکە بە باش دەزانین، بەڵام هەر ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی بکرێ باش نییە و بارودۆخی کوردستانیش ئەوە هەڵناگرێ".

بەرپرسەکەی کۆمەڵی ئیسلامی کە ماوەی چوار ساڵە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندان، لە گرنگی سەردانەکەی نەوشیروان مستەفا کەم کردەوەو گوتی "لە حاڵەتی پێکهێنانی حکومەتدا ئەو جۆرە سەردانانە دەبن، تەسەورم وایە بارزانی وەکو سەرۆکی لیستی براوە تەکانێکی زیاتر بەو حکومەتە بدات کە گۆڕانیش تێیدا بەشدار دەبێ و پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕانیش ئاسایی ببنەوە".

بەرپرسێکی باڵای یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش نەیشاردەوە کە ئێستا لە نێو حیزبەکەیدا بە گەرمی باسی سەردانی نەوشیروان مستەفا دەکرێ بۆ لای بارزانی.

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "ئێستا لەنێو یەکێتی کەس برا گەورە نییە و سێ ناوەندی بڕیاردان هەن (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کۆسرەت رەسوڵ، بەرهەم ساڵح) پارتیش نازانێ لەنێو یەکێتیدا مامەڵە لەگەڵ کێ بکات، بۆیە ناحەقی نییە مامەڵە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بکات". ئەوەشی نەشاردەوە کە "یەکێتی لەو کۆبوونەوەیە بە گومانە".

هەر لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم کۆبوونەوەیە چارەنووسی گۆڕان دیاری دەکات کە ئایا بەشداری حکومەتی داهاتوو دەکات یان نا".

سەبارەت بە هەڵوێستی یەکێتی لە نزیکبوونەوەی پارتی و گۆڕان کە چەندە لەسەر حیسابی یەکێتی دەبێ. ئەسەسەرد گوتی "ئەگەر کۆبوونەوەکەی نێوان بارزانی و کاک نەوشیروان سەرکەوتووبوو ئەوا پارتی سیاسەتی هاوسەنگی لە نێوان گۆڕان و یەکێتی بەکاردێنێ". گوتیشی "ڕەنگە هەوڵدانێکیش هەبێ بۆ لێکتێگەیشتنێکی تایبەت لە نێوان پارتی و گۆڕان".

ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی باسی چارەنووسی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان حیزبەکەی و پارتی کرد "ئەگەر پارتی و گۆڕان گەیشتنە ڕێککەوتنێک، ئەوا دەبێ پارتی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی فۆرمەلە بکاتەوە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش قسەی خۆی هەیە لەبارەی دیداری بارزانی و نەوشیروان مستەفا و دەڵێ "هیچ ترسێکمان لەو دیدارە نییە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو نزیکبوونەوەیەک بە باش دەزانین". هەڵەدنی ئەوەشیگوت کە حیزبەکەی لایەنگری نزیکبوونەوەی نەوشیروان مستەفاو مەسعود بارزانییە "دەستخۆشیمان لەو هەنگاوە کردووە".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو هەڵوێستی حیزبەکەی لەو سەردانە ڕوونکردەوە و گوتی "هیچ تێڕوانینێکی پیلانگێڕی و هیچ ترسێکمان لەو سەردانە و کۆبوونەوەی نێوان بارزانی و نەوشیروان مستەفا نییە، چونکە پارتی و گۆڕان پێکەوە لە پەرلەمانی کوردستان 62 کورسییان هەیە و یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنن، بۆیە هەرێمی کوردستان سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ ئەگەر ئەو دوو لایەنە لێکتێگەیشتنێکی باشیان نەبێ".



وێنەیەکی کۆنی مەسعود بارزانی و حاکم قادر حەمەجان و نەوشیروان مستەفا

**فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:**
**ڕەنگە هەوڵدانێک هەبێ بۆ لێکتێگەیشتنێکی تایبەت لە نێوان پارتی و گۆڕان**

**یەکگرتوو: تێڕوانینێکی پیلانگێڕیمان بۆ کۆبوونەوەی بارزانی و نەوشیروان مستەفا نییە**

**کۆمەڵ: هەرێمی کوردستان هیچ ڕێککەوتنێکی دووقۆڵی هەڵناگرێ**

## کەس وەڵامی یاداشتەکەی نەداوەتەوە

# ڕووداو ناوەڕۆکی دەستپێشخەرییەکی سەڵاحەدین بەهائەدین ئاشکرا دەکات



**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی نامەیەک بۆ سەرکردەی یەکەمی پێنج هێزی سەرەکی لەهەرێمی کوردستان و هەر یەک لە نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم ساڵح دەنێرێ و دەستپێشخەرییەک دەخاتە ڕوو، بەڵام وەڵامی دەستپێشخەرییەکە نەدرایەوە.

### داوای پشتگیری دەکات

سەڵاحەدین بەهائەدین لە 2013/10/17 یاداشتێکی سێ لاپەڕەیی لەسەر دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو نووسیوە بۆ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆسرەت رەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی، محەممەد فەرەج ئەمینداری یەکگرتوو و عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و داوای کردووە "پشتگیری" لە هەوڵەکانی بکەن.

### "دۆخەکە هەستیارە"

بەهائەدین دۆخی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکان بە دۆخێکی "هەستیار" ناودەبات و دەپرسێ "ئایا چارەسەر لەوەدایە بەیەکدییەوە سەرقاڵ بین و تواناکان بە سووککردن و ناوزڕاندن و ناشیرینکردنی یەکدی بەفیڕۆ بدەین؟". یان لەم ساتەوەختە ناسکەدا "تفەنگی ئەم جەنگە دەروونی و قەڵەمی ئەم شەڕە ناوخۆیی و لاوەکییە بوەستێنین و پێکەوە بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، بە میدیاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە مل بدەین بەخواستی جەماوەری گەلەکەمان و دان بە بوونی یەکدیدا بنێین".

### هۆشداری دەدات

سەڵاحەدین بەهائەدین، پرسیار دەکات کە ئایا لایەن و لیستە براوەکان چی بکەن لەگەڵ پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟. هەروەها لە یاداشتەکەدا نووسیویەتی کە لە ماوەی 22 ساڵی ڕابردوو "شەرەفی بەشداری ئیجابی" لە ئەزموونی سیاسی کوردستاندا هەبووە. پێشنیارەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو و داواش دەکات "دوور لە حەساسیەتی حیزبی و شەخسی بە هانای بانگەوازەکەوە بێن".

هاوکات هۆشدارییەکی توند دەداتە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە دۆخەکە بەشێوەیەک دەڕوات لەدەست هەموو لایەک دەردەچێ و دەڵێ "ئەم حاڵەتی گرژی و لەیەک خوێندن و بێ متمانەیی و تۆمەت بەخشینەوەیە لە ئاستێکدایە بووەتە جۆرێکی دیکە لە شەڕی ناوخۆ و دەرگای هەموو دەرەنجامێکی سەخت و دژوار لەخۆی دەکاتەوەو دەچێ بەرەو فەوزا و سەرگەردانی سیاسی و پەرەسەندنی بازنەی گەندەڵی و توندوتیژی و تاکڕەوی و خەرقی ئەمنی و زاڵبوونی هەستی نائومێدی و نابەرپرسیارێتی و خەمساردی هاووڵاتی".

بەهائەدین کە لەساڵی 1994 یەکگرتووی ئیسلامی دامەزراندووەو تاوەکو کۆنگرەی شەشەمی ئەو حیزبە کەسی یەکەمی یەکگرتوو بووە دەڵێ "ئەگەر بمانەوێ خوێندنەوەی واقیعی بۆ ئەم وێستگەیە، بەتایبەت ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەین، دەتوانین بەرنامەیەک بۆ قۆناغی نوێی ئەزموونە سیاسییەکەمان دیاری بکەین".

**کۆمەڵی ئیسلامی: دیراسەتی یاداشتەکەمان نەکرد**

### کۆمەڵ دیراسەی نەکردووە

بەڵام گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە پێشنیازی پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان شتێکی نوێ نییە، چونکە "هەموو لایەنێک کۆکین لەسەر ئەوەی حکومەتێکی بنکەفراوان پێکبهێنرێ".

محەممەد حەکیم، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی یاداشتەکە بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ گفتوگۆیەکمان لەسەر نەکردووە، هەر باسیش نەکراوە". گوتیشی "لایەنەکان کۆبوونەتەوە، گفتوگۆکان دەستیان پێکردووە و هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی حکومەتێکی بنکە فراوان دروست بکرێ".

### "دەستپێشخەرییەکە خراپ نییە"

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هێزی براوە و یەکەمی هەڵبژاردنەکان کە ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی لە ئەستۆدایە، پێیوایە سەلاحەدین بەهائەدین ڕۆڵێکی "کاریگەر"ی هەیە.

ئەحمەد کانی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەر دەستپێشخەرییەک بکرێ بۆ یەکریزی کورد شتێکی باشە و خراپ نییە". گوتیشی "جەنابی سەڵاحەدین بەهائەدین ئێستاش کاریگەری لەسەر یەکگرتوو هەیە، بۆیە دەکرێ ڕۆڵی خۆی ببینێ".

**یەکگرتوو: بەداخەوە وەڵامی یاداشتەکەیان نەدایەوە**

### یەکگرتووش دیراسەی نەکردووە

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبارەی یاداشتەکە بە (ڕووداو)ی گوت "یاداشتەکە گەیشتووە، بەڵام بەفەرمی لە مەکتەبی سیاسی دیراسەی نەکراوە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو ڕەخنە لە حیزبە کوردستانییەکان دەگرێ کە ئەو یاداشتەیان بە هەند وەرنەگرتووە و گوتی "بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە هیچ دەستپێشخەرییەک بە هەند وەرناگیرێ، هەر هیچ نەبێ وەڵامی یاداشتەکەیان دابایەوە".

### گۆڕان: دەمێکە باسی ئەو خاڵانەمان کردووە

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بایەخی ئەو یاداشتەی کەم کردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕان پێشتر ئەو خاڵانەی باس کردووە کە سەڵاحەدین بەهائەدین لە یاداشتەکە باسی کردوون".

ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان کە دەڵێت تەواوی یاداشتەکەی خوێندووەتەوە، گوتی "هەموومان باسی حکومەتی بنکە فراوان دەکەین و لەنێو گۆڕانیش کەسی وامان هەیە دەمێکە ئەو بیرۆکە و پێشنیازانەی خستووەتەڕوو کە ئێستا سەڵاحەددین بەهاددین باسی دەکات، بۆیە یاداشتەکە پێویست ناکات چونکە گفتوگۆکان دەستیان پێکردووە و هەموو لایەنێک بە ڕوون و ئاشکرا باسی پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان دەکەن.

**گۆڕان: ئەوەی لە یاداشتەکەدا هاتووە دەمێکە باسمانکردووە**

### شەش پێشنیازەکەی سەلاحەددین بەهائەددین

یەکەم: لاپەڕەیەکی تازە هەڵدرێتەوە لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن و هەڵوێستگرتن لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، هەروەها وەلانانی گومان بەخشینەوە و دادگایی پێشوەختە و قەتیسبوون لە مێژوودا، بەڵکو مامەڵەی سەردەمیانە بە ڕێز و قبوڵکردنی یەکدی بەپاراستنی بە ماف و ئەرکەکانەوە.

دووەم: پێکهێنانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆک لیژنەکان لە هێزە براوەکان بەشێوەیەکی تەوافوقی و بۆ چەسپاندنی پەرلەمانێکی کارا و سەربەخۆ و چاودێر.

سێیەم: پێکهێنانی کابینەیەکی هاوبەشی بنکەفراوان بۆ حکومەت لە هەموو براوە سەرەکییەکان

چوارەم: لەهیچ دۆخێکدا بیر لەوە نەکرێتەوە لایەنێک لەو پێنج حیزبە سەرەکییەی براوەی هەڵبژاردن لە دەرەوەی کابینەی حکومەتەوە بهێڵرێتەوە، چونکە ئەگەری سەرنەگرتنی سەقامگیری حکومەتەکە زۆرە.


پێنجەم: مەرج سەپاندن لە ئارادا نەبێ.

شەشەم: لیژنەیەک لە کەسایەتی سیاسەتمەداری بێلایەن و مەقبول لەلای هەمووان، دەتوانێ تاوتوێی ئەم خاڵانە لەگەڵ لایەنەکان بکات و کاتەکە کورت بکاتەوە بۆ دانوستاندنی فەرمی سەرۆکایەتی حکومەت لەگەڵ لایەنەکان.

لەکۆتای یاداشتەکەدا، سەڵاحەدین بەهائەدین داوا دەکات کە سەرنج و پێشنیارەکان بە"هەند وەربگرن".

رووداو
کوردستانی
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25

## منداڵانی عەفرین هێشتا پۆشاکی بەعس لەبەردەکەن




**رووداو- عەفرین**

هێشتا قوتابیانی قوتابخانەکانی عەفرین ئەو پۆشاکە دەپۆشن کە دروشمی "امە عربیە واحدە ... ژات رسالە خالدە"ی حیزبی بەعسی سووری لەسەرە. هەفتەی رابردوو ئاژانسی هەواڵی هاوا لە هەواڵێکدا بەناوی "لە عەفرین سەرباری هەموو بەربەستەکان، پرۆسەی پەروەردە بەردەوامە"، چەند وێنەیەکی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی بڵاوکردەوە کە تێیدا هێماکانی ئەو رژێمە بەعسییە بەباشی دیارە. واتە دوای تێپەربوونی ساڵێک و نیو بەسەر کشانەوەی رژێمەکە لە هەرێمی کورداخ، هێشتا سیمبولەکانی ئەو رژێمە لەسەر جلوپۆشاکی قوتابیانی ئەو هەرێمەدا هەیە.

### محەممەد نوریزاد، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێرانی:

# هەتا نەهاتمە کوردستان نەمدەزانی دیموکرات وازی لە چەک هێناوە




**رووداو- هەولێر**

محەممەد نوریزاد، دەرهێنەر و کەسایەتی سیاسی بەناوبانگی ئێرانی بەهەڵگرتنی ئاڵای سپی، رۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر دەکاتەوە و داوای لێبووردن لەکوردی ئەو پارچەیە دەکات.

نوریزاد کە سەردەمێک دژی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سیناریۆی فیلمی "گلها و گلولەها"ی دەنووسی، ئەمڕۆ دەڵێت هەست بە شەرمەزاری دەکات بەرامبەر بە کورد. ئەو یەکێک بوو لەلایەنگرە هەرە دیارەکانی رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی. لەرۆژنامەی "کیهان" کە رۆژنامەی فەرمی حکومەتی کۆماری ئیسلامییە، دەیان وتاری لەدژی لایەنە ریفۆرمخوازەکانی ناو حکومەتی ئێران نووسیوە. رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرکۆماریی ئێران وای لێکرد کە بکەوێتە بەرەی دژ بە دەسەڵات و بەو هۆیەشەوە بکەوێتە بەندیخانە.

محەممەد نوریزاد، لەم رۆژانەدا گەشتێکی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کرد بەناوی "گەشتی ئاشتی و دۆستایەتی". پاشان وتارێکی لەبارەی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان نووسی کە بووە جێی سەرنجی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران. دوای گەشتەکەی، (رووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

**رووداو: بەرلەوەی سەردانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەی، چ تێڕوانینێکت بەرامبەر رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو؟**

**نوریزاد:** روانینی من بۆ ناوچە کوردنشینەکان زۆر خاو و رۆژنامەنووسانە بوو. روانینی من لە راگەیاندنەکان و خوێندنەوەکانی حکومەت، یا لێکدانەوەی تایبەتی ئەو کەسانەی سەردانیان کردبوو، سەرچاوەی دەگرت. ئەمەش هیچ لەگەڵ راستییەکانی کوردستاندا یەکی نەدەگرتەوە. بۆیە کاتێک خۆم هاتم بۆ کوردستان هەموو ئەو شتانە گۆڕانی بەسەرداهات و واقیعی کوردستانم وەک خۆی بینی؟

**رووداو: تێڕوانینی تاران بەرامبەر رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟**

**نوریزاد:** ئەو روانینەی بەرامبەر کوردستان هەیە وەک ئەو روانینەیە کە رۆژئاواییەکان بەرامبەر ئێران هەیانە. ئەو روانینەی بەرامبەر کوردستان و بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان هەیە، روانینێکی ئەمنییە. واتە ئەوان چەند نوێنەرێکیان هەیە و لە چوارچێوەی حیزبەکاندا دەستیان داوەتە چەک و مەترسییان بۆ خەڵک و ناوچەکە دروست کردووە، سوپای پاسداران لەگەڵا ئەمانە تووشی تێکهەڵچوون هاتووە. ئەمانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی کوردستان قەت گەشە نەکات. هەر ئەمانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی لاوێکی کورد بە هیواکانی نەگات. بەڵام ئەمانە هەموو ئەفسانەی دروستکراون، بۆ ئەوەی رێکخستنە ئەمنییەکانی ئێمە ئەو رێگەیەی کە مەبەستیانە درێژەی پێبدەن. ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئەو شتە نییە کە لە کوردستاندا هەیە. خوێندنەوەکانی حکومەت یان ئەو شتەی لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێرانەوە نیشان دەدرێ، تەواو لەگەڵ راستییەکان ناتەبایە.

**رووداو: بۆ نەهێشتنی روانینی ئەمنی بۆ کوردستان دەبێت چی بکرێ؟**

**نوریزاد:** من بەر لەوەی بێمە کوردستان، بەڕاستی نەمدەزانی کە حیزبی دیموکرات وازی لە چەک هێناوە و رووی کردووەتە کاری کەلتووری و سیاسی. یان نەمدەزانی کە کۆمەڵە ئیدی نایەوێ خەباتی چەکداری بکاتەوە. ئەمانە فاکتەری زۆرباشن تا روانینمان بۆ داهاتووی کوردستان بگۆڕین. بەهەرحاڵ رێکخستنێکی گەورە کە لە کوردستان لەشێوەی حیزبەکاندا هەیە، ئەمانە سیاسەتی چەکدارانەیان وەلاوە ناوە و پشتگیری لە وتووێژ دەکەن. ئەگەر گرنگی بە وتووێژ بدرێ دەبێت لە بەرامبەر دانانی چەکی ئەو لایەنانەدا هەندێ ئیمتیازیان پێبدرێ. من دەڵێم تاوەکو رێز لە مافە رەواکانی گەلی کورد نەگرین، ناتوانین رق و کینە بەرامبەر کورد بسڕینەوە. بۆ نموونە خەڵکی کوردی ئێمە دەیانەوێ لە تاران مزگەوتیان هەبێت. ئێمە پێمان خۆش بێت یان نا، راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئێمە دەبێت گرنگی بە ویستی کورد بدەین. هاتنەدی ئەمجۆرە داواکارییانە شتێک نییە کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا نەگونجێن، یان کۆڵەکەکانی کۆماری ئیسلامی بخەنە لەرزە. بەپێچەوانەوە ئێمە بە گرنگیدان بەو ویستانە دەتوانین ئاسایش و هێمنی دابین بکەین. ئەگەر ئاسایشی کوردستان بە خەڵکەکەی خۆی بسپێرین دڵنیام یەک گوللەش ناتەقێ.

**رووداو: لەم رۆژانەدا لەگەڵ یەکێک لە رێبەرانی حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان قسەم دەکرد، دەیگوت ئامادەین ئەگەر دەرفەتی چالاکی ئازادانەمان هەبێت بگەڕێینەوە، پێتوایە لە ئێراندا ئەو دەرفەتە هەبێت، وەکو تورکیا کرانەوەیەک بێتە ئاراوە؟**

**نوریزاد:** ئەگەر لە من دەپرسی! ئەوە ئاواتی منە. کۆمەڵگا و هەموو خوێندکاران ئەمەیان دەوێ کە حیزبەکانی کوردستان وەک حیزب بگەڕێنەوە. چالاکییان هەبێت، خواستی لایەنگرانیان جێبەجێ بکەن، ئەمە ئاواتی منە و هەر ئەوەش پێشنیاز دەکەم کە لێبووردنێکی گشتی رابگەیەندرێ، هەموو چەکەکانیان دانێن و هەموو لە چوارچێوەی حیزبدا ویستەکانیان باس بکەن و سیستمی کۆماری ئیسلامیش رێز بۆ ئەم شتانە دانێت و لایەنی بەرامبەری دڵنیا بکاتەوە.

بەڵام جگە لە روانینی ئاشتیخوازەکان، روانینێکی ئەمنی هەیە کە ئەویش روانینی سوپای پاسدارانە، ئیتلاعات و نووسینگەی رێبەرییە. ئێمە ئاگامان لەوانە نییە، رەنگە ئەوان پێیان خۆش بێت کە لە ناوچەکە هەمیشە روانینێکی ئەمنی هەبێت و ئاسایش و ئارامی لە کوردستان بوونی نەبێت.

**رووداو: چالاکانی کورد دەڵێن، رۆشنبیران و توێژی زانکۆیی ئێرانیش هەمان روانگەی دەسەڵات و بەرپرسانیان بۆ کوردستان هەیە، پێتوایە ئەگەر ئەوانیش بێنە کوردستان بۆچوونیان بگۆڕێ؟**

**نوریزاد:** بێگومان. هەر کەس کە روانگەیەکی نەرێنی بەرامبەر کوردستان هەیە، لەبەر ئەوەیە کوردستانی نەناسیوە. بۆ نموونە روانگەی منێک کە هەمیشە سەرم لە نێو کتێب و توێژینەوە و شرۆڤەدایە، بە هاتنم بۆ کوردستان هەموو بۆچوونەکانم بەرامبەر کورد گۆڕان.

**رووداو: ئێوە ناوی "ئاشتی و دۆستایەتی"تان لەگەشتەکەتان نا، بۆچی؟**

**نوریزاد:** ئەم سولح و ئاشتییە هیچ پەیوەندییەکی بە خەڵکی کوردستانەوە نییە. ئەم ئاڵایەم بۆ ئیتلاعات و سوپای پاسدارانە کە هەمیشە دەیانگوت ئێوە نابێت بچن بۆ کوردستان، چونکە لەوێ شەڕ و ئاژاوە دەنێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر خوێندکارەکان چالاکییەک دەکەن، ئەوان دەڵێن ئەوە بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتییە و هەڕەشەیە لە ئاسایشی نەتەوەیی.

> **دوای سەردانەکەم بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بۆچوونم بەرامبەر کورد گۆڕا**

> **ئەوەی لە میدیای ئێرانییەوە لەبارەی کوردستان دەگوترێ تەواو پێچەوانەیە**

### نوێنەرێکی کوردی پێشووی پەرلەمانی ئێران:

# حکومەتی رووحانی خۆی بە قەرزداری کورد دەزانێت

## کورد دەبێت لەگەڵ مەرجەعە شیعەکان دابنیشێ



**فواد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

حاسڵ داسە، نوێنەری پێشووی شارەکانی سەردەشت و پیرانشار لە پەرلەمانی ئێران، لە 100 رۆژەی دەسەڵاتی حەسەن رووحانیدا دەڵێت "ئەوەی خەڵک چاوەڕوانی دەکرد نەهاتووەتە دی، بەڵام ئێستا لە حکومەتدا دەنگمان لایەنگری هەیە".

ناوبراو پێیوایە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر بارودۆخیدا بێت پێویستە لەگەڵ مەرجەعە ئایینییەکانی شاری قوم دابنیشێ".

حاسڵ داسە کە لە چەند رۆژی رابردوودا چاوی بە جێگری یەکەمی حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران کەوت، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت "لە ئێراندا سەرچاوەی دەسەڵات زۆرن، بەڵام کورد تەنیا لە پەرلەمان و دەزگای سەرۆک کۆماریدا دەتوانێ قسەی خۆی بکات و مەرجەعە ئایینییە شیعەکانی شاری قومی لەبیرکردووە کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی ئەو وڵاتە زۆرە و کلیلی چارەسەرییان بۆ زۆر پرس هەیە".

حاسڵ داسە، کە چالاکوانێکی سیاسی کوردیشە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەم ماوەیەدا هەوڵی داوە سەرنجی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ مافە سەرەتاییەکانی کورد راکێشێ و چەندین دانیشتنی لەگەڵ جێگری سەرۆک کۆماری ئێران و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی رووحانی ئەنجام داوە.

داسە گوتی "لەو دانیشتنانەدا پێمانگوتن ئەگەر حکومەت هەڵسوکەوتی دۆستانەی لەگەڵ کورد نەبێت، خۆی زەرەر دەکات و کورد متمانەی پێی نامێنێ".

بەگوتەی داسە "حکومەتی رووحانی خۆی بە قەرزداری کورد دەزانێت". پارێزگای سنە دووەمین پارێزگای ئێران بوو کە زیاترین دەنگی بە حەسەن رووحانی دا. هەندێ لە شارەکانی کوردستان تەنانەت بە رێژەی 84%دەنگیان دایە رووحانی. ئەو لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکی نووسراوی 10 خاڵیدا بەڵێنی بە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دا کە کۆتایی بە جیاوازیکردن و هەڵاواردن بهێنێ.

رێگە بەو نەتەوانە دەدات بە زمانی دایکیان بخوێنن و ژێرخانی ئابووری کوردستان دەبوژێنێتەوە، هەروەها بەڵێنی دابوو جێگرێک بۆ کاروباری نەتەوەکان دیاری بکات، بەڵام دواتر راوێژکارێکی دیاری کرد کە ئەمەش رەخنەی چالاکانی کوردی بە دواداهات، لەبەرئەوەی راوێژکار وەک جێگر کاریگەر نییە.

سەبارەت بە لەسێدارەدانی گیراوانی سیاسی کورد و گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی کورد بە ناوەندی دەسەڵات لە ئێران، حاسڵ داسە دەڵێ "بە تەواوی قسەی ئێمەیان قبوڵە و ئەوانیش ناڕازین و پێیان ناخۆشە، لە ئێراندا حکومەت لە زۆر پرسدا ناتوانێ قسەی یەکەم بکات. ناوەندی دەسەڵاتی دیکە هەیە کە رێگە بە حکومەت نادەن بەو جۆرەی کە دەیەوێ کار بکات و تەنانەت هەڕەشەشی لێدەکەن".

دوای لەسێدارەدانی سێ چالاکی سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، عەلی یونسی راوێژکاری حەسەن رووحانی بۆ کاروباری نەتەوە و کەمە ئایینییەکان لە ئێران رایگەیاند "رەوتە توندڕەوەکان ئەو گیراوە کوردانەیان لەسێدارە داوە".

بەگوتەی ئەو نوێنەرەی پێشووی پەرلەمانی ئێران، گەرچی چاوەڕوانی کورد لە دانانی بەرپرسی کورد و کرانەوەی کەشی سیاسی و تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ کوردستان، نەهاتووەتەدی، بەڵام گۆڕانکاریش هەبووە "بۆ نموونە وەک پێشتر هەموو شتێک رۆژ لەدوای رۆژ گرانتر نابێت و خەڵک لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ورەی بەرزتر بووەتەوە".

سەبارەت بە دانەنانی بەرپرسانی کورد، بەگوتەی حاسڵ داسە، لایەنی دیکە رێگە نادەن حکومەت سوود لە تواناکانی کورد وەربگرێ. بەڵام حکومەتیش ترسی هەیە لەوەی کە بەشتی دیکە تۆمەتبار بکرێ. ئەو پێیوایە کە لە نێو دەسەڵات لە ئێراندا چەند بەرەیەک هەیە "ئەو بەرەیەی لە دەرەوەی حکومەتی رووحانییە هێشتا قبوڵ ناکات کورد دەسەڵاتی هەبێ".

هەر ماوەیەک دوای هاتنەسەرکاری رووحانی ناڕەزایەتییەکان و دژایەتییەکان لەنێو باڵە توندڕەوەکانی دەسەڵاتی ئێراندا پەرەی سەند.

باڵی توندڕەوەکان لە کاتی متمانەدان بە کابینەی رووحانی لە پەرلەمان، متمانەیان بە سێ وەزیری کابینەکەی رووحانی نەدا.

وەزیری ناوخۆ کە ئەویش لە باڵی موحافیزکارانە (کە بە باڵی توندڕەو ناسراوە) بۆ دانانی پارێزگارەکان ناکۆکی لەگەڵل رووحانی هەیە، بەو هۆیەش دانانی پارێزگارەکان دواکەوتووە.

سەبارەت بە کرانەوەکانی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد، حاسڵ داسە دەڵێ "ئێمەش لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ بەرپرسان، تورکیا بە نموونە دەهێنینەوە. بەڵام ئێران و تورکیا جیاوازن. لە تورکیا پرسی شیعە و سوننە نییە، ژمارەی کورد لەوێ زۆر زیاترە، حیزبەکان چالاکی ئازادانەیان هەیە و تورکیا چاوی لە ئەندامێتی یەکێتیی ئەورووپایە".

# لە کۆبانێ ماڵی یۆنانی- کوردی دادەمەزرێت

**رووداو- کۆبانێ**

بەپاڵپشتی و هاوکاریی کومەڵەی رۆشنبیری و هونەرمەندانی یۆنانی بۆ یارمەتیدانی منداڵانی رۆژئاوای کوردستان، ناوەندێک بە ناوی ماڵی یۆنانی- کورد لە شاری کۆبانێ دامەزرا کە خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و پەروەردە پێشکەشی منداڵانی بێسەرپەرشت دەکات.

دامەزراندنی ئەو ماڵە، ئەنجامی ئەو دانوستاندنە بوو کە لە نێوان چەند کوردێکی کۆبانێ لە یۆنان لەگەڵ کۆمەڵەی رۆشنبیری و هونەرمەندانی یۆنانی ساز کرا.

رەوشەن موسلیم، سکرتێری ئەو ناوەندە گوتی "کەسوکارمان لە یۆنان پەیوەندییان پێوەکردین کە ئامادەن یارمەتی منداڵانی بێسەرپەرشت بدەن و یارمەتی مرۆیی وەکو دەرمان و کەرەستەی تەندروستی بۆ نەخۆشخانەکانی دەڤەری کۆبانێ دابین بکەن، هەروەها گوتیان ئەو پزیشکە کوردانەی لە یۆنانن ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان".

ناوەندەکە بە پاڵپشتی کۆمەڵەی رووناکبیری و هونەرمەندانی یۆنانی هاوکاری پێشکەشی ئەو منداڵانە دەکات. ئەو کۆمەڵە یۆنانییە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین یارمەتی پەیوەندی بە سەرمایەداران و دەستڕۆیشتووانی یۆنانەوە دەکات.

رەوشەن دەڵێت ئەو ماڵە جگە لەوەی کۆمەک پێشکەشی منداڵانی رۆژئاوا دەکات، لە هەمانکاتدا دەبێتە پردێکی پەیوەندیش لە نێوان گەلی کورد و یۆنان.

مامۆستایەکی ئەو ناوەندە دەڵێت ماڵی کوردی- یۆنانی یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوەیە کە زمانەکانی یۆنانی، ئینگلیزی، کوردی، فارسی و عەرەبی فێری ئەو منداڵانە بکات، ئاستی خوێندنیش لەو ناوەندە لە یەک تا پۆلی نۆی بنەڕەتییە.

## مالیکی ناوی لە تۆماری دەنگدەران نوێ دەکاتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕۆژی 2013/11/24 لە یەکێک لە بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە شاری بەغدا، ناوی خۆی نوێ کردەوە، وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق. سەرۆک وەزیرانی عێراق جەخت لەسەر گرنگی ناسنامەی ئەلیکترۆنی دەکاتەوە تاوەکو ڕێگری لە یاری کردن بە دەنگەکان بکرێ و هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد ئەنجام بدرێ. هاوکات نوری مالیکی هانی هاووڵاتی دا، کە بچن ناوی خۆیان نوێ بکەنەوە تاوەکو مافی بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردن نەفەوتێ.

### پرۆفیسۆر د.ئودۆ شتاینباخ، پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ (ڕووداو):

# ئەگەر بارزانی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت کۆتایی بە دەسەڵاتی دێت

پرۆفیسۆر د.ئودۆ شتاینباخ، پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت ڕووسیا هەوڵدەدات لە ناوچەکەدا بەهێزتربێت، هەر لەبەرئەوەشە گرنگی بە کوردی سووریاش دەدات. هەروەها پێیوایە کە بەشار ئەسەد بەباشی کارتەکانی بەکاردێنێت. لەبارەی باشووری کوردستانیش دەڵێت ئەگەر مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بهاوێ، کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆی دێنێ. ناوبراو زۆر پەرتووکی نووسیوە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ساڵی 2012ەوە سەرۆکی زانکۆی " Governance Center Middle East/North Africa an der HUMBOLDTە لە بەرلین.

هەڤپەیڤین: ڕەشاد ئۆزکان
ڕووداو- بەرلین

**ڕووداو: ئەسەد چەندی دیکە لەسەر دەسەڵات دەمێنێتەوە؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** من پێموانییە بەهۆی ئەم هێزانەی ئێستا چارەسەرییەک بێتە دی. ڕەوشەکە ئەوە پیشاندەدات کە گۆڕانکاری ڕوونادات. ئەسەد لە ماوەیەکی نزیک یان دووردا دووبارە هەموو خاکی سووریا کۆنترۆڵ دەکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێتەوە.

**ڕووداو: لەوەدا ئێران و ڕووسیا چ ڕۆڵێک دەگێڕن؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئێران و ڕووسیا تاوەکو ئێستاش بەڕێگای سیاسی، سەربازی و بە چەک و ڕێنمایی سەربازی پشتیوانی ڕژێمەکە دەکەن.

**ڕووداو: بەڵام ئەسەد دەتوانێ لە دواڕۆژیشدا دەسەڵاتداری بکات؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** بەڵێ، ئەگەر بە توندی بەرگری لە خۆی بکات. ئەسەد ئەو کارتانەی لە دەستیدانە زۆر بەباشی بەکاریان دەهێنێت و مەرجی وڵاتانی ڕۆژئاواش جێبەجێ دەکات. هەروەها بەهۆی دەستبەرداربوون لە چەکە کیمیاییەکانی گرنگترین مەرجی وڵاتانی ڕۆژئاوا جێبەجێ دەکات و بەمشێوەیە بەردەوامی بە ژیانی سیاسی دەدات و دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵات بمێنێتەوە.

**ڕووداو: کەواتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی دیکەی دراوسێ چۆن دەبن؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا خراپن و هەرواش دەمێننەوە. تورکیا پاڵپشتی دەستێوەردانە، بەڵام ئەو دەستێوەردانە ناکرێت. ئەمریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەهەر هۆکارێک بێت داوای ئەمە ناکەن. دەسەڵاتدارێتی ئەسەد بەردەوام دەبێت و سازکردنی کۆنفرانسی جنێڤ، واتای ئەوەیە کە ئەسەد خاڵی زۆرتر بۆ خۆی کۆدەکاتەوە.

**ڕووداو: ئەمە مانای چی دەبێت بۆ کوردی ڕۆژئاوا؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئەسەد ئەگەر لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، ڕەوشی کورد گۆڕانکاری زۆر بەخۆیەوە نابینێت. لە دۆخێکدا کە کورد هەرێمێک بۆ خۆیان دروستبکەن گوشارەکان زۆر دەبن. من پێشبینی ناکەم کە بەمانەوەی ئەسەد لەسەر دەسەڵات زۆر گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەکانی دەوڵەتدا بێت.

**ڕووداو: کورد ئۆتۆنۆمی بەدەستدێنێ؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** دەکرێ، بەڵام ئێمە ئێستا ئەوە نازانین. بێگومان کورد هاوکاری ئەسەدی کرد، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ هەوڵی نەداوە بۆ ئەوەی هەرێمە کوردییەکان بخاتەوە ژێردەستی خۆی.

**ڕووداو: بەڵام ئایا PKK و PYD لە دواڕۆژدا دەستبەرداری کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمانە دەبن، یانیش شەڕێک ڕوودەدات لەنێوان ئەوان و سووریادا؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** قورسایی خەباتی PKK لەدژی ئەنقەرەیە و پێموانییە شەڕێک لە سووریا بکرێت. PKK زیاتر خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی یان خۆسەری کورد دەکات لە تورکیا. بەڵام پەیوەندی بە سووریاشەوە دەبێت، ئەمە مومکینە. هەر لە ئێستاوە هەندێک پەیوەندی لەنێو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە سووریا هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بارزانی تێکەڵی دەبێت یان نا. بارزانی هاوکارییەکی گەرمی لەگەڵ تورکیا هەیە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ PKK و هەندێک ڕێکخراوی کوردی سووریا ئەوەندە باش نییە.

**ڕووداو: پێتانوایە کورد دیسان لایەنی دۆڕاو دەبێت؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئەگەر ڕەوشی دەسەڵاتداری بەتەواوی نەگۆڕێت، بەڵێ. واتە ئەگەر ئەسەد توانی بەڕاستی بەردەوامی بە ژیانی سیاسی خۆی بدات. بێگومانیش چانسێکی گەورەی گۆڕینی دۆخەکەیان هەیە. بەڵام لە کاتێکدا کە هەنگاوی دیموکراتی لە سووریا بەرەوپێشەوە بچن.

**ڕووداو: ئەگەر ئەسەد لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەمە لە دواڕۆژدا چ مانایەکی هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** من ئێستا تەواو لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم. ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نازانێت ئێستا داوای چی دەکات. تەنیا ڕووسیا دەزانێت داوای چی دەکات. ئەوان دەیانەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزبن و بەکارتی ئەسەد یاری دەکەن.

**ڕووداو: ڕووسەکان وا پیشاندەدەن کە ئەوان پشتیوانی لە کورد دەکەن. ڕووسیا دەیەوێ کورد بەشداری کۆنفرانسی جنێڤ بێت. ئایا ئەمە سیاسەتێکی نوێیە یانیش ڕووسەکان لە ڕاستیدا داوای چی دەکەن؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** داواکاری ڕووسیا ئەوەیە کە کۆنفرانسی جنێڤ بنکەیەکی فراوانی هەبێت. ئەم کۆنفرانسە دواجار منداڵێکی تازە لەدایکبووی ڕووسیایە. ڕووسەکان دەیانەوێ بچنە جنێڤ بۆ ئەوەی ژیانی ئەسەد بەردەوام بێت و بەمشێوەیە ئەوانیش لە هەرێمەکەدا بەهێزتر ببن. بۆیە ڕووسەکان دەیانەوێ کۆنفرانسەکە بنکەیەکی فراوانی بەشداربووانی هەبێت کە لە نێویاندا هێزی کوردی و ئێرانیش هەبن.

**ڕووداو: ئەمە مانای چییە بۆ ئێران؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** پێموایە ئەمە وابەستەی زۆر فاکتەرە. ئایا ئێرانییەکان یاری بە کارتی سووریا دەکەن یانیش خۆیان زیاتر نزیکی ئەمریکا دەکەن، ئەمە هێشتا دیار نییە. چونکە هێشتا کێشەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە هیچ ئەنجامی بەدەستنەهێناوە. پێموایە ئێران دەرگاکانی بۆ هەموو ئەگەرەکان بەکراوەیی هێشتووەتەوە.

**ڕووداو: ئەڵمانیا سیاسەتی چییە لە بارەی سووریا؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئەڵمانیا هیچ سیاسەتێکی نییە، کەوتووەتە دوای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەوە دڵخۆشە کە سووریا ئێستا چەکە کیمیاوییەکانی لەنێودەبات. هەروەها پشتیوانی سازکردنی کۆنفرانسی جنێڤیش دەکات. واتە بەرلین لەگەڵ ئەو کارە سیاسی و سەربازییەدایە کە هیچی لەسەر نەکەوێت. ئەمەش هەرگیز سیاسەت نییە.

**ڕووداو: چەکدارە جیهادییەکان لە سووریا و بەتایبەت لە ناوچە کوردنشینەکان شەڕ لە دژی ڕژێمەکە ناکەن، بەڵکو دژی کورد شەڕ دەکەن. پێتانوایە سووریا یان ئێران لەپشت هەندێک لەم گرووپانەوە بن؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** پێموانییە ئێران لە پشتیان بێت، چونکە ئەو ڕێکخراوانە سوننە مەزهەبن.

**ڕووداو: با بگەڕێینەوە بۆ باشووری کوردستان، ئێوە چۆن سەیری دواڕۆژی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** پێموایە باشترە ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان قسە و ئامۆژگارییەکانی بەرزتر نەکات لە ئاستی پرۆفایلی سیاسەتی خۆی لە باشووری کوردستان. مەبەستم ئەوەیە کە وەکو هەنگاوی یەکەم هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی نەهاوێژێت. هەروەها دەبێ پەیوەندی زۆر قووڵ دروست نەکات لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی سووریا، تورکیا و ئێران. ئەگەر ئەو کارە بکات بێباوەڕی بۆ ئەنقەرە و تاران دروستدەکات و دەکرێ زیانی هەبێت. بارزانی ناتوانێ ئەنجامێکی باشتر لەوەی ئێستا هەیە بەدەستبێنێ.

**ڕووداو: ئێوە لە گۆڤاری "Zenith"دا باسی "ڕێگەی بەرەو کوردستان"تان کرد. مەبەستتان لەوە چی بوو؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** مەبەستم ڕێگای سەربەخۆیی وڵاتێک کە خاکی هەموو کورد لەخۆدەگرێت.

**ڕووداو: مەبەستتان ئەوەیە کە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نزیک بووەتەوە؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** نەخێر، ئەمە زۆر دوورە. ئەو شرۆڤەیەی پێش چەند هەفتەمان هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

**ڕووداو: زۆر چاودێر لەو باوەڕەدان کە بارزانی لە نەورۆزدا بانگەوازێک بڵاودەکاتەوە. ئایا پێتانوایە بتوانێ سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئەمە دەبێتە هەڵەیەکی گەورە، بەهۆیەوە نەیارانی کورد لە بەغدا و تورکیا بەهێزتر دەکات. هەروەها ئێرانیش بەهێزتر دەکات و دەبێتە هۆی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی بارزانی.

**ڕووداو: بەڵام لەماوەی 10 ساڵی دواییدا کورد زۆر بەهێزتر بووە و خۆیان لەگەڵ دۆخەکە گونجاندووە.**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئەوە ڕاستە، بەڵام کورد دەبێ زێدەڕۆیی نەکەن لەبەکارهێنانی ئەو کارتانەی لە دەستیاندانە.

**ڕووداو: ئەمریکا چ کاردانەوەی دەبێت ئەگەر کورد هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی بهاوێژێت؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** ئەمریکاش داوای ئەوە ناکات و نایانەوێت سنوورەکان بگۆڕدرێن. ئەگەر سنوورەکانی عێراق بگۆڕدرێن ئەوە لە سووریاش ڕوودەدات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بێسەروبەرییەکی گەورە دێتەئاراوە. لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم هەنگاوە لە واشنتنەوە بهاوێژرێ. بەڵام ئێستا ڕەوشەکە وا نییە.

**ڕووداو: بۆچوونتان چییە لەبارەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا؟**

**د.ئودۆ شتاینباخ:** مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و ئێستا هیچ پێشکەوتنی پێوە دیار نییە، بەتایبەتی لە بواری داواکارییەکانی کورد. داواکاری کورد زۆر کەم بوون. داوادەکەن پەرە بە زمان و کەلتووری خۆیان بدەن. هەروەها داوای ئۆتۆنۆمیش دەکەن. بەڵام حکومەتی ئێستای ئەنقەرە وەکو زێدەڕۆیی سەیری ئەم داواکارییانە دەکات.




داواکارییەکانی کورد لە تورکیا زۆر کەم بوون

بەشار ئەسەد لەماوەیەکی دوور یان نزیکدا دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێتەوە

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە هەڵەیەکی گەورە و نەیارانی کورد لە بەغدا و ئەنقەرە بەهێز دەکات

ئەگەر ڕەوشی دەسەڵاتداری لە سووریا نەگۆڕێت کورد دەبێتە لایەنێکی دۆڕاو

کۆنفرانسی جنێڤ منداڵێکی تازە لەدایکبووی ڕووسیا دەبێت

# تورکیا.. دوای 20 ساڵ لە کوشتارەکەی گۆڕوملو عەدالەت بەدی نەهات

**سەلین چاغلایان**
**ڕووداو- ئیستەنبوڵ**

پاش نزیکەی 20 ساڵ لە هەوڵ و تەقەلا بۆ ڕاپێچکردنی چەند ئەفسەرێکی سوپای تورکیا بۆ بەردەم دادگا بە تۆمەتی کوشتنی شەش گوندنشینی کورد لە گۆڕوملو لەساڵی 1993دا، ڕۆژی 12/11/2013 کە بڕیار بوو یەکەمین دانیشتنی ئەو کەیسە لە دادگا بەڕێوەبچێ، بە بڕیاری وەزارەتی دادی تورکیا دادگاییەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە گواسترایەوە بۆ ئەنقەرەی پایتەخت.

بڕیارەکە گومانی دروستکرد لەسەر سەربەخۆیی و دروستیی پرۆسەی دادگاییکردنی ئەو ئەفسەرانە کە لە نێویاندا ئەفسەری پلەبەرز هەن.

تاهیر ئەلچی، سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی دیاربەکر و نوێنەری کەسوکاری قوربانییەکان گوتی "پاش زیاتر لە 20 ساڵ هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەنجامدانی ئەم دادگاییە، بەڵام هێشتا دڵخۆش نین، چونکە دادگاییەکە گواستراوەتەوە بۆ ئەنقەرە".

وابڕیار بوو دادگای شرناخ لەو یەکەمین دانیشتنەدا گوێ لە شایەتەکان بگرێ، بەڵام بە بڕیارێکی لەناکاوی وەزارەتی داد بەڕێوەچوونی دادگاییەکە گواسترایەوە بۆ ئەنقەرە بەبیانووی ئەوەی کە ژیانی ئەفسەرە تۆمەتبارەکان لەوانەیە بکەوێتە بەر مەترسی. وا چاوەڕوان دەکرا کە وتەی شایەتحاڵەکان پەردە لەسەر چەندین ڕاستی سەبارەت بە ڕووداوەکە هەڵماڵێ.

وەک هەوڵێک بۆ پەکخستنی بڕیاری گواستنەوەکە، داواکاری گشتی شرناخ پێشنیازی کرد کە تۆمەتبارەکان لەڕێگەی تەلی کۆنفرانسەوە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵام هەوڵەکەی بێ سوود بوو.

تۆمەتبارەکان کە پێکهاتوون لە جەنەراڵی خانەنشین مێتی سایەر، کۆڵۆنێلی خانەنشین حەسان باسری ڤوراڵ، مولازمی خانەنشین ئیبراهیم کیراج، سەردار تەکین کاپتنی خانەنشین، موراد عەلی یڵدز و ئامر بەتالیۆن تانسیل ئیرۆک، دەکرێت ڕووبەڕووی بەندکردنی هەتاهەتایی ببنەوە ئەگە تاوانەکەیان لەسەر بسەلمێ. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە دانیشتنی یەکەمی دادگادا هیچ کام لەم کەسانە ئامادە نەبوون.

بە وتەی ئەڵچی، گواستنەوەی دادگاییەکە بۆ ئەنقەرە لەلایەن وەزارەتی دادەوە، بۆخۆی پێشێلکردنی یاسایە.

ئەلچی گوتی "بەپێی یاسا دادگاییکردن دەبێت لەو شوێنە بەڕێوەبچێت کە تاوانەکەی لێ ئەنجامدراوە، بەڵام بەبیانووی مەترسی لەسەر ژیانی تۆمەتبارەکان، پرۆسەی دادگاییەکە گواسترایەوە بۆ ئەنقەرە".

ئەڵچی بە سەرسوڕمانەوە گوتی "ئەی سەلامەتی ژیانی کەسوکاری قوربانییەکان کە دەبێت بڕۆنە ئەنقەرە لەکاتێکدا لانیکەم 1000 کیلۆمەتر لە ماڵ و حاڵی خۆیانەوە دوورە؟ کێ پارێزگارییان لێدەکات؟ کێ خەرجی سەفەرەکانیان دەکێشێ؟

بەبڕوای ئەلچی، ئەوە دەستوەردانە لە سەربەخۆیی دادگا. هەروەها گوتیشی "بە گواستنەوەی دادگاییەکە وەزارەتی داد بووە هۆی بەربەستکردنی هەوڵەکان بۆ ڕاپێچکردنی ئەو بەرپرسانە بۆ بەردەم دادگا".

لە ساڵانی نەوەتەکانەوە گواستنەوەی دادگایی لە تورکیا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بووەتە کارێکی هەمیشەیی، بە تایبەتی کاتێک کە تۆمەتبارەکان بەرپرسانی دەوڵەت بن.

لە ساڵانی ڕابردوودا بڕیاری دادگا هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەو تۆمەتبارانە تەواوبووە کە بەرپرسانی حکومی بوون، بۆیە بڕیاری گواستنەوەی دادگاییەکەی شرناخ وەک بەختێکی ڕەش دەبینرێ بۆ ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن ئەو تۆمەتبارانە بە سزای یاسایی خۆیان بگەن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس ووچ، یەکێک لە ئەفسەرەکان بەناوی سایەر کە فەرماندەی هێزێکی سەرسنوور بووە لەکاتی ڕووداوەکەدا، یەکێکە لە فەرماندە باڵاکانی سوپا لە ناوچەکەدا کە تا ئێستا ڕووبەڕووی دادگاییکردن بووبێتەوە بە تۆمەتی کوشتنی خەڵکی سڤیل.

هەندێک لەو بڕوایەدان کە سەربازە تورکەکان لەو ناوچەیە تەرمی ئەو کەسانەیان کردبێت بە ژێر خۆڵەوە، بەڵام هیچ کام لەو تەرمانە هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ووچ ئاماژە بەوە دەکات کە دادگاییکردنی ئەو کەسانەی بەرپرس بوون لە بێ سەروشوێنکردن و کوشتنی ئەو گوندنشینانە لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتە دڕندانەیەدا بووە کە لە دژی گەلی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە لە ساڵانی نەوەدەکاندا ئەنجامدراوە.

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت کە لەکاتی جەنگی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، سوپای تورکیا بە سەدان و هەزاران خەڵکی ئەو گوندانەیان ناچارکردووە ماڵ و حاڵیان جێبهێڵن و پاشان گوندەکانیان سووتاندوون، ئەمە جگە لە کوشتن و بێ سەروشوێنکردن و ئەشکەنجەدانی هەزاران هاووڵاتی بە تۆمەتی پەیوەندی و هاوکاریکردنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

هەوڵی دادگاییکردنی ئەفسەرەکان پشت بە وتەی سێ شایەتحاڵ دەبەستێ کە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا سەرباز بوون، ئەمە جگە لە داواکاری بەردەوامی کەسوکاری قوربانیەکان.

بەپێی ڕاپۆرتی دادگا، پاش ئەوەی لە 13ی حوزەیرانی ساڵی 1993دا شەش سەربازی تورک بە دەستی گەریلاکانی PKK دەکوژرێن، بۆ ڕۆژی دواتر سوپای تورکیا لە ناوچەکە خەڵکی گوندەکە کۆدەکەنەوە و خانووەکانیان دەسووتێنن و شەش گوندنشینیش دەستگیر دەکەن.

حیکمەت و حەمدۆ شمشەک و محەممەد ساڵح دمیرهان و محێدین ئۆزدەمیر و خالید ئۆزدەمیر و شەمدین گولاز بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە دەدرێن و پاشان دەکوژرێن بەبێ ئەوەی خێزانەکانیان لە شوێنی شاردنەوەی تەرمەکانیان ئاگادار بکرێنەوە.

حوسێن ئاکیۆڵ لە ڕۆژنامەی کوردی ئۆزگویر گویندەم گوتی کە پرۆسەی دادگاییکردنەکە هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام بە گواستنەوەی بۆ ئەنقەرە، پرۆسەکە کۆتایی هات پێش دەستپێکردنی".

هاوکات ئیمرهان یۆساڵ، سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە شرناخ گومانی لە دروستی و ئەنجامەکانی پرۆسەی دادگاییەکە دەربڕی و گوتیشی "دەستپێکردنی دادگاییەکە پاش 20 ساڵ، پێشکەوتنێکی باشە و سەرکەوتنە بۆ ئەوانەی کە لەم بوارەدا هەوڵیانداوە، بەڵام گواستنەوەی دادگاییەکە بۆ ئەنقەرە بووە مایەی دروستکردنی گومان لە سەربەخۆیی پرۆسەی دادگاییەکە".

گوتیشی کە کۆڵ نادەن و بەردەوام دەبن تا ئەوکاتەی ڕاستی و عەدالەت بەدی دێت.

بەقسەی یۆساڵ، چەندین ڕووداوی لەو جۆرە لە شرناخ ڕوویانداوە، تەنیا لە ماوەی ساڵانی 1991-1992 زیاتر لە 120 هاووڵاتی بێ سەروشوێن کراون.

ڕووداو
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25



عەبدولڕەحمان سدیق *
asidiq1962@yahoo.com

# هەڕەشەکانی سەر ژنان لە کوردستان

لەساڵی 1999وە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی (9)ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکی کردووەتە ڕۆژی جیهانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

جاڕنامەی جیهانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنانیش لەماددەی یەکەمیدا دەڵێت:

مەبەست لەتوندوتیژی دژ بەژنان هەر کردەوەیەکە کە لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئازارێکی جەستەیی یان دەروونی تووشی ئافرەتان دەکات.

یاکین ئیرتۆک، بڕیاردەری نەتەوەیەکگرتووەکانیش دەڵێت: ئافرەتانی عێراق قوربانیی دەستی میلیشیا چەکدارەکان و زۆر لە پیاوانی پۆلیس و توندڕەوانی ئاینی و هەندێک لەسەرۆک عەشیرەتەکانن.

ئەمڕۆ کە یادی ڕۆژی جیهانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان دەکەینەوە، ئافرەتانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە بەشێوازەکانی دەستدرێژی و بازرگانیی پێکردن و لێدان و خەتەنەکردن و کوشتن بەناوی شەرەفپارێزییەوە.

لە هەمووی مەترسیدارتر بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەرانە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەست بەگۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە کە خەریکە حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران دەبنە دیاردە بەتایبەت لەو ناوچانەدا.

حاڵەتەکانی جیابوونەوەی هاوسەران زەنگی مەترسییمان بۆ لێدەدەن و ئاگادارمان دەکەنەوە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان.

پرسی تەڵاق یان جیابوونەوەی هاوسەران لەیەکدی، زۆر هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و مەزهەبی هەیە کە دەکرێت بەرجەستە بن لە زیانپێگەیاندن لەلایەن مێردەوە یان پێکەوە نەگونجان، یان چوونی مێرد بۆ هەندەران، یان جیاوازبوون لەئاین یان کەم ژیریی یەکێکیان، یان ونبوون و دیارنەمانی یەکێک لەهاوسەران.

ئەمە جگە لەدەیان حاڵەتی جیابوونەوە کە ناگاتە دادگاکان، وەک تەڵاقی مەعنەوی کە دەیان ساڵ پیاوێک هاوسەرەکەی فەرامۆش دەکات.

هەرچی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانیشن، ئەوان لەبارەی هۆیەکانی جیابوونەوەی ژن و مێرد، قسەی دیکەیان هەیە و ئەم هۆکارانە دەخەنەڕوو:

**یەکەم:** ڕێکنەکەوتنی باری کۆمەڵایەتی ژن و مێرد.

**دووەم:** نەمانی پەرژینی ڕێزگرتن لەیەکدی.

**سێیەم:** سەرخۆشی و قومار و هاوڕێی خراپی مێرد.

**چوارەم:** پەنابردنە بەر لێدانی ژن.

**پێنجەم:** خراپیی باری ئابووریی مێرد.

**شەشەم:** ڕۆڵی خەسوو و خەزوور لەتێکدانی شیرازەی خێزان.

**حەوتەم:** پشتگوێخستنی کاروباری ماڵ و ماڵ بەجێهێشتن لەلایەن ژنەوە.

**هەشتەم:** سەفەرکردنی مێرد بۆ هەندەران.

**نۆیەم:** نا هاوتایی نێوان ژن و مێرد.

**دەیەم:** کاریگەریی دیاردەی ژن بەژن یان شووکردن لەبری خوێن.

هەرچی دەزگا فەرمییەکانی حکومەتیشن، جیابوونەوە بۆ ئەم هۆکارانە دەگێڕنەوە:

نەگونجان لەگەڵ یەکتر، نەبوونی ماڵی سەربەخۆ، داوێن پیسی، خراپیی باری ئابووری، کێشەی کۆمەڵایەتی،

نەزۆکی، نەخۆشیی یەکێک لە هاوسەرەکان، ژنهێنانی دووەم، تەکنۆلۆژیای سەردەم.

ئەمڕۆ بۆ پێشگرتن لەم دیاردە خراپە ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانە بەپێویست دەزانرێن:

1- ئەنجامدانی پێداچوونەوەو هەموارکردنەوە بۆ زۆر لەو یاسایانەی کە سەردەمانێکی زۆرە کۆن بوون و چارەی کێشە نوێیەکان ناکەن.

2- دارشتنی ستراتیژییەکی درێژخایەن و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولی لە نێوان وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان.

3- چاکترکردنی ڕۆڵی دادگاکان و پارێزەرانی پسپۆڕ بۆ گرتنەبەری میکانیزمی پشتبەستوو بە ئەزموونەکانی سەردەم بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

4- دامەزراندن و کاراترکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تایبەتمەندن لەبواری چاکسازیی خێزانی.

5- بایەخدانی زانایانی ئاینی بەم دیاردەیە و ڕوونکردنەوەی زیانەکانی و دۆزینەوەی ڕێگەچارەکانی.

6- زیادکردنی ڕۆڵی میدیاو ڕاگەیاندن لەڕێگەی خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە یارمەتیدەرن بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەکە.

7- داهێنانی ڕابەری خێزانی بۆ هۆشیاری لەبواری هاوسەرگیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

8- کارکردنی هەمەلایەنە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو هۆیانەی کە بوونەتە مایەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران.

9- ئەنجامدانی توێژینەوەی وردتر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی تەڵاق و جیابوونەوە.

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.

---

4 لێژنەی پەرلەمان زۆرترین داواکارییان لەسەرە

# پارتیش چاودێریی حکومەت دەکات



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

لە ئامادەکارییەکانی پێکهێنانەوەی حکومەت و پەرلەماندا، وا دەرناکەوێ لایەنە سیاسییەکان زۆرچاویان لەسەر کورسییەکانی پەرلەمان بێ، هەرچەندە بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی حکومی، بەردەوام هێما بۆ ئەو کورسییانە دەکەن کە لە پەرلەمان بەدەستیان هێناوە. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تاوەکو ئێستا لیژنەکانی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر نەکراوە.

ڕۆژی 6ی تشرینی دووەم، پەرلەمانی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی سازکرد، بەبێ ئەوەی بتوانێ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێرێ. دوای سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی نوێ، دانیشتنەکانی داهاتوو بە کراوەیی جێهێڵرا بۆ ئەنجامی کۆبوونەوە سیاسییەکان.

"دەبوو ئۆپۆزیسیۆن سەرۆکی پەرلەمان بێ"

هەرچەندە پێش دەستپێکردنی گفتوگۆ فەرمییەکانی نێوان نێچیرڤان بارزانی، لەگەڵ یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی، قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە ئەرسەلان بایز و فازڵ میرانی، گفتوگۆیان کردبێ بەمەبەستی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەلایەن یەکێتییەوە، بەڵام کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەم ڕۆژانەی دوایی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، شتی دیکەیان باسکرد.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ یەکێتی لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتدا بەشداریکردنی خۆی لە حکومەتی نوێ ڕاگەیاندووە "بەڵام گرنگە بەلامانەوە لە کۆتاییدا یەکێک لە پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی بێت". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها گوتی "یەکێتی لەو خولەی پەرلەماندا بە جددی چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات".

سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێت دانیشتنەکەی ڕۆژی 6ی تشرینی دووەم "نائاسایی" بوو، دەبووایە لەو دانیشتنەدا سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی دیاری بکرێن، نەک هەڵبگیرێ بۆ دانیشتن و کۆبوونەوەی حیزبەکان "جارێکی دیکە دەرکەوت، حیزب پەرلەمان ئاراستە دەکات".

بەبڕوای سۆران عومەر، ئەگەر لەو دانیشتنەدا سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرایە "ئۆپۆزیسیۆن ئەو پۆستەی وەردەگرت، چونکە ئیستحقاقی پەرلەمانیی ئۆپۆزیسیۆنە ئەو پۆستە وەربگرێ، بەڵام دیارە کۆبوونەوە و ڕێککەوتنە حیزبیەکان شتێکی دیکەیە".

پارتی و یەکێتی بێ سەرۆک فراکسیۆنن

هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی سەرۆکی فراکسیۆنیان دیاریکردووە کە یوسف محەممەد سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕانە. مەولود باوە موراد، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووە و مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییە، بەڵام پارتی و یەکێتی هێشتا سەرۆکی فراکسیۆنیان دیاری نەکردووە.

ئومێد خۆشناو، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی زەرد دەڵێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان دیاری دەکەن". دەشڵێت ڕێکخراوتر و باشتر لە فراکسیۆنەکانی دیکە خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ ڕێکخستنی ئیشوکارەکارەنی فراکسیۆنی خۆمان "خەریکی دانانی پەیڕەوێکین بۆ فراکسیۆنەکەمان، ئێستاش سەرقاڵی خولێکی ڕاهێنانین بۆ کاری پەرلەمانتاری".

هەر لەوبارەوە د.عیزەت سابیر، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "چاوەڕوانی دیاریکردنی سەرۆکی پەرلەمان دەکەین، بۆ ئەوەی سەرۆکی فراکسیۆن دیاری بکەین".

## چاوی هەمووان لەسەر 4 لیژنەیە

شێرکۆ جەودەت، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ چاویان لە سەرۆکایەتی یەکێک لە 4 لیژنە گرنگەکەی پەرلەمانە "دارایی، نەزاهە، سامانە سروشتییەکان و ناوخۆ چوار لیژنەی گرنگن و مەبەستمانە سەرۆکایەتی یەکێک لەو لیژنانە وەربگرین". لە خولی پێشووی پەرلەماندا یەکگرتوو سەرۆکایەتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی دەکرد.

بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیش پێداگیری لەسەر وەرگرتنی یەکێک لەو لیژنانە دەکەن. سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵ، هێما بۆ لیژنەکانی (سامانە سرووشتییەکان، دارایی، ناوخۆ، مافی مرۆڤ) دەکات و دەڵێت "دەمانەوێ لەنێو ئەو لیژنانەدا ئەندامان هەبێ و سەرۆکی یەکێکیشیان بین".

پەرلەمانی کوردستان 21 لیژنەی هەیە کە 19یان هەمیشەیین. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێ لە دوو لیژنەدا ئەندام بێ.

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە، زۆر مەبەستیەتی کار بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی دوو لە لیژنەکانی (یاسایی، دارایی، ناوخۆ، سامانە سرووشتییەکان و نەزاهە) بکات. عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت "هەرچەندە دواتر سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ڕێکبکەون لەسەر دابەشکردنی لیژنەکان، بەڵام ئێمە گرنگە بەلامانەوە سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی وەربگرین".

بەڵام ئومێد خۆشناو، پەرلەمانتاری پارتی دەڵێت لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا لە فراکسیۆنەکەیان بۆ مەبەستی دیاریکردنی ئەو لیژنانەی دەیانەوێ وەریانبگرن کۆنەبوونەتەوە "هێشتا ڕوون نییە دەمانەوێ چ لیژنەیەک وەربگرین".

## هەموو دەڵێن دەبینە چاودێر

لەوانەیە تایبەتمەندییە دیارەکەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ئەوەبێ کە پەرلەمانێکی توند و چاودێریکەر دەبێ. بەوپێیەی هەموو تێگەیشتوون لەوەی دواتر حیزبەکان لەکاتی هەڵبژاردنی داهاتوودا نانی هەڵوێستەکانی پەرلەمان دەخۆن و کۆکن لەسەر ئەوەی بە چڕوپڕی چاودێری حکومەت بکەن، تەنانەت پەرلەمانتارەکانی پارتیش وادەڵێن، لە کاتێکدا ڕوونە کە سەرۆکایەتی حکومەت هەر لەدەستی خۆیاندا دەبێ.

ئومێد خۆشناو، باسی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانتارانی پارتی دەکات لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و دەڵێت نێچیرڤان بارزانی زۆر بەراشکاوی قسەی لەگەڵ کردین "داوای لێکردین چاودێرییەکی وردی حکومەت بکەین". گوتیشی "نێچیرڤان بارزانی هیچ منەتێکی بۆ پەرلەمانتارانی پارتی نەهێشتەوە تاوەکو کاربکەن لە پەرلەمان".

لە خولی سێیەمدا، ئۆپۆزسیۆن هێندە بە گرژی کاریانکرد، تەنانەت بوتڵی ئاویان گرتە سەرۆکایەتی پەرلەمان. سۆران عومەر دەڵێت حکومەت هەرچۆن پێکبهێنرێت زیاتر لە خولی پێشوو چاودێری حکومەت دەکەن. عزەدین سابیر، پەرلەمانتاری یەکێتیش دەڵێ "بەلای ئێمەوە چاودێریکردنی حکومەت لە پرۆژە یاساکان گرنگترە".

---

چاوەڕێی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتارێکی پارتین

# کورسییەکەی ئێزدی لە پەرلەمانی کوردستان یەکلایی نەبووەتەوە



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

## شێخ شامۆ: ئێزدییەکان دڵنیا دەکەمەوە کورسیەکیان دەبێ

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

تاوەکو پێش ڕاگەیاندنی ناوی ئەندامانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کەسایەتی ئێزدی شێخ شامۆ، وەکو کاندیدێکی سەرکەوتوو لەو هەڵبژاردنە ناوی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، ژنە کاندیدێکی پارتی لەجێی ئەو دانرا.

ئەو ئەنجامە ناڕەزایی ئێزدییەکانی لێکەوتەوە ولە هەندێک ناوچەی ئێزدینشین خۆپێشاندانیش کرا، هەرزوو بەرپرسانی پارتی بەڵێنیان دا کە شێخ شامۆ یەکێک دەبێت لە ئەندامانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لە یەکەم دانیشتنی خولی چوارەمی پەرلەمان لە 2013/11/6 لە پەرلەمان نەبینرا.

شێخ شامۆ یەکێک بوو لە کاندیدە براوەکانی هەڵبژاردن لەسەر لیستی پارتی و 9401 دەنگی هێنا، لە ڕیزبەندی کاندیدە سەرکەوتووەکانی پارتیدا ژمارە 29 بوو، بەڵام بەهۆی کۆتای ژنان، ژنێک شوێنی گرتەوە.

شێخ شامۆ بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێت کە من کاندیدی براوە بووم، ناوم لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە، خەڵک پیرۆزباییان لێکردم، بۆیە بۆ من زۆر ناخۆش بوو، چونکە خەڵکی ئێمە ئێزدییەکان زۆرتووڕەبوون، ئێستاش ئێزدییەکان پەیوەندیم پێوە دەکەن کە خۆپیشاندان بکەن، بەڵام من ئومێدم هەیە بچمە پەرلەمان و نوێنەرایەتی کوردی ئێزدی بکەم".

ئێستا شێخ شامۆ و ئێزدییەکان ئومێدی خۆیان بە دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامێکی پارتییەوە لە پەرلەمان هەڵواسیوە، کە زۆر قسە لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی جەمال مورتکە، سەرۆکی لیستی پارتی دەکرێت. ئەگەر ئەو دەست لەکاربکێشێتەوە شێخ شامۆ شوێنی دەگرێتەوە، چونکە لەنێو کاندیدە دەرنەچووەکان زۆرترین دەنگی هەیە.

شێخ شامۆ دەڵێت دڵنیایە لەوەی دەچێتە پەرلەمان "پێش چەند ڕۆژێک لە مەراسیمی خولی کادرانی پارتی، کاک فازڵ میرانی، سکرتێری پارتی و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی باسی ئەم کێشەیەیان کردبوو، بۆیە من ئێزدییەکان دڵنیا دەکەمەوە کە دەچمە پەرلەمان".

شێخ شامۆ، کە بەرپرسی دەستەی باڵای بنکەی لالشە، تێبینی لەسەر کابینەکانی ڕابردوو هەیە و دەڵێت ئێزدییەکانیان بێبەش کردووە "بۆیە ئێستا ساردییەک لە ناو ئێزدییەکان پەیدابووە بەرامبەر حکومەت، چونکە زۆر گرنگی بە ئێزدییەکان نادات، لەسەر ئاستی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە دهۆک هیچ کەسێکی ئێزدی نییە".

ئەو ناوچانەی ئێزدییەکان لێی نیشتەجێن، زۆربەیان سەر بە پارێزگای موسڵن، بەڵام چەند ناوچەیەکیان لەوانەش کۆمەڵگەی شاریا، باعەدرێ و چەند ناوچەیەکی دیکە سەر بە پارێزگای دهۆکن. بۆ خولی چوارەمی پەرلەمان پارتی و یەکێتی کاندیی ئێزدیان هەبوو، بەڵام هیچیان نەگەیشتنە پەرلەمان. لە خولی ڕابردووش تەنیا یەک نوێنەری ئێزدی لە پەرلەمان هەبوو کە ئەویش حازم میر تەحسین بوو.

خەیری شنگالی، کادیری پێشکەوتووی یەکێتی کە لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان بوو، پێیوایە تاوەکو ئێستا ئێزدییەکان لە حکومەت ڕۆڵێکی بەرچاویان پێنەدراوە، شنگالی گوتی "ڕاستە لە کابینەکانی ڕابردوودا پۆستی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ئێزدییەکان بە ئێزدی دراوە، بەڵام ئەو پۆستانە تەنیا ناوبوون، هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، تەنانەت دەسەڵاتی دامەزراندنی پۆلیسێکیان نەبوو، من چەند ساڵێک بەڕێوەبەری گشتی بووم، بەڵام کورسییەک نەبوو لەسەری دابنیشم".

بەپێی قسەی شنگالی، ڕێژەی ئێزدییەکان لە هەرێمی کوردستان 12%یە و ژمارەیان 550 هەزار کەسە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. شنگالی دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەدەرییەکی باشی لەگەڵ ناوچەکانی ئێزدیان نەکردووە، تەنانەت تا ئێستا لە شنگال زانکۆ نییە". ئەو پێیوایە دەبێت بەردەوام نوێنەری ئێزدی لە پەرلەمانی کوردستان هەبن، بۆیە داوای کۆتا دەکات بۆ ئێزدییەکان.

خەیری لەگەڵ ئەوەدا نییە وەکو کابینەکانی ڕابردوو پۆستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئێزدیان بدەنە ئێزدییەکان و دەڵێت "نامانەوێت هەر پۆستی وەزیرێکی بێ دەسەڵاتمان بدەنێ".

خدر دوملی، کە ڕۆژنامەنووسێکی ئێزدییە و مامۆستای زانکۆشە، ڕەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت کە وەکو کەمینە نەتەوەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێزدییەکان دەکات "حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا پۆستێکی داوەتە ئێزدییەکان، ئەویش پۆستی بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدیانە، مەسیحییەکانیش ئەو پۆستەیان هەیە، بۆیە دەبێت حکومەتی داهاتوو ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە و پۆستی دیکەش بداتە ئێزدییەکان".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25

## سەفین دزەیی: عێراق کەمتر 11%ی بودجە دەداتە کوردستان



**ڕووداو- هەولێر**

سەفین دزەیی، گوتەبێژی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لە کاتێکدا کە دەبێ 17%ی بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت، بەڵام لە بودجەی ساڵی 2014ی عێراقدا کەمتر لە11%ی بۆ تەرخان کراوە. دزەیی ڕوونیدەکاتەوە بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 کە خۆی لە نزیکەی 175 تریلیۆن دینار دەدات، تەنیا 18 تریلیۆن دینار لەو بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، کە دەکاتە کەمتر لە 11%، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی ساڵانەی خەرجییە سیادییەکان.

# 100 کۆمپانیای بواری نەوت و غاز دێنە هەولێر



**ڕووداو-هەولێر**

سێیەمین کۆنفرانسی نەوت و غاز لە سەرەتای مانگــی داهاتوو لە هەولێر بەڕێوەدەچێت کە بە یەکێک لە گەورەترین کۆنفرانسەکانی وزە دادەنرێ و زیاتر لە 100 کۆمپانیای ناوداری دنیا لە بواری وزە و 800 کەسایەتی سیاسی و دیبلۆماتکار و خاوەنکار بەشداری تێدا دەکەن.

نەوار عەبدولهادی، جێگری سەرۆکی گرووپی cwc، کە سەرپەرشــتی کۆنفرانسەکانی نەوت دەکات لــە دنیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پتر لە 100 کۆمپانیــای نێودەوڵەتی لە بواری نەوت و غاز، ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا".

بەســتنی کۆنفرانســەکە لــە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕەوانەکردنی ڕاستەوخۆی نەوتی خۆی بۆ تورکیا لەڕێی بۆڕییەوە.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە نوێترین لێدوانیدا لەســەر مەسەلەی ناردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە ڕایگەیاند "تاکۆتایی ئەمساڵ نەوتی کوردستان هەناردەی تورکیا دەکرێ".

هەروەهــا نێچیرڤــان بارزانی، لــە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کە ڕۆژی 24/ 2013/11 بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە ســەردانی بەغدا دەکات بــۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە بۆ حکومەتی عێراق.

جێگری ســەرۆکی گرووپی cwc زیاتر باسی کۆنفرانســەکەی کرد کە بڕیارە لە 2013/12/1 ئەنجامبــدرێ و بۆ مــاوەی چــوار ڕۆژ درێژە دەکێشــێ، ئەو گوتی کە جگە لە کۆمپانیاکان زیاتر لە "800 کەســایەتی سیاسی و خاوەنکار بەشداری کۆنفرانسەکە دەکەن".

لەســەر ئاســتی عێراقیش هیچ نوێنەرێکی وەزارەتی نەوتی عێراق بەشــداری کۆنفرانسەکە ناکات، بەڵام د.ڕۆژ نوری شــاوەیس کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقە، بەشداری کۆنفرانسەکە دەکات.

تاوەکو ئێستا ناکۆکی قووڵ لەسەر مەسەلەی نەوت لــە نێوان هەولێر و بەغــدا هەیە، بەغدا گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەبواری نەوت بە نادەستووری ناودەبات و هەرێمی کوردستانیش دەڵێ "بەپێی دەســتوور گرێبەســتەکان ئیمزا کــراون و نەوت و داهاتەکــەی بۆ هەموو گەلی عێراق دەبێت".

کۆنفرانسەکە لەژێر ناونیشانی (نەوت و غازی هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمەکە)یــە بەڕێوەدەچێت و تێیدا کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و هەلی وەبەرهێنان تاوتوێ دەکرێ.

بەشــێکی کۆنفرانســەکە تایبەت دەبێت بە ڕاڤەکردنی پرۆژەیاســای نــەوت و غازی عێراق کــە ڕەشنووســەکەی لەســاڵی 2007ەوە لە پەرلەمانە و پێکهاتەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردســتان، هەروەها ڕاڤەی یاســایی بۆ گرێبەســتەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت کە بەگوێرەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان واژوو کراون و بەغدا ئامادە نییە دانی پێدابنێ.

تاوەکو ئێستا زیاتر لە 50 کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان لە بواری وەبەرهێنانی نەوت کاردەکەن. ئاشتی هەورامی دەڵێ "کۆمپانیاکانی نەوت بۆ پێشخستنی کەرتی نەوت زیاتر لە 20 ملیــار دۆلاریان لە هەرێمی کوردســتان خەرج کردووە".

بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەنگلۆ تورکی کە بە گەنەل ئینەرجی ناســراوە، پێشتر ڕایگەیاندبوو کە "توانای بەرهەمهێنانی کوردستان لە ساڵانی داهاتوو دەگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا".

سەبارەت بە بەشــداری وڵاتانی دەوروبەر لە کۆنفرانســەکەدا، نەوار عەبدولهادی گوتی "هیچ وەزیرێکی حکومەتی تورکیا بەشــداری ناکات، بەڵام بڕیارە ژمارەیەک دیبلۆماتکار بەشدار بن، لەوانە جێرمی گرین ســتۆک، باڵیۆزی پێشووی بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان".

## وەزارەتی ئابووریی ئیسپانیا بۆ کارسازانی:

# ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن

### کونسولی پێشووی فەخریی ئیسپانیا لە هەولێر:
### کۆمپانیاکانی ئیسپانیا درەنگ ڕوویان لە کوردستان کرد

**زنار ئالا**
**ڕووداو- مەدرید**

کارسازان و کۆمپانیاکانی ئیسپانیا دەیانەوێ کوردســتان بکەنە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو بازاڕی عێــراق. وەزارەتی ئابووری ئەو وڵاتەش ئامۆژگاری کارســازانی دەکات کە ســوود لە کەرتەکانــی ئاوەدانکردنەوە، تەندروســتی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزاری وەربگرن.

حکومەتی ئیســپانیا ئەوە چەند ساڵێکە بە قەیرانێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت، هەر ئەوەش وایکردووە کە نەتوانێت کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە.

کۆتایــی مانگی ڕابــردوو، پێشــانگایەکی تایبــەت بە کەلوپەلی بیناســازی لە شــاری هەولێر کرایەوە کە 652 کۆمپانیا لە 27 وڵاتی جیهانەوە بەشدارییان تێدا کرد، پشکی شێری ئەو بەشدارییەش بەر تورکیا کەوت کە بە 100 کۆمپانیا بەشدارییان کردبوو. ئیسپانیاش بە 18 کۆمپانیاوە ڕووی کردە هەولێر، بە مەبەســتی پەیداکردنی دەرفەتی نوێی وەبەرهێنان.

بەپێــی زانیارییەکانــی ئاژانســی هەواڵی ئیســپانی (EFE)، ئامانجی ئەو کۆمپانیایانە ئەوەیە کە بتوانن بەهۆی کوردستانەوە بچنە نێو بازاڕی عێراقیشەوە "کوردستان هەرێمێکی زۆر سەقامگیرە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئــەو وڵاتە. هەروەها حکومەتێکی ســەربەخۆ و بازاڕێکی ئــازادی هەیــە، مەزەندە دەکرێت ساڵانە پێویســتی بە 15 هەزار یەکەی تازەی نیشتەجێبوون هەبێت."

### "دەیانەوێ ببنە دوبەیی دووەم"

دەیڤد نکەدیف، بەرپرسی کۆمپانیای ئارتە ئۆساکا کە کەرەستەی دیکۆری بەنرخ دروست دەکات، لەبــارەی وەبەرهێنان لە کوردســتاندا دەڵێ، ئەوێ شــوێنێکی ئارامە و خاکەکەی پڕ کانزایە "ئەوان زۆر حەز دەکەن خۆیان پێشبخەن و دەیانەوێــت ببنــە دوبەیــی دووەم. ئیــدی ژمارەی ئۆتۆمبێلە مۆدێــل نوێیەکان، ناوەندە بازرگانییەکان و ئوتێلی گەورە زۆر دەبن".

بــۆ ناســاندنی هەرێمــی کوردســتان بە کۆمپانیاکانــی ئیســپانیا، وەزارەتی ئابووریی ئیســپانیا ئاگاداریەکــی ســێ لاپەڕەیــی بڵاوکردووەتەوە کە باسی گەشەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردســتان کــردووە. ئاگادارییەکە باسی پیشەسازی پیترۆڵ و غاز وەکو سێکتەری ســەرەکیی وەبەرهێنان دەکات. بەڵام باســی بوارەکانی دیکەش دەکات کە بە بڕوای وەزارەتی ئابووری، کۆمپانیا ئیسپانییەکان دەتوانن سوود لەو بوارانــە وەربگرن بۆ وەبەرهێنان، لەوانەش بوارەکانــی ئاوەدانکردنــەوە، تەندروســتی، ئامێرەکانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزاری.

بەرژەوەندی بازرگان و کارســازانی ئیسپانی بۆ وەبەرهێنان بەرە بەرە لە کوردستان گەورە دەبێت، بەڵام پێچەوانەی چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا کە چەند ساڵە کونسوڵخانەیان لە هەولێر هەیە، ئیســپانیا تاوەکو ئێستا کونسوڵخانەی نییە.

نووســەر و ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕی بواری کێشــەی کورد مانوێــل مارتۆرێــل، لەبارەی نەکردنەوەی ئەو کونسوڵخانەیە دەڵێت "ساڵێک لەمەوبەر بەرژەوەندییان ئەوەی دەخواســت کە کونسوڵخانەیەک بکەنەوە، بەڵام پێموایە ئەوان نایکەنــەوە، چونکە ئیســپانیا ئامادە نییە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی گەورە لە کوردستان. ئــەوان کونســوڵی فەخرییان دانــاوە، بەڵام کونسوڵی فەخری هیچ دەسەڵاتێکی نییە".

مارتۆرێل لەبــارەی زێدەبوونی گرنگیدانی کارســازانی ئیســپانیا بە هەرێمی کوردستان دەڵێ "ڕاستە گرنگیدانی ئیسپانیا بە کوردستان زیاتربــووە، بــەڵام پێموایە ئێمەی ئیســپانی دواکەوتین لە گەیشتن بە کوردستان."

ماریا سانچۆ، کونسوڵی پێشووی فەخری لە هەولێر لەبارەی هەمان پرسیارەوە دەڵێ "خۆزگە وەڵامێکم هەبووایە، زۆرم پێخۆشــبوو وادەیەک دابنرایە بۆئەوەی پێشکەوتنی دانوستاندنەکان بــە ئەنجام بگات. بەداخــەوە دۆخەکە وانییە. هەڵبــەت کردنــەوەی کونســوڵخانەیەکی کار سوودی هەیە بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی هەردوولا."

لەوانەیــە قەیرانی ئابووری لە ئیســپانیا بەربەســتی ســەرەکی بێت "دەزانن کە هیچ حکومەتێکی ئیســپانی ناتوانێ چوارچێوەی چالاکییەکانی فراوانتــر بکات، بەتایبەت لەم ماوەیــەدا کە بودجەی هەمــوو وەزارەتەکان لە هەموو بوارێکدا کەمکراوەتەوە." ســانچۆ وایگوت.

### ئاژانسی هەواڵی ئیسپانیا:
### هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 15 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

# هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە بەردا دەکات

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی توێژینەوەی کۆمەڵەیەکی خانووبەرە و نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر، زیاتر لە نیوەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لە بواری خانوو و بەرزکردنەوەی باڵەخانەدا دەکرێت. ئەم ڕێژەیەش دەکاتــە دوو ئەوەنــدی هەمــوو وەربەرهێنانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

بۆ یەکەمجار توێژینەوەیەکی لەو جۆرە وادەکات ئامارێکی دروســتی وەبەرهێنانــی خانووبەرە و نیشتەجێبوونمان دەستبکەوێ.

ماریۆ جبووری، سەرۆکی کۆمەڵەی (ئای کەی جەی پرۆپێرتی) بە (ڕووداو)ی گوت "وەربەرهێنان لە خانووبەرە پەیوەستە بە قەناعەتی خەڵکەوە. لێرە لە کوردســتان خەڵکــی حەزیان لە کڕین و فرۆشــتنی خانووبــەرە و زەویــوزارە، چونکــە هەســت دەکەن زەرەر ناکەن لــە وەبەرهێنان لە خانووبەرەدا".

هەر بەپێــی توێژینەوەکە کە لە ســەرەتای ســاڵی 2013 دا ئەنجامدراوە، بەشــێکی زۆری ئەم وەبەرهێنانەش لە دروســتکردنی کۆمەڵگەی نیشــتەجێبووندا کراوە کە ئەمەش سەرەکیترین کێشەی هەولێرە.

لەکاتێکدا کوردســتان پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و کەرتی نەوت لە گەشەکردندایە، ژمارەی ئۆفیس و فەرمانگەکان زۆر کەمترە لە چاو و ئەو ڕێژە زۆرەی کۆمپانیاکان کە لە کوردستاندا کاردەکەن.

هەولێر هیچ باڵەخانەیەکی پێشکەوتووی تایبەت بە ئۆفیســی تێدا نییە. هەروەهــا لەو 70 هەزار دۆنمەی کە تەرخانکرابوو بۆ بنیاتنانی باڵەخانە و ئۆفیس، هەمووی بەکارهێنراوە.

بەهۆی کەمیی ئۆفیس و شــوێنی گونجاو بۆ کارکردن، زۆر لــە کۆمپانیاکان ناچار بوون لە شوێنەکانی نیشتەجێبوون ئۆفیس بە کرێ بگرن.

ئێدوارد کارنیجــی، بەڕێوەبــەری کۆمەڵەکە دەڵێــت، کردنــەوەی ئۆفیس لە شــوێنەکانی نیشتەجێبوونی وەک گوندی ئیتاڵی و ئینگلیزی لە ناچارییە. هەروەها گوتی "یەکێک لە کێشەکانی ئــەو کۆمەڵگانــەی نیشــتەجێبوون نەبوونــی خزمەتگوزارییــە. جگە لەوەش ئەو شــوێنانە لەگەڵ پێگە و ناوبانگی کۆمپانیاکاندا ناگونجێن، لەگەڵ ئەوەشــدا کۆمپانیاکان دەرناکەون لە نێو کۆمەڵگەیەکی داخراودا"

ئێدوارد زیاتر گوتیشــی "ئەگەر کۆمپانیایەک زیاتــر لە یەک ڤێلا بەکرێ بگرێ، ئەوکات دەبێت مامەڵە لەگەڵ زیاتر لە یەک خاوەن خانوو بکات. هەندێــک لە خــاوەن ڤێلاکان شــەرم ناکەن لە داواکردنــی زیادکردنی 25%ی کرێــی ڤێلاکانیــان لــە ساڵێکدا".

لە دوو ســاڵی داهاتوودا، زیاتر لە 430 هەزار مەتر دووجا زەوی تەرخاندەکرێ بۆ دروستکردنی باڵەخانەی تایبەت بە ئۆفیسی گشتی لە هەولێری پایتەخت. کارنیجی پێشبینی دەکات ژمارەیەکی زیاتر لە کۆمپانیاکانی بازرگانی و کۆمپانیای نەوت بێنە هەولێر. بەڵام پێشبینی نەکرد کە داواکاری بۆ ڤێلاکانی نیشتەجێبوون کەم ببێتەوە. ئەو گوتی "لەگەڵ گەشەکردنی کەرتی نەوت لە کوردستان، ڕێــژەی خزمەتگوزاری و ژمارەی خەڵکانی بێگانە کە دێنە کوردستان زیاد دەکات".

کارنیجی پێشــبینی کرد ئــەو کۆمپانیایانە بــەردەوام بن لە بە کرێگرتنی ئەو ڤێلایانە، بەڵام گوتی "چیدی ئامــادە نابن بڕی مانگانە 5 هەزار دۆلار بدەن بە کرێی ڤێلایەک. چونکە کۆمەڵگاکانی نیشــتەجێبوون چیتر ناتوانن پێشــبڕکێی ئەو شوێنە تازانە بکەن کە خزمەتگوزارییەکی باشیان دەبێت".

جبــووری پێیوایــە ئەگەر ئەو ســەنتەرەی کۆکردنــەوەی ئۆفیســە بازرگانییــەکان و کۆمپانیاکانیــش دروســت بکــرێ، کاریگەری نابێت لەســەر کەمبوونەوەی کرێی خانووەکانی نیشتەجێبوون "چونکە زۆر لەو خاوەن خانووانە هیچ قەرزێکی خانووبەرەیان لەسەر نییە، داهاتی دیکەیان هەیە، پێویستیان بە کرێی ئەو خانووانە نییە، جگە لەوەش زۆربەیان بۆ ناوبانگ ئەو ڤێلایانە دەکڕن، لەبەر ئەم هۆکارانە نرخی خانوو و زەویوزار لە چوار ساڵی ڕابردوودا زۆر زیادی کردووە".

بەڵام کۆمەڵەکە لەو باوەڕەدایە کرێی خانووبەرە دادەبەزێ، بەهۆی بنیاتنانــی زیاتر لە 15 هەزار شوقەی نیشتەجێبوون لە هەولێر.

هەرچەنــدە نرخی خانووبەرە لە دوو ســاڵی ڕابــردوودا بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام کۆمەڵەکە ئەمە بە قەیرانی کەمیی خانوو ناونابات، چونکە لەو بڕوایەدان نرخی خانووبەرە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە دابەزین بکات لە داهاتوودا.

لە کوردســتان قەرزی خانووبەرە نییە. خاوەن موڵکــەکان بە پارەی کاش خانووەکانیان دەکڕن. بۆیە لەکاتی دابەزینی نرخی خانووبەرەدا مەترسی توانای نەدانەوەی ئەو قەرزانەیان نییە.

نیــوەی زیاتــری بوجــەی وەبەرهێنانــی نیشــتەجێبوون لە دەرەوەی کوردستانەوە دێت، بە تایبەتی لەبەشــەکانی دیکەی عێراقەوە. بەم دواییە بازاڕی خانووبەرە گەشەکردنی بەخۆوە بینی بەهۆی هاتنی کڕیارانی وڵاتانی کەنداو وەک ئیمارات و کوێت.

جبــووری دەڵێــت وەبەرهێنەرانــی وڵاتانی کەنداو پێیان باشــە لــە بازاڕێکــدا وەبەرهێنان بکەن کە ڕێکخستنی یاســایی زیاتری تێدا بێت. پێشبینیشی کرد لە داهاتوویەکی نزیکدا ژمارەکە زیاد بکات، چونکە حکومەت یاســا و ستانداردی زیاتــری ســەپاندووە بۆ باشــترکردنی کوالێتی باڵەخانە نوێیەکان، لەگەڵ ڕێکخســتنی ماستەر پلان و باشترکردنی یاسای ژینگە بۆ گواستنەوەی شتومەک بۆ ناو ئەو موڵکانە.



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

## د.ڕۆژ نوری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق:

# ئەگەر بەغدا بودجەی کوردستان ببڕێت بایکۆتی حکومەت دەکەین



**تـازە لە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی بـۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو تەواوببوون، لە ماڵەکەی خۆی لە گوندی ئەمریکی باسی هەوڵەکان و تێڕوانینی پارتی کرد بۆ حکومەتی ئاینده و بڕوای وابوو ئەمجارە حکومەتەکە جیاواز دەبێ. د.ڕۆژ نوری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت کە میوانی ئەمجارەی بەرنامەی (کەوانەی سوور)ی کەناڵی (ڕووداو) بوو، دەڵێت "نەوشـیروان مسـتەفا ئەمجارە بەئیجابی هاتووەتە پێش و پارتیش پێیوایە ئەوەی بێتە نێو حکومەت دەبێ شەریک بێ".**

**هەڤپەیڤین: ڕێبوار کەریم وەلی**

**ڕووداو: ماوەیەکـی زۆرە لـە ئاینـدەی کوردستان دابڕاوی، لە بەغدا بووی، چۆن بوو بەشداریت کرد لە وەفدی دانوستاندنی پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو؟**

**د.ڕۆژ:** ڕاسـتە من لە بەغـدام، بەڵام لە کوردسـتان دانەبڕاوم، ئـەو کارەی لە بەغدا دەیکەم تەواوکەری کارەکانی کوردستانە.

**ڕووداو: ئـەو دانوسـتاندنانە لـە چ قۆناغێکدان؟**

**د.ڕۆژ:** ئێمە سـەردانی سلێمانیمان کرد، سـەردانی یەکێتی و بزووتنـەوەی گۆڕانمان کرد، لەو چوارچێوەیەدا بە پێویستمان زانی سەردانی هێرۆخانیش بکەین؟

**ڕووداو: بۆچی بە پێویستتان زانی؟**

**د.ڕۆژ:** ئـەو ئەندامێکی دیـاری یەکێتی نیشتمانی کوردسـتانی هاوپەیمانی ئێمەیە، هەروەها خێزانی بەڕێز تاڵەبانییە.

**ڕووداو: کابینەی پێشوو بە کورسی پارتی و یەکێتی و حیزبە بچووکەکان پێکهات، بۆچی هەر بەو کورسـیانە حکومەتتان پێکنەهێنا، پێتانوایە دەبێ حکومەتێکی نیشتمانی بنکە فراوان پێکبێت؟**

**د.ڕۆژ:** ڕاستە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وەکو خۆیەتی، بەڵام بارودۆخی ناوچەکە گۆڕاوە و لـە کوڵاندایە، بارودۆخی عێـراق ئاڵۆزە. لە کوردستانیش ئەو میللەتە تینووی سەقامگیری سیاسـی و ئەمنی و ئابوورییە. بۆیە پارتی دیموکراتی کوردسـتان بە چاکـی دەزانێت لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بەرەنگاری ئەو ڕەوشە ببێتەوەو پاپۆڕی کورد بەرەو کەناری ئارامی ببەین.

**ڕووداو: پێتوایە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ سەقامگیری وەکو بۆچوونی ئێوەیە؟**

**د.ڕۆژ:** لـە کۆبوونەوەکانمـان لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆن ئـەو بۆچوونەمان بیسـت، ئێسـتا ئۆپۆزیسـیۆن نەماوە و هەموومان ئـەو هەڵبژاردنەمان بردووەتـەوە. پێکەوە هەوڵدەدەیـن حکومەتێکی ڕێکوپێکی فراوان دروستبکەین.

**ڕووداو: مەبەسـتتان لە فراوان ئەوەیە کە ئەوانەی پێشتر ئۆپۆزیسیۆن بوون بەشداری بکەن؟**

**د.ڕۆژ:** ئۆپۆزیسـیۆن کاتێک دروستدەبێ کە حکومەت پێکهاتبێت، ئێمە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە پێکەوە ئیش بکەین، ئەوان ئامادەییان نیشـانداوە بۆئەوەی پێکەوە کار بکەین.

**ڕووداو: ئەگەر ئۆپۆزیسـیۆن بەشـداری حکومـەت نەکات هیچ هەڕەشـەیەک دەبێت لەسەر کوردستان؟**

**د.ڕۆژ:** من لەو باوەڕەدا نیم هەڕەشەیەکی گەورە لەسـەر کوردستان هەبێت، بەڵام ئەو کاتەش لەوە زیاترمان پێناکرێت کە لە چوار سـاڵی ڕابردوو کراوە. ڕاستە هەندێک کاری باش کـراوە، بەڵام هەموو شـتێک بە دڵی ئێمە نەبووە، ئێمـە دەمانەوێ لەو بارودۆخە زەحمەتـەی پێیدا تێدەپەڕین وەسـتای ئەو بارودۆخە بین، نەک بارودۆخەکە بەسەرماندا زاڵ بێـت. ئـەوکارەش بە دوو لایـەن زۆر زەحمەتـە بە سـەرکەوتوویی بکرێت. ئێمە لە ئەنجامی دانوسـتاندنەکان گەیشتینە ئەو بـاوەڕەی کە بە هەمووومان پێکەوە حکومەت دروستبکەین.

**ڕووداو: کام لەو لایەنانەی دانوسـتاندنتان لەگەڵ کرد، نزیکترە لەوەی ببێتە شـەریکی پارتی لە حکومەت؟**

**د.ڕۆژ:** مـن ناتوانم بڵێم شـەریکێکم بۆ پەیدابـووە نزیکترە لە من لە شـەریکەکەی ڕابـردووم، من هەوڵدەدەم ئەوانەی کە بڕیارە ببنە شەریکم وەکو شەریکەکەی ڕابردووم بن.

**ڕووداو: کـە حیزبێک ڕادەسـپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، یەکەمجار لەگەڵ حیزبی دووەم دادەنیشێ، بەڵام ئێوە یەکەمجار لەگەڵ حیزبی سێیەم دانیشتن، بۆچی؟**

**د.ڕۆژ:** ئەوە مەرج نییە. جاری بە فەرمی پارتی ڕانەسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، پارتی جەنابی نێچیرڤان بارزانی ڕاسپاردووە بەو ئەرکە هەڵبستێت، کە پارتی ڕاسپێردرا، کاک نێچیرڤان کاندیدی پارتییە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت.

**ڕووداو: یەکەم سـەردانتان بۆ لای یەکێتی پەیامێک بوو کە هێشـتا یەکێتی هاوپەیمانی ئێوەیە؟**

**د.ڕۆژ:** ئـەو پەیامـە تازە نییـە، ئێمە هەمیشە ڕامانگەیاندووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوپەیمانی ئێمەیە.

**ڕووداو: لـەو بـاوەڕەدان ئۆپۆزیسـیۆن نەمێنێت لە کوردستان؟**

**د.ڕۆژ:** ئۆپۆزیسـیۆن هەمیشە هەیە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن ڕەنگە ئەمجارە بێتە پێشەوە و هاوکاریمان بکات.

**ڕووداو: ڕازیـن ئەوان لـە حکومەت بن و ئۆپۆزیسیۆنیش بن؟**

**د.ڕۆژ:** تـۆ ناکرێـت ئۆپۆزیسـیۆن بیت بەو شـێوەیەی کە تا ئێسـتا هەبـووە، لە هەمانکاتیشدا لە حکومەت بیت.

**ڕووداو: دەگوترێ کۆبوونەوەکەتان لەگەڵ یەکێتی زۆرباش نەبووە، لەگەڵ گۆڕان باشتر بووە، بۆچی؟**

**د.ڕۆژ:** نەخێر ڕاست نییە، هەردوولا باش بوون. لەو دانوستاندنانەی کردمان بۆچوونی هەموو لایەنەکان نزیکبوون لە یەکدی، ناتوانیت بڵێیت ئەو لایەنە لەو لایەنە باشتر بوو، بەڵام ئێمە لەگەڵ یەکێتی پێکەوە ئیشمان کردووە و ئێستاش هاوپەیمانین، بۆیە ڕەنگە متمانە لە نێـوان ئێمە و یەکێتی زیاتر بێت لە حیزبێک کە ئۆپۆزیسـیۆن بووە و لەگەڵ من ئیشـی نەکردووە.

**ڕووداو: قەت پارتی بیری لەوە کردووەتەوە بەدیلێک بۆ یەکێتی بدۆزێتەوە؟**

**د.ڕۆژ:** پارتـی بەدرێژایـی مێژووی خۆی هەوڵی ئەوەی نەداوە حیزبێک بۆ ئەم دروست بکات، یان ئینشیقاق بخاتە نێو ئەو حیزب و ئەم حیزب. ماوەیەکی زۆر پارتی تاکە حیزب بووە لە کوردستان. پارتی دەرگای کراوە بووە بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە.

**ڕووداو: هێرشـێکی توند لەسـەر پارتی هەبوو لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن گۆڕانەوە، هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا لەو دانیشتنانە چۆن بوو بەرامبەر پارتی؟**

**د.ڕۆژ:** هەڵمەتـی هەڵبژاردن بووە مێژوو، ئێمە باسی ئێستا دەکەین، ئەمڕۆ دەمانەوێ بە یەکەوە شـتێک دروست بکەین. ئێمە بە ڕوحیەتێکی ئیجابی چووینەتە پێش و ئەوانیش بە ڕوحیەتێکی ئیجابی هاتوونەتە پێش. کاک نەوشیروانیش وەکو ئەوانی دیکە بە گیانێکی ئیجابی هاتووەتە پێش.

**ڕووداو: پێتانوانییە ئەگەر گۆڕان بەشداری حکومەت نەکات ڕەوشـی سـلێمانی ئاڵۆزتر دەبێت لەوەی کە هەیە؟**

**د.ڕۆژ:** جـا بۆچی ئێمە لە ئێسـتاوە بە نێگەتیف تەماشای بکەین، بۆ نەڵێین گۆڕان بەشـداری حکومەت دەکات و ڕەوشی هەموو لایەنێکیش باشتر دەبێت.

**ڕووداو: گۆڕان پێداگیری لەسەر شەراکەت دەکات، پێناچێـت پارتی و یەکێتی بچنە ژێر ئەو بارە؟**

**د.ڕۆژ:** پارتیـش دەڵێت، حکومەت دەبێ حکومەتی شـەراکەت بێـت، وەزیر دەبێت وەزیر بێت و سەرۆک وەزیران دەبێت سەرۆک وەزیران بێت. هەر کەسـێک کە بەشـداری لەو حکومەتـە دەکات بە مەرجێک پابەندی بەرنامەی حکومەت بێت، دەبێت شەریکێکی تەواو بێت.

**ڕووداو: ڤیتـۆ لـە کەس قبـوڵ دەکەن، بـۆ نموونە یەکگرتوو دەڵێـت ئەگەر حیزبە بچووکەکان بەشداری لە حکومەت بکەن، ئێمە بەشداری ناکەین؟**

**د.ڕۆژ:** ئێمـە ڤیتۆ قبوڵ ناکەین. بەڵام لە هەمانکاتیشـدا دەبێت بزانین ئایا پێویستە ئەو لایەنە بەشـداری بکات یان نا. ئایا ئەو پێوەرەی دایدەنێین بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوان دەگرێتەوە یان نا.

**ڕووداو: گەشـبینی کـە حکومـەت زوو پێکبهێنرێت؟**

**د.ڕۆژ:** ماوەیەکـی یاسـایی هەیـە، لەو بـاوەڕەدام لە مـاوە یاسـاییەکە حکومەت پێکدێت.

**ڕووداو: بەردەوام گلەیی لە ئێوە دەکرێ کە لە بەغدا چی دەکەن؟ بۆ نموونە یاسایەک لە بەغـدا دژی کورد دەردەچێت، خەڵک دەڵێت ئەی ئەوان چی دەکەن لە بەغدا؟**

**د.ڕۆژ:** جاری ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، ئێمە کە لە بەغدا کار دەکەین کارەکەمان بە پلەی یەک بەرگریکردنە لە بەرژەوەندی کوردستان، من تەسەوور ناکەم ئەو برادەرانەی لە بەغدان کەمتەرخەم بووبن، هەر هەمان ئەو کەسانەن کە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتیان چەسپاند، هەر ئەوان بوون ئەو دەسـتوورەیان چەسپاند کە هەموو مافێکی کوردی تێدا چەسـپاوە. هەر ئەوان بوون 17%ی بودجەیان بۆ کوردسـتان چەسـپاند، هەر ئـەوان بـوون وایانکرد کە پێگەی کورد ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر بێت لە بەغدا. بەڵام شـاراوە نییە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی عێراق ئەو هاوسەنگییەی کە لە بەغدا هەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ بـەرەو گۆڕان دەچێت. گۆڕانەکە بۆچی؟ یەکەم: ئەو لایەنەی هاوسەنگییەکەی ڕاگرتبوو کە ئەمریکا بوو ڕۆڵی نەما. دووەم: یاسـای هەڵبژاردنی گشـتی کە لە بنەڕەتدا نەدەبووایە لە سـاڵی 2006 لە سەرۆکایەتی کۆمار دەرباز بێت، ئەو یاسایە پێگەی ژمارەی کوردیشی کەمکردەوە. سێ: ئەو لایەنانەی کە هاوپەیمانمانن بە تایبەتی شیعەکان ئەزموونی حوکمیان نەبوو، دواتر زۆرینەیان بەدەستهێنا و پاشان وردە وردە ئەزموونی حوکمیان پەیدا کرد، ئەوان هەوڵیان دەدا دەسـەڵاتی ناوەند زیاتر بێت، واتا دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بێت. ئەمـە هەمووی بووە هۆی ئەوەی تۆ نەتوانی دەستکەوتی زیاتربخەیتە سەردەستکەوتەکانی دیکە. بەڵام لە هەمانکاتدا هەوڵمان داوە ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون لە دەستمان نەچن.

لەلایەکی دیکەوە جەنابی مام جەلال لەوێ نییە، ئەوەش کەلێنێکی گەورەی خستووەتە پێگـەی کورد لەوێ. ئەو دەزگایەی ڕێگر بوو لەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی کورد دەرنەچن لە پەرلەمان، سـەرۆکایەتی کۆمار بوو. ئەوە سـاڵێکە ئـەو کارە ناکرێـت. ڕووداوەکانی کوردستان لەوانەش دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن و خۆپیشـاندانەکان، هەمـوو هانـی ئـەو لایەنانەی دا کە دۆستی کورد نین زۆر هەنگاو بهاوێژن لـەدژی کورد. ئێمەی کورد دەبێ لە بەغدا سیاسـەتێکی یەکگرتوومـان هەبێت، ئەو سیاسـەتەی لە کوردسـتان هەیە نابێت کاریگەری هەبێت لەسەر کورد لە بەغدا.

**ڕووداو: بۆچی کـورد بیر لە پڕکردنەوەی کورسییەکەی مام جەلال ناکاتەوە؟**

**د.ڕۆژ:** ئێمە هیواداریـن جەنابی مام جەلال بەزووترین کات چاک ببێتـەوەو بگەڕێتەوە، تاوەکـو ئومێدی چاکبوونـەوەی مام جەلال مابێت ئێمە ئەو پۆستە دەهێڵینەوە بۆ جەنابی مام جەلال. ئەو پۆستە پڕبکرێتەوە کاتییە و تاوەکو هەڵبژاردنە.

**ڕووداو: ئەو مەسـەلەیە قـەت بە فەرمی باسی لێوەکراوە؟**

**د.ڕۆژ:** بەشێوەیەکی جددی باس نەکراوە.

**ڕووداو: بەپێـی یاسـا دەبووایـە ئـەو مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە، ئایا ئەوە تەنیا بۆ ڕازیکردن نییە؟**

**د.ڕۆژ:** ئـەوە بـۆ ڕازیکـردن نییە، ئەوە بـۆ بەرژەوەندی گەلی کـوردە. مام جەلال کەسایەتی و سەرکردەیەکی دیارە، ئامانجیش ئـەوە بوو کوردێک ئەو پۆسـتە وەربگرێت. ئەگـەر ئەو مەسـەلەیە بورووژێنرێت پێچ و پەنای ئەوەندە زۆرە ڕەنگە بە زەرەری کورد تەواو بێت.

**ڕووداو: ئەو پۆستە بۆ مام جەلال بوو یان بۆ کورد؟**

**د.ڕۆژ:** ئەو پۆستە بە پلەی یەک بۆ کورد بوو، بەڵام شەخسی مام جەلالیش ڕۆڵی بینی لەو بابەتە، هەموو کەسێک هەڵنابژێردرێت و هەموو کەسێک ئەو موئەهەلاتەی مام جەلالی نییە.

**ڕووداو: دوای هەڵبژاردنـی داهاتوو کورد پێداگیری لەسەر ئەو پۆستە دەکاتەوە؟**

**د.ڕۆژ:** ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین سـەرۆک کۆمار وەربگرینەوە.

**ڕووداو: دوای سـەردانەکەی نێچیرڤـان بارزانی بـۆ بەغدا چەند لیژنەیەک پێکهێنران بۆ پرسـە هەڵواسـراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، ئەو لیژنانە چییان بەسەرهات؟**

**د.ڕۆژ:** ڕێککەوتنـەکان بـاش بـوون، دروسـتکردنی لیژنەکان باش بـوون، بەڵام پێویست بوو ئەو لیژنانە کۆببنەوە و بکەونە کار. ئەوەندەی من بزانم تەنیا لیژنەی ئەمنی کۆبـووەوە و ئەو گرژییەی هەبوو لە ناوچەی کەرکووک ساردی کردەوە. نەمزانیوە لیژنەکانی دیکە کارێکی وایان کردبێ.

**ڕووداو: کەموکوڕییەکـە لەلای حکومەتی عێراقە یان هەرێمی کوردستان؟**

**د.ڕۆژ:** ئەو حوکمە بە من مەدە لە خۆیان بپرسـە. بەڵام تۆ وەکو کورد کە تۆ خۆت بە خاوەن ماف دەزانیت، پێویستە تۆ زیاتر بەرەو پێش بچیت و بڵێیت بۆچی ئەو کۆبوونەوانە ناکرێن.

**ڕووداو: هەڵوێسـتی حکومەتی عێراق چی دەبێـت ئەگـەر هەرێمی کوردسـتان نەوت ڕەوانەی تورکیا بکات؟**

**د.ڕۆژ:** دوو هەڵوێسـت هەیە. یەکەمیان هەڵوێسـتی هەرێمـی کوردسـتانە کـە هەڵوێسـتێکی دەسـتوورییە و ڕاستە و لە بەرژەوەندی هەردوولایە. هەڵوێستی دووەمیش هەڵوێسـتی حکومەتی ئیتیحادییـە، ئەوان بۆچوونیـان وایە کە هەموو شـتێک لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بێت. ئەوان لەوەدا پشت بە دەستوور نابەستن و پشت بە یاسا کۆنەکانی سەردەمی سەدام حوسێن دەبەستن.

**ڕووداو: هەموو هەڵوێستەکان لەسەر زاری د.حوسـێن شەهرسـتانی دەردەچن، بۆچی مالیکی قەت هەڵوێست دەرنابڕێت؟**

**د.ڕۆژ:** ئەگەر یاریدەدەرێکی وای هەبێت ئەو ڕۆڵە گەورەیەی داوەتێ کە بابەتی نەوتە و ئەو قسـە گەورانە بکات و ئەو هیچ نەڵێت، وەک پەندە عەرەبییەکە دەڵێت بێدەنگی نیشانەی ڕازیبوونە. جا ئێمە دەبێ لێرە چارەسـەری ئەو مەسـەلەیە بکەین، چونکـە نابێت تۆ بۆچوونێکت هەبێت و ئەوی دیکە بۆچوونێکی دیکە، ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا. هەروەها ئەوە زەرەر لە ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات. چارەسەرەکەش ئەوەیە کە یاسایەکی نوێمان هەبێت بۆ سامانە سروشتییەکان.

**ڕووداو: وردە وردە پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق ئاسایی دەبێتەوە، پێتوایە ئەوە بەر بە پێشـکەوتنی پەیوەندی نێـوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بگرێت؟**

**د.ڕۆژ:** جاریێ شـتێکی زۆر ئاساییە عێراق پەیوەنـدی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسـێ هەبێت، ئەگەر عێراق پەیوەندی خراپی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت ئەوە بۆ عێراق زۆر خراپە. بۆیە ئەو لایەنەی لـە عێراق هەوڵدەدات ئەو پەیوەندیانە تێکبـدات، ئەوە یان ئامانجێکی دیکەی هەیە یان لە ئیشەکە تێناگات. من لەو باوەڕەدا نیـم ئەو پەیوەندییەی نێوان عێراق و تورکیا کاریگەری لەسـەر پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەبێت.

**ڕووداو: ئایـا حکومەتی عێـراق دەتوانێ ڕێگر بێت لەوەی هەرێمی کوردسـتان نەوت بنێرێتە دەرەوە لەڕێی تورکیاوە؟**

**د.ڕۆژ:** من تەسەوور ناکەم.

**ڕووداو: تورکیا ئەو فشارە لە عێراق قبوڵ دەکات؟**

**د.ڕۆژ:** مەسـەلە فشـار نییـە، دەوڵەت دەتوانێ زۆر شت بکات، دەتوانێ تەماع بدات، دەتوانێ ئاسـانکاری بکات. ئێمە لە مێژوودا بینیومانـە کە دوو دەوڵـەت دوژمن بوون و لەسـەر حیسـابی کورد ڕێککەوتوون. ئێمە نابێت ئەوە لە بیربکەین و دەبێت ئامادەکاری بۆ بکەین، ئەوەشە وامان لێدەکات حکومەتێک دروستبکەین کە هەموو لایەکی تێدا بێت.

**ڕووداو: ڕای شەخسـی مالیکـی چییـە لەبارەی نەوتی کوردستان؟**

**د.ڕۆژ:** زۆرینـەی حکومەتی عێراق جگە لە هەندێک شـیعە، بیر لـەوە دەکەنەوە کە نەوت دەبێ شتێکی مەرکەزی بێت. کە ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە.

**ڕووداو: دەڵێن بودجەی عێراق مینی زۆری تێدایە بۆ کورد؟**

**د.ڕۆژ:** ئێمە هەوڵمانداوە ئەولوغمانە لاببەین و لاشـمان داوە، سـاڵی ڕابردووش بایکۆتی حکومەتمان کرد و هاتینەوە کوردستان.

**ڕووداو: دەگوترێـت چونکـە حکومەتـی هەرێمی کوردستان 300 هەزار بەرمیل نەوتی نەناردووە لە ڕۆژێکـدا، حکومەتی عێراق لە بەشـە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت؟ ئایا لە دەستیان دێت؟**

**د.ڕۆژ:** ئەوە مومکین نییە، ئێمە سـاڵی ڕابردووش پێمانگوتن یاسای بودجە، یاسای سزادان نییە، ئەمساڵیش پێیاندەڵێینەوە. هەر کێشـەیەک لە نێوان ئەو دوو لایەنە هەبێت، لایەنێکی دەسـتووری هەیە بڕیاری لێدەدات ئەویـش دادگای فیدراڵییە. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە هۆی ئەوەی زەرەر لە بودجەی عێراق بدات، حکومەتی عێراق بۆی هەیە لە دادگای فیدراڵی سکاڵا تۆمار بکات.

**ڕووداو: ئەگـەر حکومەتی عێراق بەشـە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت ئەمجارەش بایکۆتی حکومەت دەکەن؟**

**د.ڕۆژ:** بەدڵنیاییەوە بایکۆتی دەکەین.

> بەبێ بەشداری ئۆپۆزیسیۆن لە حکومەت لەوە زیاترمان پێناکرێت کە لە ڕابردوودا کراوە

> ئۆپۆزیسیۆن بەشداری حکومەتیش نەکات مەترسی بۆ سەر کوردستان نابێت

> ورووژاندنی پۆستی مام جەلال ڕەنگە بە زەرەری کورد تەواو بێت

> غیابی مام جەلال لە بەغدا کەلێنێکی گەورەی خستووەتە پێگەی کورد

> بێدەنگی مالیکی بەرامبەر هەڵوێستەکانی شەهرستانی نیشانەی ڕازیبوونە

هەگ ئیڤانس، کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# حکومەتی عێراق دەیەوێت بەغدا یان هەولێر هەڵبژێرین



هەگ ئیڤانس، کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت بەریتانیا هەمیشە وجودی هەبووە لە کوردستان "بەریتانیا هەرگیز لەم هەرێمە دوور نەکەوتووەتەوە، هەرگیزیش دوور ناکەوێتەوە". ئۆفیسی کونسوڵخانەکەی ئیڤانس لە هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی وەکو خانزادە، بەڵام ئەو چیدی نایەوێت کاروبارەکانی کونسوڵخانەکە لە ئوتێل جێبەجێ بکات و دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پارچە زەوییەکی بۆ تەرخانکردوون لە ناوچەیەکی دیبلۆماتی، بە نیازن ساڵی داهاتوو دەست بە دروستکردنی باڵەخانەی کونسوڵخانەکە بکەن و لە ساڵی 2015 تەواوی بکەن.

هەڤپەیڤین: یودیت نیورینک

## لە هەولێر پارچە زەوییەکمان وەرگرتووە بۆ کونسوڵخانە

## ڕەوەندی کوردی لە بەریتانیا پەیوەندی ئێمەی لەگەڵ کوردستان بەهێز کردووە

## 112 کۆمپانیای بەریتانی لە هەرێمی کوردستانن

## پەرلەمانتارە نوێیەکانی کوردستان ڤێری کاری پەرلەمانتاری دەکەین

## هیچ سەرکردەیەکی کورد لەلای من باسی سەربەخۆیی کوردستانی نەکردووە

## زۆر سیاسەتمەداری کورد هاووڵاتی بەریتانیان

**ڕووداو: گرنگی بوونی کونسوڵگەری بەریتانیا لە هەولێر چییە؟ لە ڕووی پەیوەندی نێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستانەوە چ گرنگییەکی هەیە؟**

**هەگ ئیڤانس:** ئێمە پەیوەندی مێژوویی و نزیکمان لەگەڵ عێراق و کورد هەیە. بەریتانیا بەشێک بوو لە هاوپەیمانی 2003 و لەوکاتەوە لە عێراقە. ئۆفیسەکەمان لە هەولێر لەساڵی 2011دا بەرزکرایەوە بۆ ئاستی کونسولگەری. ئاواتەخوازم کە بتوانین جێگەیەکی هەمیشەیی دروست بکەین و لەو شوێنەی ئێستامان کە هۆتێلێکە بێینە دەرێ. پارچە زەوییەکمان پێبەخشراوە لە ناوچەیەکی دیپلۆماتی. لە ساڵی دادێ دەست بە دروستکردنی باڵەخانەی کونسولگەرییەکە دەکەین و ساڵی 2015 تەواو دەبێت.

ئێمە دەمانەوێت ئەو پەیوەندییەی کە لە کوردستان هەمانە بە هێزی بکەین. ئەو پەیوەندییەی ئێمە بە بوونی کۆمەڵگەیەکی پەنابەری کوردی لە بەریتانیا بەهێزتر بووە. زۆر سیاسەتمەداری کورد هاووڵاتی بەریتانیان. ئێستا پەیوەندی بازرگانی ئێمە و کوردستان لە گەشەکردندایە. لە 2009 تەنیا سێ کۆمپانیای بەریتانی لێرە هەبوون. ئێستا 112 کۆمپانیامان لێرە هەیە. بەردەوامیش ژمارەی کۆمپانیاکانمان لە زیادبووندایە، بە تایبەتی لە چوار ساڵی دادێ. ئێمە تیمی بازرگانیمان لێرە زیاد کردووە. هیوادارم گەورەتریش ببێت بە زیادکردنی پەیوەندی بازرگانی و هاتنی کۆمپانیای زیاتر.

بەریتانیا و کۆمپانیا بەریتانیەکان مەسەلەی بازرگانی لێرە زۆر بە جددی وەردەگرن. من بە بازرگانە بەریتانییەکان دەڵێم، کاتێک کە دێن بۆ ئێرە دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ بمێننەوە.

نوێنەری بازرگانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، لۆرد مارلاند ماوەیەک پێش ئێستا سەردانی کوردستانی کرد. کاتیک کە گەڕایەوە، زۆر بە جۆشەوە مەسەلەی بازرگانیکردنی لەگەڵ ئێرە باس کرد. ئەو ئەوەی ڕوونکردەوە کە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کوردستان پەیوەندییەکی دوور و درێژ دەبێت بۆ 30 ساڵی دیکە.

ئێمە هیچ دژبەرییەک لە نێوان بوونمان لێرە و پشتگیریکردنی عێراقێکی یەکگرتوو نابینین. ئێمە پشتگیری لە یەکپارچەیی عێراق و یەکێتی عێراق دەکەین. ئێمە نامانەوێت یان بەغدا یان هەولێر هەڵبژێرین. هەرچەندە من دەزانم بەغدا دەیەوێت ئەو گەمەیە بکات. بۆ ئێمە ئەوە گرنگە کە پەیوەندیمان لەسەر بنەمای دەستکەوت-دەستکەوت بێت. بۆ ئێمە گرنگە کە بەغدا و هەولێریش پەیوەندییەکانیان پێشبخەن.

ئێمە هانی بازرگانەکان دەدەین کە بڕواننە بازرگانیکردن لە عێراق بە گشتی. ئێمە پێیان ناڵێین وەرن بۆ ئێرە یان بڕۆن بۆ ئەوێ. زۆر لە بازرگانەکان دێن بۆ کوردستان، چونکە زیاتر سەرنجیان بۆ بازاڕێکی عێراقی فراوان دەچێت. عێراق دەبێتە خاوەن ئابوورییەکی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەبێتە هاوبەشێکی گرنگ بۆ بەریتانیا. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێکە لەو ستراتیژە.

**ڕووداو: بوونی کونسولگەری گشتی بەریتانیا لە هەولێر چ سوودێکی بۆ هاووڵاتیانی ئاسایی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**هەگ ئیڤانس:** ئێمە هیوادارین کورد بوونی ئێمە لێرە وەکو هێمای پابەندبوونی ئێمە بە هەرێمی کوردستان و گەشەی ئەم هەرێمە و بەرەوپێشچوونی ببینێت. ئێمە پەیوەندی زانستی بەهێزمان لەگەڵ یەک هەیە. لە رابردوودا زۆر خوێندکاری عێراقی چوونەتە بەریتانیا بۆ خوێندن، ئێستا زۆر خوێندکاری کورد دەچنە بەریتانیا بۆ تەواوکردنی خوێندن. زانکۆکانی بەریتانیا دەیانەوێت هاوبەشی زانستی دابمەزرێنن. ئەگەری ئەوە هەیە کە خوێندنگەیەکی تایبەتی بەریتانی لێرە بکرێتەوە. زەماڵەی خوێندنی شیڤنین، ساڵانە سێ خوێندکاری کورد دەنێرێتە دەرەوە. ڕاستە ئەمە ژمارەیەکی گەورە نییە، بەڵام ئەو زەماڵانە پارەی تەواوی خوێندکارەکانی دەدات.

ئێمە ساڵانە فێستیڤاڵی فیلمی بەریتانی بەڕێوەدەبەین، بۆ ئەوەی هاوکاری گەشەسەندنی توانای فیلمسازانی کورد بکەین. ئێمە تەمویلی پرۆگرامی گەشەپێدانی توانای ئافرەت و ئازادیی میدیا دەکەین. هەروەها لەوەش گرنگتر پشتگیری ئێمەیە بۆ بەهێزکردنی پەرلەمانی کوردستان. لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ئێمە هاوکاری یەکدی لە پێکەوەنانی پڕۆژەی جیاجیا دەکەین بۆ پشتگیریکردن لە پەرلەمان. ئێمە ڕاهێنانی میدیایی پێشکەش دەکەین، هاوکاری پەرلەمان دەکەین لە مەسەلەی بودجەدا، هاوکاری ئەندامە پەرلەمانە نوێیەکان دەکەین و کاری پەرلەمانییان بۆ شیدەکەینەوە.

**ڕووداو: بەریتانیا ئێستا یەکێکە لەو چەند وڵاتە کەمەی کە فایلی داواکردنی ڤیزا لە هەولێر لە هاووڵاتیانی کورد وەردەگرێت و هاووڵاتیانی کوردستان پێویست ناکا بچنە وڵاتانی دیکە بۆ داواکاری ڤیزا. ئەمە چۆن هاتە ئاراوە؟**

**هەگ ئیڤانس:** بەشێکی گرنگ لە ستراتیژی ئێمە ئەوەیە کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردستان بەهێز بکەین و ئێمە ببینە وڵاتی خوازراوی دروستکردنی پەیوەندی لە کوردستان. بەریتانیا بە ڕووی بزنسدا کراوەیە و داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات بڕواننە بەریتانیا، چونکە بزنس پرۆسەیەکی دوو لایەنەیە.

ئێمە سیاسەتێکی جیهانیمان هەیە بۆ ئاسانکردنی داواکاریی ڤیزا. پڕکردنەوەی فۆرمی ڤیزا، وەرگرتنی پارەی ڤیزا و تەماشاکردنی فایلەکان و.. تاد ئاسانکارییان تێدا کراوە. بەڵام بۆ بڕیاردان، کارمەندانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئوردن بڕیاری ڤیزاکان دەدەن. سەنتەرێکی پێشکەشکردنی داواکاری ڤیزامان لە بەغدا کردووەتەوە، هاووڵاتیانی کوردستان دەتوانن بڕۆن بۆ ئەو سەنتەرەی بەغدا. بەڵام ئێمە داوامان لێکرا کە لێرەش سەنتەرێکی هاوشێوە بکەینەوە، ئێمەش لە مانگی نۆی ئەمساڵ ئەو سەنتەرەمان کردەوە.

تا ئێستا باسی سەنتەرەکە بە باشی دەکرێت. مانگانە چەند سەد کەسێک خزمەتگوزارییەکانی سەنتەرەکە بەکاردەهێنن. ئەم ژمارەیە چاوەڕوان دەکرێت زیاتریش بکات. ئێستا هاووڵاتیان دەتوانن لەسەر ئینتەرنێت کاتی چاوپێکەوتن دیاری بکەن. پارەی داواکاری ڤیزا ئێستا تۆزێک لە جاران زیاترە. ئێستا نزیکەی 400 دۆلارە، ئەوەش بۆ ئەو کۆمپانیایەیە کە داواکارییەکە ڕێکدەخات و بەڕێوەدەبات. ئەم بڕە پارەیە کەم نییە، بەڵام لەچاو ڕۆیشتن بۆ ئوردن و کرێی گواستنەوە و هۆتێل لە ئوردن، ئەم پارەیە زۆر نییە.

ژمارەی گەشتیارە عێراقییەکان بۆ بەریتانیا لە زیادبووندایە. زۆربەی ئەوانەی کە داواکاری ڤیزایان پێشکەشکردووە، ڤیزایان پێدراوە. بەڵام ئێمە دەبێت ڕەچاوی گلەیی وڵاتە ئەوروپییەکانی دیکەش بکەین کە دەڵێن زۆرجار خەڵک سیستەمی ڤیزا خراپ بەکاردەهێنن.

## بەریتانیا بازرگانی لە کوردستان بە جددی وەرگرتووە

بەڵام سیستەمی ڤیزای ئێمە، ڕێگە لە خراپ بەکارهێنانی ڤیزا دەگرێت. ئێمە هەرگیز نامانەوێت ڕێگری لە هاتنی گەشتیار و خوێندکار بکەین. هەروەها بەزیاتر گەشەکردنی کوردستان، کۆمپانیا کوردییەکان ڕوو لە بەریتانیا دەکەن بۆ کارکردن. بەو دواییە ئێمە یەکەم کۆنفرانسی وەبەرهێنانمان بۆ کۆمپانیا کوردییەکان ڕێکخست لە بەریتانیا.

**ڕووداو: بە ڕەچاوکردنی ڕابردووی هاوبەش، بۆ نموونە مەلیک مەحموود کە سەرکردەیەکی کورد بووە، تا ئەو کاتەی کە خەباتی لە دژی دەسەڵاتی بەریتانی دەستپێکرد و داوای سەربەخۆیی و ئازادی کوردستانی کرد، لەلای بەریتانییەکان وەکو مەلیک ناسێنرابوو. ئێستا حکومەتی بەریتانی چۆن هەست بەو بەرپرسیارێتییە دەکات سەبارەت بە ڕابردووی هەرێمی کوردستان؟**

**هەگ ئیڤانس:** بەبڕوای من بەریتانیا هەرگیز ڕووی لەم هەرێمە وەرنەگێڕاوە و لەو بڕوایەشدا نیم کە ئێمە کارێکی لەو جۆرە بکەین لە داهاتوودا. سەرەڕای ئەمەش کاتێک کورد باسی مێژوو و پەیوەندی نێوان هەردوولا دەکەن بەشێوەیەکی باش باسی دەکەن. ئێمە پەیوەندییەکی نزیکمان هەیە و هەوڵیش دەدەین ئەو پەیوەندییە نزیکتر بکەین.

کوردستان بە سەردەمێکی زۆر سەخت و دژواردا تێپەڕیوە لە ڕابردوودا، من زۆر سەرسام بووم بەو پێشکەوتنەی کوردستان کە لە بنەمایەکی کەمەوە بەدەستیان هێناوە و بەتایبەتی لە دوای دیکتاتۆرێکی دڕندە کە بووە هۆی ئاوارەبوونی زۆر لە سەرکردەکانی ئێستای دەسەڵات.

کوردی ئەمڕۆ داوای هاوبەشی دەکەن لەگەڵ عەرەبەکاندا و بە هەمان شێوەش عەرەبەکان هەمان داوایان هەیە، بەبڕوای ئێمە ئەوان چارەنووسێکی هاوبەشیان هەڵبژاردووە. بەڵام لە دیموکراسی مۆدێرندا، خەڵکی بڕیاردەرن و مافی کەمینەش دەبێت بدرێت. دەبێت ڕێگە بدرێت کەمینەکان بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

عێراق لە توانایدایە ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی بەرچاو، من زۆر سەرسام بووم بە دوایین هەڵبژاردن کە لە عێراق ئەنجامدرا، تەنانەت لە دەوڵەتێکدا کە خەڵکی بەدەست گرووپە تیرۆریستەکانەوە دەناڵێنن، دیموکراسی هێشتا دەتوانێت گەشە بکات و پێشبکەوێت. ئەوەش بەهێزیی سیستەمی دیموکراسی پێشاندەدات.

**ڕووداو : ڕۆڵی حکومەتی بەریتانی چییە لە نێوان کورد و عەرەبەکانی عێراقدا؟ ئایا بوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ کورد هیچ ڕۆڵێکی هەیە لەم پرۆسەیەدا؟**

**هەگ ئیڤانس:** ئێمە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنادەین ئەگەر لەسەر داوای خۆیان بانگهێشت نەکرێین، بێگومان ئێمە دڵگران بووین بەو ڕەوشە ناخۆشەی کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەبووە. ئێمە لەگەڵ هەردوولادا بە توندی پشتگیریمان لە دیالۆگ کردووە لەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجامدراون، ئێمە خۆشحاڵ بووین بەو ڕەوشە بە تایبەتی لە مانگی ڕابردوودا، هەموو کاتێک پشتگیری دەکەین لەو هەوڵانەی کە بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان دەدرێن.

پێویستە لەسەر دامەزراوە بازرگانییەکان، کوردستان وەک دەروازەیەک بەکاربهێنن بۆ پارچەکانی دیکەی عێراق، ئێمە هەست بە بوونی کێشەکان دەکەین لە نێوان هەرێمی کورستان و حکومەتی عێراق سەبارەت بە وەبەرهێنانی وزە (بەغدا هەڕەشە دەکات لە کۆمپانیا نەوتییەکانی باشوور بەوەی کە مافی ئەوەیان نییە لە کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان کاری وەبەرهێنان بکەن)، ئێمە دەمانەوێ هەردوولا ڕێکەوتننامەیەکی درێژ واژوو بکەن لەسەر وەبەرهێنانی وزە. هەروەها لە کەرکووک کۆمپانیای BP کار دەکات کە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە. ئەوان بڕیارەکانیان لەسەر بنەمای قازانج بۆ خۆیان دەردەکەن، ئێمەش ڕێز لە ئیرادەی ئەوان دەگرین.



## ساڵانە سێ خوێندکاری کورد لەسەر حیسابی بەریتانیا دەخوێنن

**ڕووداو: بەرپرسانی کورد زۆرجار باسی سەربەخۆی کوردستان دەکەن، بەبڕوای تۆ کاریگەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەسەر بازرگانی لە کوردستان چۆن دەبێت؟**

**هەگ ئیڤانس:** هیچ کام لەسەرکردە کوردییەکان تا ئێستا باسی ئەوەیان نەکردووە کە بەرنامەی ئەوەیان هەیە کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لە کۆتاییدا ئەو بڕیارە بڕیارێکە کە دەبێت لەلایەن عێراقیەکانەوە بدرێت. ئێمە پشتگیری لە یەکپارچەیی عێراق و بەرەو پێشچوونی دیموکراسی لە هەموو عێراق دەکەین، هەر بۆیە ئەوە شتێک نییە کە ئێمە بڕیاری لەسەر بدەین.

ڕووداو تاراوگە

ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25


## ئۆز خەڵاتی پەروەردەی ساڵی بەدەستهێنا



**ڕووداو–سوێد**

هونەرمەند و کەسایەتی ناسراوی کوردی تاراوگەنشینی سوید، ئۆز نۆژەن یەکەمین خەڵاتی پەروەردەی گەلی ساڵی لەلایەن ناوەندەی پەروەردەی گەل لە سوید پێ بەخشرا. فۆلک بیلدافۆرموم ئەو خەڵاتە باڵایەی بواری پەروەردەی سڤیل ساڵانە لە کۆنفرانسێکی نیشتیمانیی بەسەر کەسایەتییەکی ناسراو، یان گروپێکی کارای وڵات دەبەخشێت لە بەرامبەر کاری پەروەردەی سڤیل و خۆبەخشی کە کاریگەری دیاریان لەو ساڵەدا هەبووە لەسەر کۆمەڵگە. خەڵاتەکە بڕوانامەیەکی شانازیی گەورەیە لەگەڵ میدالیایەک بە نرخی 10،000 کرۆنی سویدی.












# کوردە و خولە سوێدییەکان فێری خۆراکی کوردی دەکەن

**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

ئێستا سوێدییەکان هێندەی کورد و ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکەی تاراوگەنشین ڕوو لە بازاڕە کوردی و ڕۆژهەڵاتییەکان دەکەن. ئەوان شەیدای سەوزە و ماستی کوردی و گۆشتی حەڵاڵن و وا دەزانن ئەوانە بەرهەمی کوردین و لە کوردستانەوە هاتوون، بەڵام لە ڕاستیدا لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێرانەوە هاوردەکراون.

کۆنترین بازاڕی ڕۆژهەڵاتی لە سوێد بۆ کۆتایی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە کە کوردی نیشتەجێی سوێد ڕۆڵیان لە دانان و گەشەپێدانی ئەو بازاڕانەدا هەبووە و توانیویانە بە کوردی بکەن، یان وەک کارمەندی یەکێک لەو بازاڕانە گوتی "توانیومانە بیکوردێنین".

### "کورد کێشەیان لەگەڵ حەرام و حەلاڵ نییە"

یەکەمین مارکێتی ڕۆژهەڵاتی لەلایەن کوردێکی باشووری کوردستانەوە دامەزراوە. خەسڵەتی ئەو بازاڕانە وایە کە دەبێ گۆشتەکانیان حەلاڵ بن و سەوزە و میوە و ماستی کوردییان هەبێت. سەلام کوردە کە خاوەنی کۆنترین بازاڕی ڕۆژهەڵاتیی کوردییە لە ستۆکهۆڵم بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بەرهەمە ڕۆژهەڵاتییەکان دەفرۆشین و عەرەب و فارس کڕیارن، کورد زۆر کێشەیان لەگەڵ حەرام و حەلاڵ نییە".

### سوێدییەکانیش کڕیاری حەڵاڵن

ڕۆژهەڵاتییەکان بەهۆی سەربڕینی ئاژەڵ بە شێوازی ئیسلامی ڕوو لە مارکێتی کوردی دەکەن، بەڵام سوێدییەکان پێیانوایە کورد پاکتر مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرهەمە گۆشتییانە دەکەن، بۆیە ئەوانیش زۆر ڕوو لەم بازاڕانە دەکەن.

مارکێتەکەی خولەی شیستا کە بەگەورەترین مارکێتی ڕۆژهەڵاتی ستۆکهۆڵم و دووەمینی سوێد دادەنرێت، بەهۆی ئەم بەرهەمە خۆراکییە کوردی و ڕۆژهەڵاتییانە لەلایەک و بەهۆی هەرزانییەکەی لەلایەکی دیکە، زۆرترین کڕیاری سوێدی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. کارلا ئێندرشون کە لە مارکێتەکەی خولە خەریکی کڕینی کەلوپەل بوو بە (ڕووداو)ی گوت "خواردنی کورد پاک و تەندروستن، بەڵام هەندێکیان گرانن، بۆیە هەفتانە دەیکڕین".

### سوێدییەکانیش بەرهەمی کوردی دەفرۆشن

بەهۆی بازاڕ گەرمی ئەو خۆراکانەی بەناوی خۆراکی کوردییەوە دەفرۆشرێن، ئێستا سوێدییەکانیش ڕوویان لە فرۆشتنی خۆراکی کوردی کردووە، وەک سەلام کوردە گوتی "ئێستا سوێدی و مارکە بەناوبانگەکانیش فێری فرۆشتنی بەرهەمە کوردی و ڕۆژهەڵاتییەکان بوون".


لە مارکە بەناوبانگەکانی وەک ئیکا و ماتداگس و ئیککۆ کە زۆرترین بنکەیان لە سوێد هەیە، ئێستا نانی کوردی و ماستی تورکی و سەوزە و گۆشتی حەڵاڵیش دەفرۆشن، کوردە گوتی "ئەمە کاریگەری لەسەر بازاڕی ئێمە دەبێت، بۆیە ناچارین بە نرخ کێبڕکێی ئەوان بکەین".

### خواردنی قەدەغەکراو و کارمەندی ڕەش

بەهۆی نزمیی کواڵێتییان، زۆرجار بازاڕە کوردییەکان دەکەونە بەر مەترسی بڕیاری لیژنەکانی کۆنترۆڵ. زۆر بەرهەمی خۆراکی لە سوێد قەدەغەن، بەتایبەتی پەلەوەرەکان، یان گیانلەبەری تازە سەربڕدراو، زۆرجار بەدزیی حکومەت و لیژنەکانەوە لەم بازاڕانەدا ئەو جۆرە بەرهەمانە دەفرۆشرێن. فرۆشیاران دەڵێن "زۆرجار کۆتر و مراوی قەدەغەکراومان کڕیوە".

لەلایەکی دیکەوە، ئەو بازاڕە ڕۆژهەڵاتیانە بوونەتە شوێنی قاچاخچێتی پەنابەران، وەک کارمەندێکی دەزگای کۆچی سوێد بە (ڕووداو)ی گوت "زۆر لەو مارکێتانە لە بەرامبەر پارە بە بازاڕی ڕەش خەڵک دەهێنن".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە ماوەی 4 ساڵی ڕابردوودا 3 هەزار پەنابەری کورد بەو شێوەیە هاتوونەتە سوێد کە هەر یەکێکیان نزیکەی 25 هەزار دۆلاری لێوەردەگیرێت و هاوکات لە بەرامبەر پارەیەکی زۆر کەم کارێکی زۆریان پێدەکرێت. فەرمانگەی باج و پۆلیس و سەندیکا زۆر جەخت لەسەر ئەم پرسە دەکەنەوە و وەک یەکێک لە ڕێگاکانی کۆچی



نایاسایی وەسفی دەکەن. بەڵام بەرپرسی کارگێڕی مارکێتەکەی خولە ڕەتیکردەوە شتی لەو شێوەیەیان هەبێت و سەلام کوردەش گوتی "هیچ کارمەندێکی ڕەشمان نییە".

(فوئاد ح.ح)، کارمەندی ناوەندێکی کوردییە کە لەترسی ئەگەری دەرکردنی، ناوی شوێنەکەی ئاشکرا نەکرد، بە (ڕووداو)ی گوت "5 ساڵ بێ ئیقامە بووم و دواتر لەڕێگەی کوردێکەوە ئێستا لەم شوێنە کار دەکەم و ئیقامەی کارم هەیە". گوتیشی "مانگانە 8 هەزار کرۆنی سوێدیم دەداتێ و هەفتەی 6 ڕۆژ و ڕۆژی 10 کاژێر کارم پێدەکات، سەرەتاش 15 هەزار دۆلاری لێوەرگرتم". بەڵام بەپێی سیستمی کاری سوێد کارکردنی مانگانەی ئەو کەسە لە بەرامبەر 27 هەزار کرۆنی سوێدییە کە دەکاتە 4150 دۆلار.

جۆرێکی دیکە لە کاری ڕەش کە زۆرجار مارکێت و بزنسمانی کوردی پێ تۆمەتبار دەکرێت هێنانی ئەو کەسانەیە کە دۆسیەیان لەو وڵاتە نییە و بێ ئیقامەن. یان ئیقامەیان هەیە و بێکارن. لەو بازاڕانەدا بەشێوەیەکی نایاسایی کاریان پێدەدرێت. خاوەن و کارمەندەکانی ئەو کۆمپانیا و مارکێتانە دیاردەی لەم شێوەیەیان ڕەتکردەوە، بەڵام کارمەندێکی کوردی مارکێتەکەی خولە گوتی "نابێ ڕۆڵی بازرگانانی کورد و خودی ئەم مارکێتە لەبیر بکەین کە چەند خزمەتی کوردیان لە سوێد و کوردستان کردووە".

### پۆڵۆنیا جێی کوردستان دەگرێتەوە

بەپێی قسەی کارمەندێکی کارگێڕیی باڵای مارکێتەکەی خولە، چەند جارێک هەوڵیان داوە بەرهەمی وەکو گەزۆی سلێمانی، ماستی هەولێر، سرکەی هەناری هەڵەبجە، نانەقەیسی شەقڵاوە و برنجی ئاکرێ هاوردە بکەن، بەڵام زۆری کرێی گواستنەوە و گومرگ لە کوردستان ڕێگرن لەوە.

بۆیە سەلام کوردە دەڵێت "لە بری ئەمانە بەرهەمی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دێنین". گوتیشی "وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان نەک هاوکار نین، بەڵکو لەمپەریش دروستدەکەن".

کوردە ئێستا مارکەیەکی ناسراوی سوێدە و بەرهەمی برنجی کوردی و سەوزە و پەنیر و چاو شتی دیکەی هەیە، بەڵام ئەم و بازرگانەکانی دیکەی وەکو خولە، برنجە کوردییەکە لە پۆڵۆنیا و سەوزەکەش لە ئێران و ماستە کوردییەکەش لە تورکیاوە دەهێنن.

ئاری سەعید کە کارمەندی مارکێتەکەی خولەی شیستایە گوتی "نانی تیری لە نەرویج و سەوزەش جگە لە سوید لە ئێران بەرهەم دێنین، ماستیش لە تورکیا و برنجی کوردیش لە ئەڵمانیا و پۆڵۆنیاوە دەهێنین".

### گۆشتی حەڵاڵ بە دەست کوردەوەیە



ئێستا گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی گۆشتی حەڵاڵ لە سوێد بەدەست کوردەوەیە، کە دوو برای خەڵکی باشووری کوردستان بەرهەمی دێنن بەناوی دلێر و جەلیل.

D&J ئێستا بووەتە مارکەیەکی ناسراوی کوردی ئەو ناوچەیە و جگە لە گۆشت، برنج و ئاردیش بەرهەم دێنن. کارمەندێکی گرووپی کۆمپانیاکانی D&J گوتی "ئەوان سەدان کوردیان خستووەتە سەر ئیش".

## دەیەوێ ببێتە دووەم پەرلەمانتاری کورد لە بەریتانیا

# خاوەنی خەڵاتی "کەباب" چاوی لە پەرلەمانی بەریتانیایە


**شارمیلا دێڤی**
**ڕووداو– لەندەن**


ئیبراهیم دۆگاس، بازرگان و چالاکوانی کورد لە بەریتانیا کە داهێنەری خەڵاتی کەبابی بەریتانییە، خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە دووەم پەرلەمانتاری کورد لە مێژووی پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا.

دۆگاس، چالاکوانێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی بەریتانییە لە پارتی کار و خۆی بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکانی بەریتانیا ئامادە دەکات کە بڕیارە لە مانگی ئایاری 2015 بەڕێوەبچێت. دۆگاس دەیەوێت لە ناوچەی ئینفیلد ساوسگەیت لە باکووری لەندەن خۆی کاندید بکات.

ئیبراهیم دۆگاس لە ڕێستورانتەکەی خۆی بە ناوی (تۆریا) قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "گرنگترین بەرنامەی کاری من لە بواری تەندروستی و خزمەتکردنی لاوان و بەساڵاچوواندا دەبێت".

ئەگەر دۆگاس بگاتە پەرلەمانی بەریتانیا، لەدوای نەدیم زەهاوی، دەبێتە دووەم پەرلەمانتاری کورد لە مێژووی بەریتانیادا. نەدیم ئەندامی فراکسیۆنی پارتی پارێزگارانە کە ئێستا لە هاوپەیمانییەکدا لەگەڵ پارتی لیبراڵ دیموکرات حوکمی بەریتانیا دەکەن.

دۆگاس لە باکووری کوردستان لەدایکبووە لە تەمەنی 14 ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی چوونەتە لەندەن. دۆگاس ئەوکات کەمێک ئینگلیزی دەزانی، بەڵام لە زۆربەی تاقیکردنەوەکان دەرنەدەچوو. ئەو دەڵێت "زۆرجار دەمویست قوتابخانە بەجێبهێڵم، چونکە زۆربەی منداڵانی قوتابخانەکە وایاندەزانی من بێ مێشکم".

بەڵام دۆگاس بێ ئومێد نەبوو، لە کۆتاییدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی گرینویچ لە بەشی سیاسەت بەدەستهێنا. لە هەمانکاتدا دەستیکرد بە کارکردن لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا "کاری من لە نێو کۆمەڵگە و دواتر کاری ئێوارانم لە ڕێستورانتێک ئەوە پیشان دەدا کە من تەنیا خوێندکار نەبووم".

دۆگاس دەڵێت "ئەوەندەم نەمابوو واز لە زانکۆ بێنم. بەڵام ئەگەر وام بکردبایە ئەوکات خەڵکی دەیانگوت لەبەر سیاسەت خوێندنم بۆ تەواو نەکرا. بۆیە پێویست بوو خوێندنەکەم تەواو بکەم".

پێش ئەوەی بڕوانامەی ماستەر لە بواری دیپلۆماسی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێت، دۆگاس ڕێستورانتێکی خواردنی ڕۆژهەڵاتی لە ناوەڕاستی شاری لەندەن کردەوە.

سەرەڕای بەڕێوەبردنی ڕێستورانتەکەی، لە چالاکییە سیاسییەکانی بەردەوام بوو. یەکێک لە چالاکییەکانی دامەزراندنی هەفتەنامەیەکی کوردی-تورکی بوو لە لەندەن بە ناوی تەلەگراف کە تیراژی 25 هەزار دانە بوو.



ئەو هەروەها هانی کوردی ئەو وڵاتە دەدات بۆئەوەی پشتگیری لە پارتی کار بکەن و پەیوەندی بەو پارتەوە بکەن، بەڵام ڕەتیکردەوە کە مەبەستی تەنیا ئەوە بێت پشتگیری لە کاندیدکردنی خۆی بکەن.

دۆگاس دەڵێت، ئەو بە باشی لە کێشەی کوردە بەریتانییە لاوەکان دەگات و پێیوایە هەندێکیان پێدەچێت لە "قەیرانی شوناس"دا بن.

"یەکەم گرووپی پەنابەری کورد کێشەی زۆریان هەبوو. ئەوان هەر لە گەڕەکە بچووکەکانی خۆیاندا چەقیبوون. دووکان و بازاڕی خۆیان جیا بوو. وایان هەست نەدەکرد کە لەگەڵ کۆمەڵگەی بەریتانیدا تێکەڵن". دۆگاس هەروەها دەڵێت "ئێستا زۆر لە گەنجان لە قەیرانی شوناسدان و لە خوێندنیاندا باش نین. زۆر کێشەی دیکەیان لە کۆمەڵگەکەدا هەیە وەکو مافیاگەری و زیندان و خۆکوشتن. بەشێک لە کێشەکە ئەوەیە باوک و دایکیان لەناو کەلتوورێک گەورە بوون و ئەوانیش لە کەلتوورێکی دی".

### 250 هەزار کورد لە بەریتانیا دەژین

بەڵام دۆگاس گەشبینە و دەڕوانێتە سەرکەوتنی کۆمەڵگەی پەنابەرانی دیکەی وەکو ئاسیاییەکان و جوولەکان، پێیوایە ڕۆژێک کوردیش هاوشێوەی ئەوان جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا دەکەنەوە.

دۆگاس پێیوایە ژمارەی کورد لە بەریتانیا 250 هەزار کەس دەبێت. ژمارەی کورد لە بەریتانیا بە دروستی نازانرێت و کێشەکە ئەوەیە کە لە کاتی سەرژمێریدا کورد بە شوناسی جیا جیا خۆیان دەناسێنن "هەندێک لە کوردە لاوەکان گرنگیی خۆناساندن وەکو کورد نازانن" وەکو دۆگاس دەڵێت.

دۆگاس لە ساڵی 2011 سەنتەری لێکۆڵینەوەی تورکیای دامەزراندووە. ئەو هیواخوازە ئەو بارەی ئێستا کە لە نێوان تورکیا و کورد هاتووەتە ئاراوە تێپەڕێت و هەروەها پشتگیری لە پارتی کار دەکات لە سیاسەتەکانیدا کە پشتگیری لە ئەندامێتی تورکیا دەکات لە یەکێتی ئەوروپادا.

دۆگاس کە یەک کوڕی هەیە، لەلایەکی دیکەوە خەریکی چالاکییە بازرگانیەکانیەتی و ئێستا خاوەنی ڕێستورانتێکە لە ئیتاڵیا و کۆمپانیایەکی کۆفرۆش و هەروەها کۆمپانیایەکی ریسایکلینیشی هەیە.

### داهێنەری خەڵاتی کەباب

ئیبراهیم دۆگاس، ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەمجار خەڵاتێکی ڕێکخست بە ناوی کەبابی بەریتانی، بۆ باشترین کەبابخانە لە بەریتانیا، دۆگاس بیرۆکەی خەڵاتی کەبابی بەریتانی لە خەڵاتێکی هاوشێوە وەرگرتووە بۆ خواردنە هیندییەکان.

دۆگاس دەڵێت "زۆربەی ڕێستورانتی کەبابەکان لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێن. هەرچەندە ریکلام بۆ ڕێستورانتەکانیان بەناوی خواردنی تورکی و هەندێکجار بە ناوی لوبنانییەوە دەکەن. هەروەکو چۆن زۆربەی ڕێستورانتە هیندییەکان لەلایەن بەنگلادیشیەکانەوە بەڕێوەدەبرێن".



ڕووداو
هونەری
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25

## ژنانی شانۆکار کێشەیان هەیە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەمەبەستی باسکردنی کێشەکانی بەردەم شانۆکارانی ژن، دیدارێکی دوو ڕۆژە بۆ شانۆکارانی کوردستان بەناوی دیداری خانمانی شانۆکار لە هەولێر سازکرا. ئاشنا ڕەئوف، شانۆکار کە یەکێک بوو لە ئامادەبووانی دیدارەکە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە دوو ڕۆژی دیدارەکەدا چەندین تەوەری گرنگ باسکران و شرۆڤەی زانستییان بۆ کرا، ڕێگەچارەی پێویستیان دەستنیشان کرد، بڕیاریشە یاداشتێک بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرز بکرێتەوە". ئاشنا گوتیشی "ئێمە جگە لەوەی وەک شانۆکار کاردەکەین، ئەرکێکی دیکەشمان لەسەر شانە کە ئەویش دایکایەتی و کاری ماڵەوەیە، بۆیە ڕووبەڕووی گەلێک کێشە دەبینەوە تاوەکو شانۆگەرییەک پێشکەش دەکەین".

# "شڤان پەروەر، پاڤارۆتیی کوردە"



**ئەلێکزاندرا دی ستیڤانۆ پرۆنتی**
**ڕووداو- بەرشەلۆنە**

گۆرانی و زمان هەمیشە بەشێک بوون لە ناسیۆنالیزم، بە تایبەتی لای ئەو نەتەوانەی کە بە هیوان نیشتیمانێک بۆ خۆیان دروستبکەن و پارێزگاری لە زمان و کەلتووری خۆیان بکەن. ئەمە هەمان شتە بۆ کوردێک لە دیاربەکر، یان بۆ کاتالۆنییەک لە ئیسپانیا.

لای کورد، یەکێک لە هونەرمەندە دەنگ زوڵاڵەکانی نەتەوەکەیان کە چەندین ساڵە دەربەدەرکراوە، شڤان پەروەرە. پەروەر کە چەندین ساڵە کار بۆ پاراستنی کەلتوور و زمان و هونەری کوردی دەکات و هاوار دەکات کوردستان، هەفتەی ڕابردوو گەڕایەوە شاری دیاربەکری دڵی باکووری کوردستان.

پەروەری تەمەن 57 ساڵ جارێکیان گوتبووی کە ئەو "گۆرانی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری گەلەکەی و تیژکردنی تووڕەییان" دەڵێت. لە بەردەم هەزاران هۆگر و چەند کیلۆمەترێکی کەم لە شوێنی لە دایکبوونیەوە کە بەهۆی گۆرانیەکانییەوە لێی دوورخرابووەوە، شڤان پەروەر گۆرانی مەگری دایە مەگری بە دوێت لەگەڵ ئیبراهیم تاتلیسەس گوت.

لە ساڵی 1976 کاتێک کە شڤان پەروەر ڕووی لە تاراوگە کرد و چووە ئەڵمانیا، لەبەر ئەوە بوو کە ڕازی نەبوو واز لە گۆرانیگوتن بە زمانی دایکی بهێنێت، هەر لەو کاتەدا لە ئیسپانیا یەک ساڵ پێشتر ژەنەڕاڵ فرانسیسکۆ فرانکۆ مرد. لەو کاتەدا هەرێمی کاتالۆنیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو زمان و هەستی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت کە لەلایەن ئەو دیکتاتۆرە ئیسپانییەوە قەدەغەکرابوو.

هونەرمەندانی وەکو ڕایمۆن، هوان مانوێل سێرات، لویس یاک و ئۆڤیدی مۆنتێر هەموو شڤان پەروەری کاتالۆنیا بوون و بەردەوامییان بە زمان و بوونی کاتالۆنیا دەدا.

سێراتیش وەکو شڤان بەهۆی زەبرو زەنگی ڕژێمەکەی فرانکۆ ئاوارەی مەکسیک بوو بوو، ئەو لەبارەی ژیانی تاراوگەنشینییەوە دەڵێت "تاراوگە یەکێکە لە خراپترین ئەزموونەکان کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە".

میگێل-یوس مونتانە، هۆزانڤانێکی کاتالۆنی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی ئیسپانیدا ڕۆژنامەنووس و ئاوازدانەر بوو، بە (ڕووداو)ی گوت "یەک دانە کۆنسێرت نەبوو کە تێیدا خەڵکی داوای ئازادی، لێبووردن بۆ زیندانیان و ئۆتۆنۆمی بۆ کاتالۆنیا نەکات".

کاتالۆنیا کە ژمارەی دانیشتووانەکەی 5.7 ملیۆن کەسە، لە ساڵی 1979 وەکو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە ئیسپانیا ناسێنراوە. حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا پێشتر ڕایگەیاندووە کە لە ساڵی داهاتوودا ریفراندۆم لەبارەی سەربەخۆیی کاتالۆنیا لە ئیسپانیا بەڕێوەدەبات.

د.دلاوەر عەلائەدین، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و مامۆستای زانکۆی نۆتینگهام، لەبارەی گەڕانەوەی شڤان پەروەر بۆ ئامەد بە (ڕووداو)ی گوت "بەخێرهێنانی پەروەر لە تورکیای ئەمڕۆدا ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە پیشان دەدات کە تورکیا پێیگەیشتووە". گۆڕانکارییەکانی تورکیا هەروەکو د.دلاوەر دەڵێت "بەڕاستی گەورەن".

هەتا 11 ساڵ پێش ئێستاش، قسەکردن و گۆرانیگوتن بە کوردی لێپێچینەوە و سزای قورسی لەسەر بوو. تەنیا لەساڵی 2012 بە دواوە ڕێگە بە زمانی کوردی دراوە کە لە خوێندنگەکاندابەکاربهێنرێت.

"ئەم وڵاتە بە زۆر قۆناغ و ئیمپراتۆریەتدا تێپەڕیوە. بەڵام ئێستا قۆناغێکی نوێیە. ئێستا قۆناغی ئاشتی و دیموکراسیە. ئێمە هەموومان پێویستە لە ئاشتیدا بژین، ئیدی زمان و کەلتوورمان هەر زمان و کەلتوورێک بێت". شڤان پەروەر لەبەردەم هەوادارانیدا لە ئامەد ئەو قسانەی کردن.

د.دلاوەر لە باسی پەروەردا دەڵێت "گۆرانییەکانی لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا، عێراق، ئێران و سوریاوە قەدەغە کرابوون". ئەو هەروەها دەڵێت "لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا وشەکانی نێو گۆرانییەکانی شڤان پەروەر شەڕکەرانی ئازادییان بە جۆش و خرۆش دەهێنا".

پەروەر سوپرایزێک بوو کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئامەد. بارزانی لە وتارەکەیدا لە ئامەد گوتی "ئەو ڕۆژانەی کە خوێنی گەنجێکی تورک بە دەستی گەنجێکی کورد، یان خوێنی گەنجێکی کورد بە دەست گەنجێکی تورک دەڕژا، تێپەڕین".

د.دلاوەر دەڵێت "سەردانەکەی پەروەر بەشێکە لەو گۆڕانکاریانەی کە سەردانی بارزانی بۆ ئامەد ئاسایی کردووە".

کەنعان ئاکسوو بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کەلتوور و توریزم و میوزیک لە ئامەد بە (ڕووداو)ی گوت "هاتنی پەروەر و بارزانی هاندەرێکی مەزنی پرۆسەی ئاشتین". هەروەها گوتی "بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گوێگرتن لە گۆرانییەکانی پەروەر قەدەغەبوون و خەڵکی بە نهێنی گوێی لە گۆرانییەکانی دەگرت".

بەیرام توتملوی یەکێک لە ئەیجێنتە نێودەوڵەتییەکانی فوتباڵ بە (ڕووداو)ی گوت کە گەڕانەوەی پەروەر جێگەی خۆشحاڵییە.

"پەروەر، لوسیانۆ پاڤارۆتیی کوردە، پیاوێکە کە خزمەتی ئاشتی و نیشتیمانەکەی خۆی کردووە". بەیرام کە بۆ خۆی لە باکووری کوردستان لە دایکبووە و ئێستا لە بەرشلۆنە دەژی، وایگوت.

لوسیانۆ پاڤارۆتی، یەکێک لە بەنێوبانگترین گۆرانیبێژانی ئۆپێرا بوو، لە 1938/10/12 لە شاری مۆدینا لە باکووری ئیتاڵیا لەدایکبووە لە تەمەنی 71 ساڵیدا لە ڕۆژی 2006/9/6 بە شێرپەنجەی پەنکریاس کۆچی دوایی کرد.



## لاڤین ئومێد حەمە، شاجوانی عێراق لە ئەمریکا:

# پردێکی پەیوەندی لە نێوان ئەمریکا و کوردستان دروستدەکەم





**ڕووداو — voa**

ڕۆژی 16ی ئەم مانگە، پێشبڕکێی شاجوانی عێراق لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدرا و تاجی شاجوانی نرایە سەری کچە کوردێکی دانیشتووی ئەو وڵاتە. شاجوان دەڵێت حەزی لێنەبوو بەشداری ئەو پێشبڕکێیە بکات، بەڵام دایکی پێیگوتووە لەبەر ناوی کورد بەشداری بکات.

ئەو پێشبڕکێیە لەلایەن ڕێکخراوی یەڵڵا فام لە شاری شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلینۆی ئەنجامدرا و کچێکی هەڵەبجەیی تەمەن 19 ساڵ بەناوی لاڤین ئومێد حەمە، بەشاجوانی عێراق بۆ ساڵی 2013 هەڵبژێردرا.

لاڤین دەڵێت تەمەنی تەنیا 5 مانگ بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویان کردووەتە ئەمریکا و هەر لەوێ فێری زمانی کوردی بووە، بەڵام کاتێک وشەیەکی کوردی لەبیردەچێتەوە یەکسەر وشەی ئینگلیزی تێکەڵ بە قسەکانی دەکات.

لاڤین باسی چۆنیەتی بەشداریکردنی لەو پێشبڕکێیەدا کرد و گوتی "ئەو ڕێکخراوە پەیوەندییان بە باوکمەوە کرد و گوتیان حەز دەکەین کچەکەت، یان کچە کوردێکی دانیشتووی شیکاگۆ بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا بکات، کاتێکیش باوکم پرسیاری لێکردم کە ئایا حەزدەکەم بەشداری بکەم، گوتم نەخێر، بەڵام دایکم داوای کرد هەر لەبەر ناوی کورد بەشداری لە پێشبڕکێیەکەدابکەم".

لەکۆی 15 کچی بەشداربوو لەو پێشبڕکێیە، تەنیا لاڤین کورد بووە. ئەو باسی ئەو بنەمایانەی کرد کە شاجوانی پێ هەڵبژێردرا و گوتی بنەماکان بریتی بوون لە زانیاری گشتی، ڕۆشنبیری، جوانی، ڕێکی لەشولار و هەڵسوکەوت.

لاڤین باسی پرۆژەکانی خۆی کرد و گوتی "دوای هەڵبژاردنم وەکو شاجوان، یەکەم کارم دروستکردنی پردێکی پەیوەندی دەبێت لە نێوان ئەمریکا و خەڵکی هەرێمی کوردستان". هەروەها ئاشکرای کرد کە لە مانگی ئایاری ساڵی داهاتوو دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان و چەند پرۆژەیەک ئەنجام دەدات.

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە پێشبڕکێی شاجوانی ئەمریکا لە داهاتوودا، لاڤین ئەو حەزەی خۆی نەشاردەوە، بەڵام پێیوایە لەو قۆناغەدا بۆ ئەو خوێندنەکەی گرنگترە. ئەو گوتی "حەز دەکەم بەشداری بکەم، بەڵام دەمەوێت زیاتر خۆم بە خوێندنەکەمەوە سەرقاڵ بکەم، من دەمەوێ ببمە پزیشک، من حەزم نەدەکرد بەشدرای پێشبڕکێی شاجوانی عێراقیش بکەم، بەڵام دایکم پێیگوتم هەر هیچ نەبێت لەبەر بەرزڕاگرتنی ناوی کورد بەشداری بکە".


تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە بۆ فرۆشتن
Empire
Building the Future World
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


هەزاران خەڵات... بەقسە و بەکردار
پیتەکانی خەڵاتەکەت کۆبکەوە و ڕاستەوخۆ خەڵاتەکەت ببەوە
باڵانس بەدرێژایی تەمـەن!!!
لەکاتی کۆکردنەوەی پیتەکانی ووشەی "کورەك" سەرەڕای چەندین خەڵاتی دیکە
بەبەهای 1,000 د.ع. قسە بکە یان نامە بنێرە و پیتێك بەدەستبێنە
کورتەنامەیەکی بەتاڵ بنێرە بۆ 345 و پیتێك بەدەستبێنە
چوار شێواز هەیە بۆ کۆکردنەوەی پیتەکان:
1- نامەیەکی بەتاڵ بنێرە بۆ ژمارە 345، نرخی کورتەنامە 1,200 د.ع.
2- بەبەهای 1,000د.ع. قسە بکە یان کورتەنامە بنێرە.
3- لەکاتی پڕکردنەوەی باڵانسەکەت بەبەهای:
5,000 - 14,999د.ع. یەك پیت بەدەستدەهێنیت
15,000 - 59,999 د.ع. دوو پیت بەدەستدەهێنیت
60,000د.ع. سێ پیت بەدەستدەهێنیت
4- لەکاتی کاراکردنی هێڵی نوێدا
ڕۆژانە سێ براوە هەیە
خەڵاتی گەورە بریتیە لە سێ ژمارەی کورەك لەگەڵ باڵانس بەدرێژایی تەمەن لەکاتی کۆکردنەوەی پیتەکانی ووشەی "کورەك" سەرەڕای چەندین خەڵاتی دیکە.
180 خەڵاتی گرانبەها چاوەڕێتە (ئامێرە هۆشمەندەکان و ئامێرە کارەباییەکانی نێوماڵ هەروەها جۆرەها خەڵاتی دیکە)
ماوەی پێشبڕکێیەکە بۆ دوو مانگە، هەروەها بۆ سەرجەم بەشداربووەکان کورەك بەردەست دەبێت
بۆ مەبەستی دەرچوون لە پێشبڕکێیەکە، وشەی "کشانەوە" بنێرە بۆ 346 بەخۆڕایی
KOREK
هەڵبژاردنەکەت دروستە
www.korektel.com
/KorekTelecom
بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە ڕاژەی بەشداربووانەوە 411

ڕووداو ژنان
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25




## ژنان 16 ڕۆژ بەرەنگاری توندوتیژی دەبنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2013/11/25 لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان دەست پێبکات، هەڵمەتەکە کە 16 ڕۆژ دەخایەنێت لە ژێر ناوی (سەروەری یاسا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئاشتی ماڵ و کۆمەڵگە دەپارێزن) بە کۆنفرانسێکی نیشتیمانی دەربارەی ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بەمافی ئافرەت و چارەسەرەکانی دەستپێدەکات.

### قوربانیانی شەرەفپارێزی لە گۆڕستانیش بێ خاوەنن

# ژنان داوای دەستگیرکردنی بکوژی ژمارە 27 دەکەن

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

نارەزایی ئەمجارەی ژنانی سلێمانی تەواو جیاواز بوو، شوێنی کۆبوونەوەکەیان بۆ خۆی لەو دروشمانە کاریگەرتر بوو کە بەرزیان کردبوونەوە. لەوێ دەیانتوانی دەست بۆ بەردەمی خۆیان رابکێشن و ئەو قوربانیانە بژمێرن کە لەسەر شەرەف کوژراون.

ئامادەبووانی گردبوونەوەکە لەسەر گۆڕی ژنێک کۆبوونەتەوە کە کەس سەردانی ناکات و تاجە گوڵینەی لەسەر دانانێ. تەنانەت لە جیاتی ناو و ناونیشان تەنیا ژمارە (27) لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە کە دەکەوێتە گۆڕستانی بێخاوەنەکان.

ئەو ژنە یەکێکە لەو سەدان ژنەی لەسەر شەرەف کوژراون. سەرپەرشتیاری گردبوونەوەکە، لەبەردەم ژناندا گوتی "ئەم شێوازە نوێیەمان هەڵبژارد بۆ گەیاندنی نارەزاییەکانمان بە حکومەت".

هەفتەی رابردوو، چەند چالاکوانێکی ژن لە شاری سلێمانی لەسەر گۆڕی ژنێکی بێ خاوەن، کە ناسنامەی سەر کێلی گۆڕەکەی تەنیا ژمارەیەک بوو، گردبوونەوەیەکیان ساز کرد.

هانا شوان، سەرپەرشتیاری گردبوونەوەکە لە سەنتەری راگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان گوتی ئەم گۆڕانەی لێرەن تەنیا ژمارەن و ناو و پێناسەیان پێ نەبراوە "لە گۆڕەکەشدا بە چاوێکی جیاکاری تەماشایان دەکرێت، ئێمە دەمانەوێت بە کاربەدەستان بڵێین ئەم ژنانەی لێرەدا نێژراون تەنیا ژمارە نین، بەڵکو بەردەوام دەبین لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و هەوڵدان بۆ دەستگیرکردن و خستنە زیندانی ئەوانەی کاری لەم شێوەیە دەکەن".

ئەو ژن و کچانەی بەناوی پاراستنی شەرەفی خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت لەلایەن کەسوکاریانەوە دەکوژرێن، ڕێوڕەسمێکی بەخاکسپاردنی ئاساییان پێ ڕەوا نابینرێ، بۆیە یەکێتی ژنان و پەیمانگای پزیشکی دادوەری و شارەوانی بەهاوکاری یەکتر پرۆژەیەک بەڕێوە دەبەن تاوەکو ئەو ژنانە لەو گۆڕستانەدا بنێژرێن و ژمارە لە گۆڕەکانیان بدرێ.

هانا شوان، دوای خوێندنەوەی گوتارێک لەبەردەم ژنان و کچاندا، گوتی لەبەرئەوەی ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن کەس نایانناسێت، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە فۆرمێکیان بۆ پڕدەکەینەوە، پاشان مەراسیمێکی بۆ بەڕێوەدەبەین ئەگەر پارەمان هەبێت "بەڵام ئەگەر پارەمان نەبێت بەبێدەنگی بەخاکیان دەسپێرین". گوتیشی، بەڵام ئەوەی زیاتر نیگەرانی کردین ئامادە نەبوونی هیچ لایەنێک و داو ودەزگایەکی حکومەت بوو "هەرچەندە هەموو لایەکمان بانگهێشت کردبوو".

ئەمڕۆ (دووشەممە) ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە، لەم ڕۆژەدا زۆرترین چالاکی ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی ڕێگەگرتن لەو فشارە زۆرانەی لەسە ژنانە لەلایەن کۆمەڵگا و خێزانەکانیانەوە. ئەم گردبوونەوەیەش تەنیا لە ژنانی سلێمانی پێکنەهاتبوو، بەڵکو لە خانەقین و سەرقەڵا و کەلار و کفری و ڕانیەوە ژنان هاتبوونە ئەو گۆڕستانە.

زەینەب ئەرکەوازی، لێپرسراوی لقی خانەقینی سەنتەری راگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان گوتی ئەوان لە خانەقینەوە هاتوون و دەیانەوێت بەم شێوازە جیاوازە گلەییەکانی خۆیان و ئازارەکانی ژنان دەربڕن "خانەقین جیاوازە لەگەڵ شارەکانی هەرێمی کوردستان و لێرە ڕێکخراو و چالاکی ژنان زۆرە". گوتیشی "لە خانەقین ژنان کەمتر گرنگی بە دۆزی خۆیان دەدەن و کەمتر بەشدار دەبن لەچالاکییەکانی تایبەت بە ژنان".

لە گۆڕستانی سەیوان لە شاری سلێمانی، 130 گۆڕی بێ خاوەن هەن کە لەلایەن شارەوانییەوە نێژراون.

نینا قادر، کە ژمارە 27ی پێدراوە لەو گۆڕستانە بە پاساوی لەکەدارکردنی شەرەفی خێزان کوژراوەو لەو گۆڕستانەدا نێژراوە.

شیلان نوری، لێپرسراوی ئەنجوومەنی باڵای خانمان لە سلێمانی کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی گردبوونەوەکە، نیگەران بوو لەوەی بەردەوام داوا لە حکومەت دەکەن یاسا سەروەر بێت و بکوژانی ژنان دەستگیر بکات "دەمانەوێ ئەوانە بەر لێبووردنی گشتی نەکەون". ئەو ژنە چالاکوانە گوتیشی "ئەم پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان کە هەموو باسیدەکەن، تاوەکو ئێستا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتاندا نابینرێت و هەمووان لە ئازارەکانی ژن بێدەنگن، نەک تەنیا ئەم ژنە بەڵکو هەموو کوشتنەکانی ژنان بەناوی نامووس و شەرەفەوە دەکرێن و تاوەکو ئێستا ئافرەت نەک خاوەنی خۆی نییە، بەڵکو یاساش لەگەڵیدا نییە".

چیرۆکی گۆڕی ژمارە 27 هەستی مرۆڤ بەتەواوی دەهەژێنێ، وەک ئامادەبووان باسیانکرد، دوای ئەوەی لەلایەن کەسوکارییەوە دەکوژرێ، دواتر بە چەقۆ سەریدەبڕن و جەستەکەی دەسووتێنرێ و دوور لە شار فڕێ دەدرێت، دوای ماوەیەک لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە. ئەوەی زیاتر ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی ژنانی تووڕە کردبوو، تاوەکو ئێستا "بکوژی ژمارە 27 و هەندێک لە ژمارەکانی دیکە دەستگیر نەکراون".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

### ئەمساڵ 8 ژن منداڵیان لێسەندراوەتەوە

# منداڵەکانیان لە جێژوانی خێزان دەبینن

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**



لەناو ئەو جێژوانە بچووکەدا تەنیا ئەو ژن و پیاوە خەمبارانە دەبینران کە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لە یەکدی جیابوونەتەوە، هەندێکیان بەیاریکردن لەگەڵ منداڵەکانیان سەرقاڵبوون، هەندێک ژن سەریان نابوو بەسەری یەکدییەوە و چیرۆکی ژیانی خۆیان بۆ یەکدی باس دەکرد. لە سووچێکدا ژنێکی سەرتاپا ڕەش دانیشتبوو نیگای لە منداڵەکەی گرتبوو کە یاری بە بووکەڵە تازەکەی دەکرد.

"هەمیشە تا دەگەمە لای کچەکەم فرمێسک بە چاومەوە ناوەستێت"، شادی ئەنوەر، 30 ساڵ دەڵێت "کاتێک کچەکەم بانگم دەکات دایە، وا دەزانم هەموو دنیا هی منە". لەگەڵ قسەکردندا فرمێسک لە چاوی دەهاتنە خوارەوە "چەندجار لەگەڵ مێردەکەم شەڕمان بوو، من نەمدەویست کێشەکان گەورە بن بۆ ئەوەی سەر لە منداڵەکەمان نەشێوێت، چونکە دەمزانی منداڵەکەم بەو دوورکەوتنەوەیە منی بیر دەچێتەوە". کاتێک کێشەکەیان دەگاتە دادگا و بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، دادوەر بڕیار دەدات منداڵەکە بداتە باوکی. بۆیە شادی هەموو هەینییەک دەچێتە جێژوانی خێزان بۆ بینینی کچەکەی "من دایکم، ئەو ئازارەی من دەیچێژم باوکی نایچێژێ، چونکە لە من بووە، بەڵام دادوەر ئەمەی لەبەرچاو نەگرت و منداڵەکەی لێسەندمەوە".

ئەو بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت ئاخر چۆن دەبێت منداڵی خۆت بێت و هەفتەی یەکجار بیبینی. پێناچێت شادی جارێکی دیکە شوو بکاتەوە، چونکە مەرجی شووکردنەوەکەی ئەوەیە کچەکەی لەگەڵدا بێت، بەڵام مێردی پێشووی ئامادە نییە کچەی بداتەوە "دڵم لای کچەکەمە و ناتوانم هیچ بڕیارێک لەسەر ژیانم بدەم". ژیان غەریب، 26 ساڵ لەبەر ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی نەدەگونجا بڕیاری جیابوونەوە دەدات، بەڵام ئێستا کێشەی منداڵەکەی هەیە "پیاوەکەم بەزۆر منداڵەکەی لەباوەشم دەرهێنا و پێیگوتم ئیدی تۆ دایکی ئەم منداڵە نیت".

ژیان کە ماوەیەک دەستگیراندار بووە هەروەها دەڵێت "ئێمە لەکاتی دەستگیرانیشدا کێشەمان هەبوو، بۆیە چەندجار بە ماڵەوەم دەگوت لێی جیادەبمەوە، ئەم پیاوە لەگەڵ من ناگونجێ، بەڵام ماڵەوە گوێیان لەقسەکانم نەگرت تا منداڵێکمان بوو. پیاوەکەم هەر ئەوەندە باش بوو لەگەڵم تا منداڵەکەم کرد بە سێ ساڵان، ئیدی دەستیپێکردەوە و منەتی بەمن نەما و لە دادگا بەبیانووی ئەوەی ناتوانم منداڵەکەم بەخێو بکەم، دادوەر بڕیاری دا منداڵەکە بداتە باوکی".

کاتێک بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ مێردەکەی دەگێڕایەوە هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا و سەیرێکی منداڵەکەی دەکرد "ئێستا منداڵەکەم ڕووم ناداتێ، هەر نازانێ دایکیشی هەیە، هەموو شتێکیان لەبیر بردووەتەوە". ئەو بەردەوام دڵی لەلای منداڵەکەیەتی "شەوان لە بری منداڵەکەم سەرینێک لە تەنیشت خۆمەوە دادەنێم و بۆن بە جلە بەجێماوەکانیەوە دەکەم".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە 10 مانگی ئەمساڵدا لە سلێمانی 8 حاڵەتی لێسەندنەوەی منداڵ لە دایک تۆمار کراوە. بەڵام دایکان و باوکان دەتوانن هەفتانە منداڵەکانیان لە سەنتەرێک ببینن کە پێیدەگوترێت سەنتەری جێژوانی خێزان.

عەقید سەرکەوت عومەر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە (ڕووداو)ی گوت "شێوازی جیابوونەوەی خێزانەکان جیاوازە، بەشێکی پەیوەندی بەو توندوتیژییەوە هەیە کە بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت، لێسەندنەوەی منداڵیش دادوەر یەکلایی دەکاتەوە کە ئەو منداڵە لای دایکی دەمێنێتەوە یان باوکی. بەپێی یاسا تا سەرووی تەمەنی 14 ساڵان، منداڵ دەدرێت بەدایک، بەڵام بەو مەرجەی دایکەکە بتوانێ ئەو منداڵە بەخێو بکات".

جێژوانی خێزانی ساڵی 1991 لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە دامەزراوە کە تایبەتە بەو ژن و مێردانەی دوای جیابوونەوەیان، منداڵەکانیانی تێدا دەبینن.

مەحبوبە عەلی، بەرپرسی جێژوانی خێزانی سەبارەت بە یاسای بینینی منداڵ گوتی "یاسای بینینی منداڵ لەم وڵاتەی ئێمەدا کەموکورتی زۆری تێدایە، چونکە دوو سەعات هیچ نییە بۆ بینینی منداڵەکان. جگە لەوەش ئەو دایک و باوکانە بۆیان نییە منداڵەکانیان ببەنە دەرەوەی سەنتەرەکە".

مەحبوبە هەروەها گوتی "ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی شارەزا و ئەکادیمی و پسپۆڕی یاسا دانیشتووین و یاسایەکمان داڕشتووە، ئێستا یاساکە لە پەرلەمانە و چاوەڕێ دەکەین پەسەند بکرێت".

# بۆ ژنێکی دیکە ژنەکەی خۆی خنکاند

**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

کاتێ دادوەر بڕیاری دا ماوەی 15 ساڵ بچێتە زیندان، دواجار لەبەردەم دادوەردا هاتە قسە و دانی بەوەدانا کە بە دەستەکانی خۆی ژنەکەی خۆی خنکاندووە، هەرچەندە لە ماوەی ئەو دوو مانگەی لە زیندان بوو لە سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەکرد یەک ڕستەی دووبارە دەکردەوە "من بێتاوانم، من نەمکوشتوە، ئاگادار نیم لەوەی کە ڕوویداوە".

(ع،ک)، 37 ساڵ، لە گوندێکی نزیکی شاری سلێمانی لەگەڵ دایکێکی بەساڵاچوو کە تەمەنی 81 ساڵە و ژنەکەی و 3 منداڵەکەی دەژیا. (ع) ڕۆژانە کاتەکانی خۆی بە بەخێوکردنی مانگا و کڕین و فرۆشتیان بەسەر دەبرد و بەو ڕێگەیە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد. ئەوکاتەی باسی ژیانی خۆی دەکرد، زۆر بە تووڕەییەوە تەماشای دیوارەکەی دەکرد و دەیگوت "من دەوڵەمەند بووم، ژیانم باش بوو، حەزم دەکرد ژنێکی دیکە بهێنم، بەڵام کاتێک لەلای ژنەکەم ئەو باسەم دەکردەوە، یەکسەر دەیکردە شەڕ و بانگی براکانی دەکرد".

سەرەڕای هەڕەشەی ژنەکەی و ماڵە خەزوورانی، (ع) سوور بووە لەسەر ئەوەی ژنی دووەم بهێنێت "دواجار بڕیارمدا هەر ژن بێنم، ئەوەبوو کچێکم دۆزییەوە کە بیهێنم، بەڵام نازانم ژنەکەم چۆن بەمەی زانی، یەکسەر برایەکی خۆی ناردبووە ماڵی باوکی کچە و هەڕەشەی لێکردبوون و پێیگوتبوون نابێت کچەکەتان بدەنە ئەو پیاوە، چونکە ژنی هەیە".

(ع) ژنی یەکەمی لەسەر خواست و داواکاری دایکی هێناوە و هیچ قسەیەکی نەکردووە "چونکە مەبەستم بوو ژن بهێنم، حەزم نەدەکرد منداڵی زۆرمان ببێت، بەڵام هەمیشە ژنەکەم ئەوەی دەکردە بیانوو تاوەکو نەتوانم باسی ژنهێنان بکەم".

کێشەی ئەوان ئەوکاتە گەورە دەبێت کە کچێکی بەدڵی خۆی دەدۆزێتەوە و بڕیاری یەکجاری دەدات "گوتم ئەگەر هەموو تەمەنم دانابێت ئەو کچە هەر دێنم".

(ع) دەڵێت زۆر هەوڵی لەگەڵ ژنەکەی داوە تاوەکو بێتە ژێرباری داواکەی و ڕازی بێت ئەو کچە بخوازێت، بەڵام ئەو هەر ڕازی نەبوو "بەڵێنم پێدا هەرچی داوای بکات بۆی جێبەجێ دەکەم، هەرچیەکی بوێت بۆی دەکڕم، بەس ڕازی بێت ئەو کچە بخوازم، بەڵام بێ سوود بوو".

(ع) توانیبووی قەناعەت بە براکانی و دایکی خۆی بهێنێت کە ڕازی ببن ئەو کچە بخوازێت "کە ئەوانم ڕازی کرد بڕیارمدا کچەکە مارە بکەم".

بە ئاهێکی قووڵەوە گوتی "ئەو شەوەی کە دەبوو ژن مارە بکەم 3 برای ژنەکەم هاتن و تووشی شەڕێکی گەورە بووم، بەڵام ئەوەی زیاتر تووڕەی دەکردم ئەوەبوو کە برایەکی ژنەکەم خۆی دوو ژنی هەیە، کەچی بەمنی دەگوت دەتکوژم ژن بەسەر خوشکی من بهێنی".

(ع) دەستبەرداری ئەو کچە نابێت، بۆیە دەڵێت "بیرم لێکردەوە ژنەکەم بکوژم، دەمزانی لەو ڕێگەیەوە ئیدی لە دەستی ڕزگارم دەبێت".

### بە سەرین خنکاندی

دواجار ژنەکەی خۆی دەکوژێت "نازانم چۆن ئەو بڕیارەم دا کە بیکوژم.. ئێستاش نازانم، کاژێر سێی شەوبوو خەوم لێنەدەکەوت، جارجار تەماشای ژنەکەم دەکرد، بڕیاری کۆتاییم دا و بەسەرینەکەی خۆم خنکاندم".

(ع) جگە لە پەشیمانی و 15 ساڵ زیندانی هیچی دیکەی بۆ نەماوەتەوە، ئەو دەڵێت "ئێستا پەشیمانم و دڵم لای منداڵەکانمە، ئەوەی کە زیاتر بێتاقەتم دەکات ئەوەیە ژنەکەم نەیزانی بوو سکی هەیە و یەک مانگە، پەشیمانم دەبێت 15 ساڵی تەمەنم لە زیندان بم".



رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (286) دووشەممە 2013/11/25

## لە سلێمانی تەرمی گەنجێک دەدۆزرێتەوە



**رووداو- سلێمانی**

بەرەبەیانی رۆژی 2014/11/24 هێزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرچنار تەرمی گەنجێکی تەمەن 33 ساڵیان دۆزییەوە، کە بە چەقۆ کوژراوە. بەپێی زانیاری پۆلیسی سلێمانی ئەو گەنجە لە نزیک سەیرانگەی نەورۆز دۆزراوەتەوە، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی تیمی بەڵگەی تاوان، شوێنەواری چەند چەقۆیەک بەسەر جەستەی ئەو گەنجە هەبووە. ئەو گەنجە ناوی (ە.ئا.م) ە و تەمەنی 33 ساڵە، خەڵکی ناوچەی باشیکی سەر بە پارێزگەی موسڵە و گومان دەکرێت ئەو گەنجە بە رەگەز عەرەب بێت.



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# حیزبێک بۆ ژنان

لە یەکێک لە سایتەکاندا هەواڵێکم بەرچاوکەوت کە گوایە ژنانی کوردستان، نازانم مەبەستی کام ژنانەیە، داوای رێژەی 50% دەکەن لە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا!

ئەگەر خەونی ئەو خانمانە بێتەدی، ئەوا کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوبەشێکی تازەی دەبێت، ئەویش ژنانن. لەبەرئەوەی ژنان نیوەی کۆمەڵن و گرنگترین توێژی کۆمەڵگەن، مافی خۆیانە بەشداری لە حکومەت بکەن، بەڵام کێ ئەو مافە بۆ ژنان دەستەبەر دەکات، لە کاتێکدا ژنان لە هیچ گفتوگۆ و کۆبوونەوەیەکی پێکهێنانی حکومەتدا بەشدار نەبوون و کەسیش پرسی پێنەکردوون کە بزانن چییان دەوێت و بە چ شێوەیەک دەیانەوێ بەشداری لە حکومەتی داهاتوو بکەن؟

حیزبەکانی کوردستان لە کۆبوونەوەکاندا بیریان بۆ لای ژن و پرسی بەشداریی ژن لە کابینەی نوێی حکومەت ناچێت، ئەوانەی بە قاچ و نیوێکەوە بوون بە خاوەنی کورسییەکی پەرلەمان، بیر لە حکومەتی بنکە فراوان دەکەنەوەو بۆ ئەوەی سەلامەتی بودجە و پلەو پۆستەکانیان بپارێزن، هەموو حیزبەکان داوای ئیستحقاقی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام کەس داوای بەشداریی ژنان ناکات بە نیوەی ئەو رێژەیەش کە ژنان داوای دەکەن. هەرکەس دەیەوێ شوێنێک بۆخۆی بپچڕێ، نەک بۆ کەسی تر. دواتر ئەگەر ژنێک بەختی هێنای و بۆ جوانکردنی سیستەمی دیموکراسی کرایە وەزیر، ئەوا ئەو ژنە یەکێک دەبێ لە ژنانی نێو حیزب. دەبێ ئەو راستیە بزانن کە بەهۆی ململانێی حیزبی خەباتی ئەوان لە پاشەکشێیەو ئەوان لە تابلۆیەک دەچن کە بەدیواری حیزبەکانەوە هەڵواسراون و هیچ رۆڵ و کاریگەرییان نییە، یان باشتر بڵێم هیچ محەلێکیان لە ئیعرابدا نییە. بۆیە ناتوانن مافەکانی ژنانی کوردستان دابین بکەن، کورد فیفتی فیفتی پێوە نایەت ئەگەر لەسەر ئەم پەنجا بە پەنجایەی ژنان شەڕی ناوخۆ روونەداتەوە قازانجمانە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیادا رێژەی بەشداریی ژنان نەگەیشتووەتە 20%، بەڵام ژنانیان توانیویانە رۆڵیان هەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهاندا.

ئیسپانیاو فەرەنسا دوای چەندین ساڵ لە سیستەمی دیموکراسی، ئینجا ژنان توانییان بە رێژەیەکی بەرچاو بێنە ناو حکومەتەوە، حیزبی سیاسی لە ئەوروپا بڕواو متمانەی بە کاری سیاسی ژنان هەیە، ئەوە حیزب بوو ئەنجێلا مێرکڵی کردە راوێژکاری ئەڵمانیاو بەهێزترین ئابووریی دونیا بەڕێوەدەبات، ئەوە حیزب بوو کاترین ئاشتوونی گەیاندە پەرلەمانی ئەوروپا لە دانیشتنەکانی کۆنگرەی جنێڤ دانوستاندن دەکات سەبارەت بە چەکی ئەتۆمیی ئێران و کێشەی سووریا و میسر و ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە ئەحزابی ئەوروپایە ساڵانە چەند ژنێکی کورد کاندید دەکات بۆ پەرلەمانی وڵاتەکانیان. ژنی کورد بە توانایە بەڵام سیاسەتی کوردی نایخوێنێتەوە. ئێمە گلەییمان لە ئەحزابی ئیسلامی سیاسی نییە کە بەپێی شەرعی ئیسلام مامەڵە لەگەڵ ژن دەکەن و باوەڕیان بەوەیە ژنان لەماڵەوە بمێننەوە، گلەییمان لەو هێزو لایەنە سیاسیانەیە کە بانگەشەی گۆڕان و دیموکراسیەت دەکەن و بەقسە دەیانەوێ سیستەمێکی تازە بە عەقڵێکی کۆنەوە دابمەزرێنن. سیستەم و گۆڕانکاری تازە پێویستی بە تۆپخانەوکوتانەوەی سەرو گوێلاکی ئەوانی دیکە نییە، سیستەمی تازە پێویستی بە عەقڵێکی تازە هەیە کە بتوانێ رۆڵی ئەوانی دیکە کارا بکات لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بەداخەوە ئەو عەقڵە نوێیە لە کوردستان بەدی ناکرێت.

بۆیە ژنان لە کوردستان دەبێ بیر لەبەشدارییەکی کارا بکەنەوە لەنێو حیزبەکان یان بیر لە دامەزراندنی حیزبێک بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

## شوفێرێکی کورد لە ئێران دەکوژرێت

# بۆ لە سێدارەدانی بکوژەکەی داوای پارە لە خێزانەکەی دەکەن



**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- مەخموور**

ژنە دوو گیانەکە چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکەی دەکرد تاوەکو هەر هیچ نەبێت لەکاتی منداڵبوونەکەی لەژوور سەرییەوە بێت، یان لەبەردەم هۆڵی نەشتەرگەری چاوەڕێی بیستنی دەنگی منداڵەکەی بکات، بەڵام چاوەڕوانیی ئەو ژنە زۆری نەخایاند و لە ئێرانەوە هەواڵی کوژرانی عەلی پێگەیشت.

عەلی حەسەن، 64 ساڵ، کە خاوەنی 9 منداڵە و دانیشتووی قەزای مەخموور بوو، تانکەرێکی گواستنەوەی سووتەمەنی هەبوو. بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی بە هەفتە لە خێزانەکەی دووردەکەوتەوەو لەهەولێرەوە سووتەمەنی دەگواستەوە بۆ بەندەر عەباس لە باشووری ئێران.

بەپێی قسەی کەسوکارەکەی، عەلی لە سەرەتای مانگی رەمەزان بەڕێکەوتووە بۆ ئێران، دوای ئەوەی بارەکەی لە کۆگاکانی سووتەمەنی لە بەندەر عەباس بەتاڵ کردووە، لە 15ی رەمەزان بەڕێکەوتووە بۆ کوردستان، بەڵام لە ناکاو پەیوەندی بە خێزانەکەیەوە دەپچڕێت و دیار نامێنێت، دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر دیارنەمانیدا ئینجا خێزانەکەی دەزانن کە عەلی لە ناوچەی ئیسلام ئاباد کوژراوە و تەرمەکەشی سووتێنراوە. شوانێک کە رووداوەکەی بینیوە یەکسەر پۆلیسی لێ ئاگادار کردووەتەوە.

حەسەن عەلی، کوڕە گەورەی قوربانییەکە دەڵێت باوکی پیاوێکی کاسب بووەو ماوەی چەند ساڵێکە بە کرێ بووەتە شوفێری تانکەر و نەوت دەبات بۆ ئێران. حەسەن باسی ژیانی خێزانەکەی خۆی کرد و گوتی "خێزانێکی گەورەین، باوکم باری ئابووری باش نەبوو، لەوەتەی بە بیرم دێت کاری شۆفێری دەکات".

### لەلایەن کوردێکی رۆژهەڵاتەوە کوژراوە

حەسەن، چۆنیەتی کوشتنی باوکی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "دوایین سەفەر کە باوکمی تێدا کوژرا، باوکم لەگەڵ دوو هاوڕێی چوو بوو بۆ ئێران، بەڵام لەوێ لەگەڵ باوکم بوو بوو بە شەڕ و کێشەیان و باوکمیان جێهێشتبوو، بۆیە باوکم بە تەنیا گەڕابووەوە".

وەک حەسەن باسی کرد، باوکی لەلایەن کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە کوژراوە "پیاوێک کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە بە ناوی (ج،م) و ئەویش ئیشی گواستنەوەی نەوتی دەکرد، لەڕێگە باوکم دەکوژێت و پاشان تەنکەرەکە دەبات و دەستکاری دەکات بۆ ئەوەی کەس نەزانێت، پاش کوشتنی باوکیشم، تەرمەکەی دەسووتێنێ بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە".

بەپێی گێڕانەوەی حەسەن، پاش ئەوەی (ج) عەلی دەکوژێت، دەیخاتە ناو تایەی ئۆتۆمبێل و بەنزینی پێدا دەکات و دەیسووتێنێ، شوانێکیش کە لە نزیک شوێنی رووداوەکە بووە، ئاگرەکە دەبینێ و پۆلیسی لێ ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام تاوەکو پۆلیس دەگاتە ئەو شوێنە عەلی تەنیا ئێسکەکەی دەمێنێتەوە.

ئێستا هەردوو هاوڕێکەی عەلی لە کوردستانن و (ج)یش لە ئێران دەستگیرکراوە، (ج) لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و رەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا لە سێدارە بدرێت.

کەسێکی نزیک لە خێزانی عەلی کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت ئەو خێزانە باری ئابوورییان زۆر خراپە و کەس یارمەتییان نادات و عەلی بەکاری شوفێری ئەو خێزانەی دەژیاند.

ئەو کەسە گوتی "عەلی ماوەی پێنج ساڵە ئەو تەنکەرەی لە پیاوێک وەرگرتبوو بە کرێ ئیشی پێدەکرد، کاتێک عەلی دیار نەما ئەو پیاوە خێزانی عەلی بێزارکردبوو داوای تەنکەرەکەی دەکردەوە و عەلی تۆمەتبار دەکرد بە فرۆشتنی تەنکەرەکە و خۆ ونکردنی، بەڵام پاش ئەوەی کە زانی کوژراوە بۆ جارێکیش لەو خێزانەی نەپرسی".

### کوشتیان و داوای پارەشی لێدەکەن

ئەو خێزانە زۆر دڵخۆشبوون کاتێک بیستیان بکوژی عەلی دۆزراوەتەوە، دڵخۆشتریش بوون کاتێک زانییان سزای لە سێدارەدان بۆ بکوژی عەلی دەرچووە، بەڵام ئەوان سەریان سوڕما کاتێک دادگا لەپاڵ دەرکردنی ئەو حکومە داوای بڕە پارەیەکی لەو خێزانە کرد بۆ خێزانی بکوژەکە. ئەوان دەڵێن ئەستەمە ئەو بڕە پارەیەیان پێ دابینبکرێ.

حەسەن گوتی "خۆمان باری ئابووریمان باش نییە، دادگای ئێرانیش دەڵێت هەتا بڕی 7 هەزار دۆلار نەدەنە خێزانی بکوژەکە، چونکە خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە، بکوژی حەسەن لە سێدارە نادەین. دەمانەوێ بکوژی باوکم لە سێدارە بدرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بڕە پارەیەمان نییە، لە سێدارە نادرێت".

حەسەن داواکارە لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو پارەیەیان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەوەی بکوژی باوکی بە سزای خۆی بگات.

## گومان لە خنکانەکەی دەکرێت

# لە بنەسڵاوە منداڵێک بە بۆینباخێک دەخنکێت

**رووداو- بنەسڵاوە**

پەیژەیەکی ئاسنی کۆن بە دیواری ژوورێکی بچووکەوە هەڵواسراوە کە ژووری کارگێڕیی یاریگایەکە لە قەزای بنەسڵاوە، ئەو پەیژەیە تاوەکو هەفتەیەک لەمەوبەریش بۆینباخێکی پێدا هەڵواسرابوو، منداڵان یارییان پێدەکرد، بەڵام ئێستا بۆینباخەکە لەوێ نەماوە، دوای ئەوەی سەیوانی تەمەن 12 ساڵان بەهۆی ئەو بۆینباخەوە خنکا. بەڵام هێشتا روون نییە ئایا ئەو منداڵە خۆی خنکاندووە، یان وەکو کەسوکارەکەی دەڵێن خنکاوە.

وەک کەسوکارەکەی باسیانکرد، رۆژی 2013/11/16 سەیوانیش وەک زۆربەی منداڵانی گەڕەکەکە دەچێتە سەر پەیژەکە بۆ یاریکردن "بەڵام بەهۆی ئەوەی قاچی لەسەر پەیژەکە هەڵدەخلیسکێ بۆینباخەکە لە ملی دەئاڵێت و گیان لەدەست دەدات".

سێ رۆژ لەدوای تەواوبوونی پرسەی سەیوان، دایکی ئەو منداڵە بەرامبەر سۆپایەک دانیشتبوو بە دەنگێکی نزم باسی چۆنیەتی خنکانی کوڕەکەی بۆ (رووداو) دەگێڕایەوە "کاتژێر 2:30 خولەکی عەسر بوو، سەیوان تازە نانی نیوەڕۆی خواردبوو چووە دەرەوە بۆ یاریکردن و هاوڕێکانی لەگەڵی نەبوون، چونکە دەوامی قوتابخانەی بە پێچەوانەی هاوڕێکانیەتی، هەر ئەوەندەم زانی پیاوێک لە دەرگای دا و گوتی کوڕەکەتان خۆی خنکاند".

سەیوان فەرهاد، قوتابی بوو لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، خاوەنی دوو خوشک و برایەک بوو، بەپێی قسەی خێزانەکەی، سەیوان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبووە



سەیوان فەرهاد

و لە ماڵەوە زۆر خۆشەویست بووە، هیچ نەخۆشییەکی دەروونیشی نەبووە تاوەکو خۆی خنکاندبێت.

هەرچەندە کەسوکارەکەی دەڵێن سەیوان خۆی نەخنکاندووە و مردنەکەی قەزا و قەدەر بووە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە گومان دەکەن خۆی خنکاندبێ، چونکە زۆرجار بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە سەرزەنشت کراوە. ئەو رۆژەش لە تاقیکردنەوە نمرەی کەمی هێنابوو، بەڵام نەیوێراوە لە ماڵەوە باسی بکات.

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی سەیوان باسی ژیانی ئەو منداڵەی کرد کە ئەوەندەی ئاگادار بووبێت باوکی لەگەڵی باش نەبووە، ئەو کەسە لەبەر خاتری ئەوەی نێوانی لەگەڵ ماڵی باوکی سەیوان تێکنەچێت، رازی نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ساڵی رابردوو سەیوان لە خولی یەکەمی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەرنەچوو، کەوتە خولی دووەم، بەو هۆیەش باوکی زۆری لێدا، لە ئەنجامی ئەو لێدانە زۆرە دەمارێکی چاوی پچڕا، پاشان نەشتەرگەرییان بۆ کرد و دەماری رانیان بۆ چاوی بەکارهێنا".

وەک ئەو دراوسێیەیان باسی کرد، سەیوان لە رۆژی رووداوەکەدا ئەنجامی یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی وەرگرتبووەوە کە لە 100 نمرە، تەنیا دوو نمرەی هێنابوو، نەیوێرابوو لە ماڵەوە باسی بکات "بۆیە خۆی خنکاندبوو".

بەڵام فەرهادی باوکی سەیوان ئەو دەنگۆیانەی رەتکردنەوە و بە (رووداو)ی گوت "کوڕەکەم خۆی نەخنکاندووە، بەڵکو خنکاوە، پاشان بۆ خۆی بخنکێنێ! ئەو رۆژە پێش ئەوەی بمرێت بە بێدەنگی پشتی منی دەشێلا، ئەگەر شتێک هەبووایە پێیدەگوتم".

ئەحمەد مستەفا کە دەکاتە مامی سەیوان ئاماژەی بەوە کرد دوای رووداوەکە چووەتە قوتابخانەو لە هەموو مامۆستاکانی سەیوانی برازای پرسیوە کە ئایا هیچ هۆکارێک هەبووە لە قوتابخانە یاخود نمرەی کەمی هێنابێت وای لە سەیوان کردبێت خۆی بخنکێنێت یان بە رێکەوت خنکاوە. ئەحمەد گوتی "مامۆستاکانی سەیوان گوتیان سەیوان لە قوتابخانە هیچ کێشەیەکی نەبووە و قوتابییەکی بێدەنگ و باش بووە".

### "کەس کوڕەکەمی رزگار نەکرد"

فەرهاد مستەفا باسی ئەوەی کرد کە کوڕەکەی بە قەد هەموو دونیا خۆشدەویست و ئەویش لە باوەشی باوکی نەبووایە خەوی لێنەدەکەوت "من خەوتبووم گوێم لە دەنگی خەڵک بوو، چوومە دەرەوە کوڕەکەمم بینی بە پەیژەکەوە شۆڕببووەوە، دەست و قاچی دەجوڵا، ئەو خەڵکەی لەوێ بوون کەسیان جورئەتیان نەکردبوو بۆینباخەکە لە ملی بکەنەوە، دەیانگوت با پۆلیس بێت، هەتا هاوارم کرد ئەوە کوڕی منە، تا خۆم باوەشم پێداکرد و بەرزم کردەوە کوڕەکەم لە باوەشم ساردبووەوە".

فەرهاد ئاماژەشی بەوە کرد کە لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی ئەوانی لێ نیشتەجێن شاری یاری تێدا نییە، منداڵەکان ناچارن بە شتی دیکە یاری بکەن و خۆیان سەرقاڵ بکەن "وەکو ئەو پەیژەیەی کە منداڵەکەی من کردبووی بە جۆلانە و خنکا".

# زوبێر ساڵح مەلای جەزیری زیندوو دەکاتەوە



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای چەند ساڵێک لە بێدەنگی، زوبێر ساڵح گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان، بە سپۆنسەریی (ڕووداو) ئەلبوومێکی گۆرانی تۆمار دەکات.
زوبێر ساڵح کە زیاتر بە گۆرانی سەباحولخەیری مەلای جەزیری ناسرا، لەبارەی ئەو ئەلبوومە نوێیە گوتی "ئەلبوومەکەم لە هەشت تراک پێکهاتووە، تەواوی ئەلبوومەکەم تێکستی هۆزانڤانی مەزن مەلای جەزیرییە، زۆربەی کارەکانی تەواو بووە و لەم ماوەیە بە نیازم دەست بە تۆمارکردنی بکەم".



# ڕۆڤان شەقڵاوە گەرم دەکاتەوە

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- شەقڵاوە**

ڕۆڤان جەرجیس بە کۆنسێرتێکی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، کەشی ساردی شارۆچکەی شەقڵاوەی گەرم کرد.

هەرچەندە ڕۆڤان سریانییە، بەڵام زۆرتر بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێت، ڕۆڤان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم کۆنسێرتەمان بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی شەقڵاوە سازکرد، گلەییم لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی سریانی عەنکاوە هەیە، لەبەر ئەوەی داوای هاوکاریم لێکردن گوتیان برۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەوانیش دەڵێن ئێوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی سریانین. بۆیە نازانم پەنا بۆ کێ بەرم".

ڕۆڤان جەرجیس جگە لەوەی وەک گۆرانیبێژ ناسراوە، هاوکات ژەنیارێکی عودەو دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە لە هەولێر.

# کۆڵبەرانی کورد دەچنە ڕۆژئاوا



**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی دۆکیومێنتاری دەرهێنەر خالید حەمەلاو بەناوی "ژیان لە بێدەنگیدا" لە سێ فێستیڤاڵی جیهانی وەرگیراوە.

دەرهێنەری فیلمەکە لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "دوو مانگ دەبێت کاری فیلمەکەم تەواو بووە، ئێستا لە سێ فێستیڤاڵی جیهانی وەک (گۆتنبێرگ لە سوێد، ستێپ لە ئۆکرانیا و فێستیڤاڵێکیش لە ئەمریکا) بەشداری دەکات".

دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکەش گوتی "فیلمەکەم باس لە کۆمەڵێک ژن و منداڵ دەکات کە لە سنووری نێوان ئێران و عێراق کاری کۆڵبەری دەکەن، ئەوان لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانیان سەختترین کار دەکەن و ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە".

# سێوی مێخەکرێژ دەبێتە مارکە



**ڕووداو- هەولێر**


دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان سێوی مێخەکرێژی بە فەرمی وەک دیاری کوردی ناساند، بۆ ئەوەی ئەمجارە هەر میوانێکی بیانی بێتە کوردستان سێوی مێخەکرێژی بە دیاری بدرێتێ وەک سیمبولێکی کوردی.

سەیوان سەعیدیان کە خاوەنی بیرۆکەی سێوی مێخەکرێژە و فیلمێکیشی لەسەر بەرهەمهێنا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمانەوێت لە ڕێگای سێوی مێخەکرێژەوە کە هێمای ئاشتی و برایەتی بووە، کەلتووری ڕق و کینە لە نێو گەلان بسرینەوە، سێوی مێخەکرێژ دەبێتە مارکە و 100 ساڵیش دەمێنێتەوە".

سەیوان گوتیشی "ئێستا لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و چەند وەزارتێکی دیکە لە گفتوگۆدایین بۆ ئەوەی ژمارەیەک سێوی مێخەکرێژیان بۆ دابین بکەین، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم سێوەکان بە دەست و پەنجەی کۆچبەرانی ڕۆژئاوای کوردستان مێخەکرێژ دەکرێن".



# ڕۆژبێ کار بۆ 17 گۆرانیبێژ دەکات




**ئەڤین سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنج ڕۆژبێ کە زۆر حەزی لە کاری ستۆدیۆیە و بەدەر لە کارکردن بۆ خۆی کار بۆ هەندێک لە هونەرمەندانی کورد دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "حەزدەکەم پێش ئەوەی گۆرانیبێژ بم موزیکژەن بم، حەزیش دەکەم زیاتر پەرە بە بواری موزیک بدەم لە پاڵ گۆرانیگوتندا".

ڕۆژبێ ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا سەرقاڵی کاری ئاوازدانان و دابەشکردنە لە ستۆدیۆکەی خۆی بۆ 17 هونەرمەندی کورد لەوانە هەندێکیان تازە هاتوونەتە ناو دونیای گۆرانی و هەندێکیشیان گۆرانیبێژی ناسراوی کوردستانن وەک هانی، چۆپی فەتاح، نەجمەدین غولامی، هەڤاڵ ئیبراهیم و زۆیا. هەروەها هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر.

# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ:** هەوڵەکانت سەرکەوتنی چاوەڕواننەکراو بەدەستدێنن، بەتایبەتی بەشداریکردنت لەکێبڕکێکانی ئەم ماوەیەدا دەرکەوتن و توانایەکی زیاتری دەبێت لەوەی چاوەڕوانت دەکرد. ڕەشبینی و ئاڵۆزییەکانی بیرکردنەوەتان کۆتایی دێت.

**گا:** باشکردنی باری دارایی پەیوەستە بەبڕیارێکەوە کە تۆ چاوەڕوانی دەکەیت. زۆریی گفتوگۆکان ئەنجامی باشیان دەبێت، سەردان و دیدارەکانتان زۆر دەبن و هەستی بەکەشێکی نوێ دەکەن. بەهۆی زۆر لەخۆڕابینین کارەکان ئاسانتر دەبن. گۆڕانکارییەکان بەقازانجت دەشکێنەوە.

**جمک:** هەندێک کات فرسەتی ئەوەندە گرنگ دێنە پێشەوە کە لە ڕاستی ناچن، بەڵام ناتوانی بەردەوامی بە شتە باشەکانی ژیانت بدەی. کاتێکی باشە بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت فراوان بکەیت. تەنیا بە ڕێکخستنێکی باش کارەکانت دەکەونەوە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان.

**قرژاڵ:** پێشنیازێکی زۆر باشت لەلایەن یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانەوە بۆ دەکرێت. بەهۆی زۆربوونی کارەکانتەوە بەتەواوی سەرقاڵ دەبیت و کارەکانیش بەرفراوان دەبن. ئاگاداری تەندروستیتان بن و پشوویەک وەربگرن. ڕەوتی سۆزداری بەخواستی ئێوە بەڕێوە ناچێت، بەڵام لەکێشەیش بەدوور دەبن.

**شێر:** پێویستە لەهەموو پرۆژەیەکی گەورەدا چەند جارێک پلانەکانت بگۆڕیت، ئەو گۆڕانکارییانەش سەرکەوتن نزیک دەکەنەوە. دەتوانی بەشێوەیەکی ژیرانە کەسانی چواردەورت قایل بکەیت پشتیوانیت بکەن. لەبەدیهێنانی ئاواتەکانتان نزیک بوونەتەوە.

**گوڵەگەنم:** چواردەورەکەت حەزدەکەن مامەڵەیەکی جددیت بکەن، بەهەمان شێوە تۆش حەز دەکەی پەیوەندییەکانت بەهێز بکەی، بەڵام هەرچەند دەکەیت ناتوانی لەو سیستەمە دەربچیت کە پێشتر خووت پێوەگرتووە. بیر لە دۆخی ئێستا دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن بەرەو ئاراستەیەکی گونجاو هەنگاو بنێن.

**تەرازوو:** کۆنترۆڵی ڕاڕاییەکانت بکە، توانا و چالاکیتان لەخەڵکانی دیکە زیاترە، بەرامبەرەکانتان هەوڵ دەدەن لەگەڵتان ڕووبەڕوو ببنەوە، باشتر وایە هێمنی خۆتان بپارێزن، گەشبینیتان لەکارەکاندا دەبێتە یارمەتیدەرێکی بەهێز. گرنگیدانی زیاتر بە کارەکان پلانێکی سەرکەوتووە لێی پەشیمان مەبنەوە.

**دووپشک:** مرۆڤی گەورە لەگەڵ ئەوەی تووشی شکستی زۆر دەبێت، بەڵام بڕوایەکی بەهێزی بەپلانەکانی داهاتووی هەیە. ئەو کاتەی کارێک تووشی شکست دەبێت خۆت بۆ کارێکی گەورەتر ئامادە بکە، بەبێ ئەوەی بیر لە ڕابردوو بکەیتەوە یان خەمی بۆ بخۆیت.

**کەوان:** تیشکی خۆر لەبورجەکەتان دەبێت و بەو هۆیەوە دەتوانن لاپەڕەیەکی سپی لەژیانتان هەڵدەنەوە. پێویستە کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانتان بکەن و دەست لەهیچ کارێک نەکێشنەوە بەهۆی بڕیاری کتوپڕ کە پێشتر بەتەواوی بیرتان لێ نەکردبێتەوە. ئەو گۆڕانکاریانە دێنە پێشەوە کە

**کارژۆڵە:** لەم کاتەدا بەهۆی چەند پەیوەندییەکەوە بەتەواوی خۆشحاڵ دەبن، بەڵام هەندێک ڕووداوی بچووک بێزارتان دەکەن، کەشی لەبار دەڕەخسێت بۆ کارکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. دەتوانی سەرکەوتن لەکارەکەت بەدەستبهێنی بەمەرجێک بڕوایەکی زیاترت بەخۆت هەبێت.

**سەتڵ:** چەند بیرۆکەیەکی گرنگت هەیە و پێویستت بە گەشەپێدان و پێشخستنیان هەیە. لەماڵدا هەستت بەئاسوودەییەکی زیاتر دەکەیت. پلە و پایەی کۆمەڵایەتیتان بەرزدەبێتەوە و پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسەکانتان دەچێتە ئاستێکی باشتر. دیدارەکان ئاسوودەیی تەواوتان پێدەبەخشن.

**نەهەنگ:** کارە بەربڵاوەکان ڕێکبخەنەوە. هەموو هەوڵە داراییەکانتان ئەنجامی باش بەدەستدێنن. سەرەتای هەفتە چالاکییەکی زۆرتان دەبێت، بەڵام ڕاڕادەبن چونکە کارەکانتان زۆرن و کاتی ئەنجامدانیان کەمە. لەڕووی سۆزدارییەوە دەتوانن پەیوەندیتان لەگەڵ کەسێک دەستپێبکەنەوە کە پێشتر لەیەک دابڕاون.

**بەگشتی:**

کاتێک پەستی و بێزاری دەمانگرێت و تووشی گۆشەگیری دەبین، ڕەنگە بیر لە هەزاران پرۆژە بکەینەوە کە تەنیا یەک دانەیان بەسوودە و بە دڵنیاییش دەزانین لەکام هەنگاوەدا سەرکەوتن بەدەستدێنین. لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە، تیشکی هەتاو دەچێتە بورجی کەوان، ئیتر کاتی ئەوەیە خۆمان لە سترێس و بیرکردنەوە ڕزگار بکەین و یەکێک لەباشترین پرۆژەکانمان بخەینە بواری جێبەجێکردن کە ئەگەری سەرکەوتنی نزیک بێت. ئەم گۆڕانە لە تیشکی هەتاو بۆ سیاسەتیش هەر ڕاستە و ئیتر لایەنەکان دەتوانن خۆیان لەسەر چەند خاڵێک یەکلایی بکەنەوە کە لە ماوەکانی ڕابردوو بەهەموو شێوەیەک بیریان لێدەکردەوە. ئەوانەی دەیانەوێت کارێکی نوێ بکەن لەگەڵ کۆمەڵێک کەس بە ڕاوێژ بڕیاری لەسەر بدەن باشترە.

# ڕووپاک گلەیی هەیە



**ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەری دیاری شاری هەولێر ڕووپاک عەبدولقادر کە نزیکەی 30 ساڵە لە بواری هونەردا کاردەکات و بەشداری لە چەندین فیلم و درامای کوردیدا کردووە، گلەیی هەیە و دەڵێت "گلەییم لە میدیاکان و وەزارەتەکان هەیە، چونکە من سەرپەرشتیاری تیپی شانۆی منداڵانم و ئۆپەرێتێکم هەبوو لەسەر ئەو منداڵانەی دەبنە قوربانی شەڕ، یاخود لەبەر هەژاری لەسەر شەقامەکان کار دەکەن، بەڵام بە داخەوە کەس هاوکارمان نەبوو".

ڕووپاک لە ماوەکانی ڕابردوو بەشداری لە ئەڵقەی (تارمایی تاوان) کرد کە لە 30 ئەڵقە پێکدێت و هێشتا پەخش نەکراوە. ئێستاش سەرقاڵی کاری وێنەگرتنە بۆ فیلمی کچی کافرۆش و ڕۆڵی ژنێکی سەوزە فرۆش دەبینێت.



# ئیشواریا پارە بۆ ئایدز کۆدەکاتەوە

**ڕووداو- MBC**

ئەستێرەی سینەمای هیندی ئیشواریا ڕای ئێستا خەریکی پارە کۆکردنەوەیە بۆ تووشبووانی ئایدز، بۆیە داوا لە ئەکتەرانی هۆلیوود و بۆلیوود دەکات هاوکاری بکەن.

ئیشواریا لەم ڕۆژانەدا سەردانی چەندین ئەکتەر و دەرهێنەر و دیزاینەری جیهانی کردووە بۆ ئەوەی پارە ببەخشنە تووشبووانی ئایدز تا چارەسەری بە پەلە بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکەیان بکەن، هاوکات بەشێک لەم هاوکارییەش بۆ توێژینەوە لەسەر ئەم نەخۆشییە تەرخان دەکرێ.

بەشێکی زۆر لە ئەکتەران بەدەم داواکارییەکەی ئیشواریاوە هاتوون و پارەیەکی باشیان پێشکەش کردووە، لەوانە براوەی خەڵاتی ئۆسکار هیلاری سوانک و هاوسەری ئیشواریا و شارۆن ستۆن و گۆرانیبێژی بەناوبانگ کیشا و چەندین دیزاینەر و زەنگینی جیهان.

# مایا دیاب خائینە



**ڕووداو- فەرفش**

لە لێدوانێکی بوێرانەدا، مایا دیاب گۆرانیبێژی لوبنانی ئاشکرای کرد کە ئەگەر هاوسەرەکەی خیانەتی لێبکات، ئامادەیە خیانەتی لێبکاتەوە.

مایا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی دوبەی، گوتی "دڵنیام هاوسەرەکەم خیانەتی لێکردووم، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆم ڕوون نەبووەتەوە، بۆیە ئەگەر بۆم دەرکەوت خیانەتی لێکردووم، ئەوا منیش یەکسەر بێ دوودڵی تۆڵەی خۆمی لێ دەکەمەوە و خیانەتی لێدەکەم".

مایا دیاب ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دوو ساڵ پێش هاوسەرگیرییان، پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە و گوتیشی "من ڕێگری لە کچەکەم ناکەم پێش هاوسەرگیری پەیوەندی خۆشەویستی هەبێت، بۆ ئەوەی بە باشی یەکتر بناسن ئینجا هاوسەرگیری بکەن".

هاوپەیمانیی کوردستان:

# ڕەنگە ئەمساڵیش بەبێ ڕەزامەندیی کورد بودجەی عێراق تێپەڕێندرێت



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو- هەولێر**

شەڕی هەرێمی کوردستان لەسەر بەشی خۆی لە بودجەی عێراق ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، هۆکارەکانیش هەمان هۆکاری ساڵانی ڕابردوون کە بریتین لە کرێدەستی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان و بودجەی پێشمەرگە لە بەغداو خەرجییە سیادییەکان و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی عێراق کە بە 17% دیاری کراوە، لە کاتێکدا هاوپەیمانی کوردستانی بە دووری نازانێ ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو لایەنە عێراقییەکان هەوڵی تێپەڕاندنی بودجەی فیدراڵی بدەن بەبێ ڕەزامەندی کورد.

هەرچەندە بەپێی یاسا دەبێ پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵیی عێراق لە مانگی تشرینی دووەمدا ڕەوانەی پەرلەمان بکرێ، بەڵام تا ئێستا پرۆژەی ئەو بودجەیە کە بە 174 ترلیۆن دینار (نزیکەی 150 ملیار دۆلار) خەملێنراوەو بە گەورەترین بودجە دادەنرێ لە مێژووی عێراقدا، ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە.

موئەیەد تەیب، گوتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەمساڵیش هاوپەیمانیی کوردستانی بڕیاری داوە وەکو ساڵانی ڕابردوو وەزیرە کوردەکان ڕاسپێرێ بۆ فشار خستنە سەر ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ڕێککەوتن لەسەر خاڵە ناکۆکی لەسەرەکانی نێو بودجە پێش ڕەوانەکردنی بۆ پەرلەمانی عێراق". گوتیشی "هیچ ڕێگەیەکمان جگە لە بایکۆتکردنی پەرلەمان و حکومەتی عێراق لە پێش نییە بۆ بەکارهێنانی وەک کارتی فشار و ڕێگەگرتن لە ئەگەری تێپەڕاندنی بودجەی فیدراڵی 2014 بەبێ ڕەزامەندی کورد، بەڵام پێگەی ئێستای کورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو جیاوازە، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان ئێستا خاوەنی بۆڕی خۆیەتی بۆ هەناردەکردنی نەوت".

گوتیشی "کورد تێبینی لەسەر بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی 2014 هەیە، بەڵام ئەو تێبینیانە هۆکاری دواکەوتنی بودجە نین، لەبەرامبەردا پێشبینی دەکرێ هەندێک لە لایەنە عێراقییەکان هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو داوای کەمکردنەوەی پشکی کورد بکەن لە بودجەی 2014، بۆ بەکارهێنانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو بەڕێوەبچێ، ئەمە جگە لە کێشەی خەرجییە سیادییەکان کە بەشێکی گەورەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی دەبات".

بەپێی وەزارەتی پلاندانان، ڕێژەی کورد لە عێراق 15% و بەپێی وەزارەتی بازرگانیش ئەو ڕێژەیە 13%یە.

گوتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا ئاماژەی بەوە دا کە وێڕای ئەو جیاوازییە لە داتاکانی وەزارەتی پلاندان و وەزارەتی بازرگانی سەبارەت بە ڕێژەی کورد، "بەڵام ئەو داتایانە هیچیان دروست نین و ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بەو پێیەی جیاوازی نێوانیان نزیکەی ملیۆنێک و 300 هەزار کەسە، ئەمە جگە لەوەی ئەو داتایانە بەپشتبەستن بە هیچ سەرژمێرییەک و توێژینەوەیەکی دروست ئامادە نەکراون، پێشوەخت هەولێر و بەغداش ڕێککەوتوون کە تا کاتی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان پشکی کورد لە بودجەی فیدراڵی ساڵانە بە 17% بمێنێتەوە".

موئەیەد تەیب پێیوایە حکومەتی عێراق ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو بودجەی پێشمەرگەو کرێدەستی کۆمپانیاکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان خەرج ناکات.

## شەهرستانی داوای بڕینی بەشێک لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەکات

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق لای خۆیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کێشە لەسەر پرۆژەیاسای بودجە هەیە.

فازڵ نەبی، گوتیشی "حوسێن شەهرستانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری وزە بە فەرمی داوای بڕینی بەشێک لە پشکی هەرێمی کوردستان دەکات لە بودجەی فیدراڵی ساڵی 2014، بەبیانووی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی ساڵی 2012ی نەوتی هەناردەکراوی ڕەوانەی حکومەتی عێراق نەکردووە".

بەڵام پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا دەڵێ عێراق بە زیاتر لە 12 ترلیۆن دینار قەرزاری هەرێمی کوردستانە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دیارترین کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە بارەی بودجەوە خۆی لە کرێدەستی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت و بودجەی پێشمەرگە دەبینێتەوە کە ناوی (موستەحەقات)ی لێنراوە، بەوپێیەش بە قەرز لەسەر حکومەتی عێراق هەژمار دەکرێ، لە کاتێکدا قەبارەی کرێدەستی کۆمپانیا بیانییەکان لە ساڵی 2008ەوە بۆ ساڵی 2013 بە پێنج ملیار و 300 ملیۆن دۆلار دیاری کراوە، ئەمە جگە لە کرێدەستی ئەو کۆمپانیانە لە ساڵی 2014 کە هێشتا ئاشکرا نەکراوە".

گوتیشی "لە کۆتایی ساڵی 2012 حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر میکانیزمی پێدانی کرێدەستی کۆمپانیاکانی نەوت لەلایەن بەغداوە و لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خاو هەناردەی دەرەوە دەکات و داهاتەکەی ڕادەستی بەغدا دەکات، بەڵام نە بەغدا ئەو موستەحەقاتەی بۆ کۆمپانیاکان خەرج کرد و نە هەولێریش ئەو بڕە نەوتەی هەناردە کرد".

ئەندامەکەی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "هەرچەندە هێزی پێشمەرگە کە بەپێی یاسای بودجەی فیدراڵی عێراق لە ساڵی 2007وە تاوەکو ساڵی 2013 بە بەشێک لە سیستمی بەرگری عێراق هەژمارکراوەو دەبێ وەزارەتی بەرگری عێراق لە بودجەی ساڵانەی خۆی پێداویستی و مووچەی پێشمەرگە خەرج بکات، بەڵام ئەو بودجەیە کە کۆبووەتەوە و بە 7 ترلیۆن دینار دەخەملێنرێ تا ئێستا بۆ پێشمەرگە خەرج نەکراوە".



### وردەکاری پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵی ساڵی 2014ی عێراق

قەبارەی خەملێنراو (174) ترلیۆن دینار
پشکی ئاسایش و بەرگری (22) ترلیۆن دینار
پشکی کەرتی وزە (38) ترلیۆن دینار
پشکی کەرتی کارەبا (11) ترلیۆن دینار
پشکی کەرتی بازرگانی (7) ترلیۆن دینار
پشکی بەشەخۆراکی مانگانە (5) ترلیۆن دینار
پشکی کەرتی وەبەرهێنان (62.85) ترلیۆن دینار
کورتهێنانی پێشبینی کراو (27) ترلیۆن دینار
پلە وەزیفییەکان (132) هەزار

# پارتی و یەکێتی بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو- هەولێر**



بەهۆی پێشکەوتنی لیست و قەوارە بچووکەکان لە هەڵبژاردنی پێشووی پارێزگاکانی عێراق کە هۆکارەکەی بۆ پشتبەستن بە سیستمی (سانت لیگۆ) بۆ دابەشکردنی کورسییەکان گەڕێندرایەوە، ئێستا لایەنەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە بە لیست و قەوارەی بچووک بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی.

موئەیەد تەیب، گوتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هاوپەیمانیی کوردستان هێشتا پرسی شێوازی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق یەکلایی نەکردووەتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم لایەنە کوردستانییەکان هەریەکە بە لیستی جیا بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکەن".

گوتیشی "لەڕووی پراکتیکەوەو بەهۆی پشتبەستن بە سیستمی (سانت لیگۆ)ی هەموارکراو بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان، باشتر وایە لایەنەکان بە لیست و قەوارەی بچووک بەشداری لەو هەڵبژاردنە بکەن، بۆیە پێشبینی دەکەم پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بە دوو لیستی جیاواز بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکەن".

هەر لەوبارەوە حەبیب تەرفی، یەکێک لە سەرکردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زۆربەی لیست و قەوارە عێراقییەکان بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیشەوە هاوڕان لەسەر ئەوەی بە لیستی جیا بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ بکەن لە بری لیست و هاوپەیمانیی گەورە، چونکە سیستمی (سانت لیگۆ)ی هەموارکراو لە بەرژەوەندی لیست و قەوارە بچووکەکانە".

گوتیشی "بەهۆی سیستمی (سانت لیگۆ)ی هەموارکراو پێشبینی دەکرێ نەخشەی هەڵبژاردن لە عێراق بگۆڕێ و لایەن و لیستێکی زۆر بچنە نێو پەرلەمانی داهاتوو، بەڵام سەرەڕای لایەنی ئەرێنی ئەم گۆڕانکارییە، چاوەڕوان دەکرێ خودی ئەو گۆڕانکارییە ببێتە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و دابەشکردن لەسەر بنەمای تایەفەگەری".

## فراکسیۆنی ئەحرار: لە هاوپەیمانی نیشتمانی دەردەچین

ئەمیر کەنانی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی ئەحراری سەر بەرەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە

پێشنیازی بەشداریکردنی پێکهاتەکانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی بەیەک لیست لە پێش بەڕێوەچوونی هەموو هەڵبژاردنێک دەخرێتەڕوو، بەڵام پێشنیازەکە ئەمجارە سەرناگرێ، چونکە حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق مەرجی پێشوەختی هەیەو پێداگیری دەکات لەسەرئەوەی کە مالیکی بۆ خولی سێیەم ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران.

لای خۆیەوە خالید ئەسەدی، یەکێک لە سەرکردەکانی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان هاوشێوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لە مانگی نیسانی ڕابردوو ئەنجامدرا، بەیەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق دەکات، هەرچەندە هەندێ لیستی بچووک وەک ڕەوتی چاکسازی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری بەهۆی سیستمی (سانت لیگۆ) هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایان بەجێهێشتووە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە پێکهاتەکانی هاوپەیمانیی عێراقیەی پێشوو کە خاوەنی 91 کورسی بوو لە خولی دووەمی پەرلەمانی عێراق، وەک بەرەی دیالۆگی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگ و هاوپەیمانی موتەحیدون بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی و بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی پێشتر ڕایانگەیاند کە هەر یەکە بەجیا بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق دەکەن.

## 270 قەوارە ناوی خۆیان تۆمار کردووە

سیروان ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ژمارەی ئەو قەوارانەی ناویان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق تۆمار کردووە گەیشتووەتە نزیکەی 270 لیست و قەوارەی جیاواز و کۆمیسیۆن چاوەڕوانی یەکلاکردنەوەی هاوپەیمانێتییەکان دەبێ بۆ داواکردنی ناوی کاندیدەکانی نێو ئەو هاوپەیمانی و قەوارانە.


بەبڕوای دەرباز محەممەد، پسپۆڕ لە جوگرافیای هەڵبژاردن "سیستمی (سانت لیگۆ)ی هەموارکراو کە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی نوێ دیاری کراوە، زیاتر لە بەرژەوەندی لیستە گەورەکانە نەک لیستە مامناوەند و بچووکەکان، چونکە (سانت لیگۆ)ی ئاسایی دەنگی قەوارەکانی بەسەر 1.4 دابەش دەکرد، بەڵام سیستمی (سانت لیگۆ)ی هەموارکراو دەنگەکان بەسەر 1.6 دابەش دەکات، بەواتایەکی دیکە (سانت لیگۆ)ی هەموارکراو جۆرێک لە بەڵانس ڕادەگرێ، بەڵام ئەو باڵانسە لە بەرژەوەندی لیستە گەورەکانە".

گوتیشی "گەر بمانەوێ بە پێوەری هەڵبژاردنەکانی عێراق قەوارەی گەورەو مامناوەندو بچووک بناسێنین، ئەوە دەکرێ بڵێین قەوارەی بچووک ئەو قەوارەیەیە کە لە پارێزگایەکدا کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستدێنێ یان نا، بەڵام قەوارەی مامناوەند لەنێوان قەوارەی بچووک و قەوارەی یەکەم خۆی دەبینێتەوە، بەو پێیەش بۆمان دەردەکەوێ کە قەوارەی گەورە ئەو قەوارەیەیە کە زۆرترین کورسی بەدەستدێنێ بەجیاوازییەکی زۆر لەگەڵ قەوارە مامناوەندەکان".

ئەو پسپۆڕەی بواری هەڵبژاردن ئاماژەی بەوەشدا کە "لەیەکدانێکی سەرسوڕهێنەر لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هەیە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بەپێی ئەو داتایانەی حکومەتی عێراق بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی داوە، دانیشتووانی عێراق 34 ملیۆن و 200 هەزار کەسە، کەچی لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق ژمارەی کورسییەکان بۆ 328 کورسی زیادکراوە، لەکاتێکدا بەپێی دەستووری فیدراڵی دەبێ بۆ هەر 100 هەزار کەس کورسییەکی پەرلەمان دیاری بکرێ، کەواتە دەبوو ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لانیکەم بۆ 342 کورسی زیادبکرایە، بەمجۆرە پەرلەمانی عێراق 14 کورسی هەژمار نەکردووە و نازانرێ ئاخۆ ئەو کورسیانە لە پشکی چ پارێزگایەک بڕاوە".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە بەپێی شیکردنەوەی ئەکادیمی "هەڵبژاردن لە عێراق لە نێوان خودی پێکهاتەکان کاریگەری هەیە نەک لە نێو نەخشەی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەگشتی، بۆ نموونە دەنگدەری شیعە هەر دەنگ بە لایەنە شیعەکان دەدات و دەنگدەری کورد و سوننەش بەهەمان شێوە، بەو واتایەی ئەو گۆڕانکارییەی کە دەکرێ هەڵبژاردنی داهاتوو بەدوای خۆیدا بیهێنێ گۆڕینی لایەنە بەهێزەکانی نێو ماڵی کورد و شیعە و سوننە دەبێت، لەکاتێکدا گۆڕانکاری پێشبینیکراو لە ڕێژەی کورد و شیعە و سوننە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بە 1% واتا 3 کورسی دەخەملێنرێ".

# "باشکردنی سیستمی تەندروستیی کوردستان 10 ساڵی پێویستە"



**سەروەر سالار و چۆمان مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

پسپۆڕێکی تەندروستیی کۆمەڵ دەڵێت باشکردنی سیستمی تەندروستی لە کوردستان و نزیککردنەوەی لە ستاندارده جیهانییەکان، پێویستی بە پلان و پشوودرێژی و پاڵپشتییەکی ماددی و مەعنەوی بەهێز هەیە و ناکرێت بەپەلە بکرێت.

دکتۆر عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە بواری پزیشکیی کۆمەڵ، دوای سەردانێکی بۆ مالیزیا لە چوارچێوەی شاندێکی تەندروستی کوردستان و عێراقیدا، لە شاری سلێمانی سیمینارێکی بەراوردکاری لەنێوان هەردوو سیستمی تەندروستی عێراق و مالیزیا پێشکەش کرد.

لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو وڵاتە ژمارەی دانیشتووانیان لەیەک نزیکە (دەوروبەری 30 ملیۆن) و بەهۆی لێکچوونە ئاینییەکەشەوە لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان زۆر جیاواز نییە، بەڵام سیستمی تەندروستی لە مالیزیا بەشێوەیەک لە پێش عێراقە کە بەراوردکردنیان ئەستەمە.

ئەو پزیشکە بە (ڕووداو)ی گوت "سیستمی تەندروستی لە مالیزیا لە ئاست ستانداردی نێودەوڵەتیدایە، ئامانجی گەشتەکەی من ئەوەبوو وەڵامی ئەم پرسیارەم دەستبکەوێت: ئەوان بە چی گەیشتنە ئەو ستاندارده و ئێمە چۆن پێیان بگەینەوە؟".

وەک لە وێبسایتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا هاتووە، تێکڕای تەمەنی پیاوانی مالیزیا 7 ساڵ لە تەمەنی پیاوانی عێراق زیاترە و تێکڕای تەمەنی ژنانیشیان 4 ساڵ. تێکڕای مردنی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵ لە عێراق 32 حاڵەتی مردنە بۆ هەر هەزار منداڵ و لە مالیزیا 9 منداڵە بۆ هەر هەزار منداڵ.

ئینسایکلۆپیدیای ویکیپێدیا دەڵێ ئاستی مردنی منداڵان لە مالیزیا، وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوایە کە خاوەن سیستمی تەندروستی مۆدێرن و پێگەیشتوون.

لە هەرێمی کوردستاندا هێڵێکی جیاکەرەوە نییە لەنێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

دکتۆر عەبدولفەتاح دەڵێت لە مالیزیا کەرتی گشتی و تایبەت تێکەڵ نین، بەڵام هەماهەنگییەکی ڕێکخراویان هەیە "حکومەت ئەرکی سەنتەرە یەکەمەکانی بە تەواوی لە ئەستۆ گرتووە کە بریتین لە یەکەکانی خۆپارێزی و چارەسەری کتوپڕی و سەرەتایی. سەنتەرە دووەمی و سێیەمییەکانیش کە نەخۆشخانە گەورەکانن، زۆربەیان بەدەست کەرتی تایبەتەوەن".

وەک ئەو باسی کرد، یەکەکانی خۆپارێزی زۆر فراوانن و چەندین ئەرکیان لەسەرشانە، هەر لە هەڵمەت و پلانەکانی کوتانەوە تا چاودێریی دایکان و چالاکی جەستەیی و سەلامەتی لە شوێنی کار و چالاکییەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی و هۆشیارکردنەوەی تەندروستی "چاکسازیکردن لەمانەدا و ڕێکخستنیان ئاسان نییە و چاریشمان نییە، هەر دەبێ لەوانەوە دەستپێبکەین".

پزیشکە پسپۆڕەکە گوتیشی "باشکردنی سیستمی تەندروستی لە کوردستان وەک ئەوە نییە ئەمساڵ نەخۆشخانەیەک دروست بکەیت و دوای چەند مانگێک نەشتەرگەری تێدا بکەیت، بەڵکو پرۆژەیەکی ستراتیجییە و 10 ساڵی پێویستە تا کاریگەرییەکانی بەتەواوی دەربکەون".

ئەوەی دکتۆر هەورامی تێبینی کردووە، لە سیستمی تەندروستی مالیزیادا هاووڵاتی لە چەقی گرنگیپێداندایە و هەموو پێکهاتەکانی سیستمەکە لە خزمەت تەندروستی هاووڵاتیدان و ستراتیژی کارکردنی تەندروستیش زیاتر خۆپاراستنە، بەر لە چارەسەر "زۆر گرنگی بەو بەشەی کەرتی تەندروستی دەدەن کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاووڵاتیدایە، بەتایبەتی لە گوند و ناوچە دوورە دەستەکان".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە دەڵێ ئاستی گرنگیدان بە ژینگە و تەندروستی لە مالیزیا ئەوەندە بەرزە کە بەراوردی دەکەیت لەگەڵ وڵاتی خۆمان، بۆت دەردەکەوێت ئێمە لەو ڕووەوە هەژارترینین.


مالیزیا خاوەنی 23 زانکۆ و کۆلێژی پزیشکییە. بەهۆی بەردەوام پێشکەوتنی سیستمە تەندروستییەکەشییەوە، ژمارەی خەڵکی بەتەمەن تێیدا بەرەو زۆری دەچن، بەجۆرێک لەساڵی 2002 دا ڕێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان سەرووی 60 ساڵ بووە 6.5%ی دانیشتووانی پێکهێناوە و بەردەوام ڕێژەکە لە زیادبووندا بووە تا ساڵی 2012 ڕێژەکە گەیشتە 8.2%.

کەموکوڕییەکانی سیستمی تەندروستی عێراق و کوردستان، هەر لە چوارچێوەی وەزارەتی تەندروستیدا نین. بەڵکو دکتۆر عەبدولفەتاح هەماهەنگییەکی بەهێز نابینێتەوە لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و خوێندنی باڵاشدا "لە مالیزیا وەزارەتی خوێندنی باڵا بەگوێرەی پێداویستیی کۆمەڵگە، کادری تەندروستی لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ کەرتی تەندروستی پێدەگەیەنێت".

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە سیستمی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەگیرێت ئەوەیە کە کاری سەرەکی پزیشک و نەخۆشخانەکان بووەتە چارەسەرکردنی نەخۆشی لەڕێگەی دیاریکردنی زۆرترین دەرمان، لەکاتێکدا سیستمی تەندروستی لە وڵاتانی پێشکەوتوو کار بۆ ئەوە دەکات کە چۆن بەر بە نەخۆشکەوتن بگرێت، ئەمەش کارێکە تەنیا بە وەزارەتی تەندروستی ناکرێت و دەبێ کەرتەکانی وەک پەروەردە، ژینگە و شارەوانی بەشداری ڕاستەوخۆی تێدا بکەن.

---

# جەڵتەی مێشک.. نیشانەکانی و چارەسەرکردنی



**ئا: لاپەڕەی تەندروستی**

جەڵتەی مێشک، حاڵەتێکی کتوپڕی نەخۆشییە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەتواناکەوتن و مردن لەم سەردەمەدا.

هۆکارەکەشی ڕاوەستانی سووڕی خوێنە لە مێشکدا، لە ئەنجامی تەقین یان گیرانی بۆرییەکی خوێن.

نیشانەکانی جەڵتەی مێشک بریتین لە لاوازبوون و سڕبوونی جەستە، بەتایبەتی لایەکی جەستە، خواربوونی دەم، گۆڕانێکی خێرا لە بیناییدا، سەرئێشەیەکی کتوپڕ، گێژبوون، تێکچوونی باڵانس، تێکچوون لە قسەکردن و تێگەیشتندا.

لە چارەسەری جەڵتەی مێشکدا هەر چرکەیەک گرنگیی خۆی هەیە، هەتا کاتی گەیاندنی نەخۆشەکە بۆ لای پزیشک دوابکەوێت، ژمارەیەکی زیاتری خانەکانی مێشک دەمرن و ئەو بەشانەی جەستەش کە لەلایەن ئەو شانانەی مێشکەوە بەڕێوەدەبرێن، لەکار دەکەون.

مانگی تەمموزی ئەمساڵ د.هەورامان ڕەمەزان کە پزیشکێکی کوردە لە بەریتانیا، ژمارەی پێوانەیی لەم بوارەدا شکاند، کاتێک لەدوای 22 خولەک لە گەیشتنی نەخۆشێکی تەمەن 70 ساڵەی تووشبوو بە جەڵتەی مێشک، چارەسەری پێویستی بۆ کرد و بووە مانشێتی میدیاکانی ئەو وڵاتە. گرنگترین هەنگاو لە دەستنیشانکردنی هۆکاری جەڵتەی مێشکدا، ئەنجامدانی شیکاری سیتی سکانە کە یەکلایی دەکاتەوە ئایا بۆریی خوێنەکە گیراوە یان تەقیوە.

ڕەقبوونی بۆرییەکانی خوێن لە پشت بەشێکی زۆر لە حاڵەتەکانی گیرانی بۆرییەکانی خوێنی مێشکەوەیە، بەرزیی فشاری خوێنیش هۆکاری سەرەکییە لە زۆربەی حاڵەتەکانی تەقینی بۆرییەکانی خوێنی مێشکدا.

ئەو نەخۆشیانەی ئەگەری ڕوودانی جەڵتەی دەماخ زیاد دەکەن، بریتین لە: بەرزیی فشاری خوێن، بەرزیی ئاستی کۆلیسترۆلی خوێن، شەکرە و قەڵەوی.

لە نموونەی ئەو هەڵسوکەوتە نادروستانەی ڕێگا خۆشدەکەن بۆ ڕوودانی جەڵتەی مێشک: جگەرەکێشان، وەرزشنەکردن، زۆر خواردنەوەی کحول، زۆر خواردنی چەوری و خوێ، کەم خواردنی سەوزە و میوە.

چارەسەری کتوپڕی جەڵتەی مێشک بریتییە لە دەرمانی توێنەرەوەی ئەو کڵۆیانەی بۆرییەکانیان گرتووە. چارەسەری درێژخایەنیش بریتییە لە هاریکاریکردنی نەخۆشەکە بۆ باشبوونەوەی قسەکردن، هێزی جوڵان، نەشتەرگەری چاککردنەوەی بۆرییە تەسکبووەکانی خوێن، هاوکاریی نەخۆشەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئاڵۆزکاریانەی لە ئەنجامی جەڵتەکەوە ڕوویانداوە.

---



# بۆچی منداڵانی ئەم سەردەمە بێهێزن؟

**ڕووداو- ئەلجەزیرە**

لێکۆڵینەوەیەکی نوێی جیهانی ئاشکرای کردووە کە توانای جەستەیی منداڵانی ئەم سەردەمە بە بەراورد بە منداڵانی سەردەمەکانی پێشوو پاشەکشەی کردووە، بۆ نموونە منداڵانی ئێستا ناتوانن بە خێرایی بڕۆن و ماوەیەکی زۆر بەپێ ببڕن، لە کاتێکدا باوانیان لە منداڵییاندا بە ئاسانی دەیانتوانی ئەو شتانە بکەن.

لێکۆڵینەوەکە پشتی بە 28 لێکۆڵینەوەی جیاواز بەستبوو کە لە 28 وڵاتدا ئەنجامدرابوون، ئەنجامەکانیش لە کۆنگرەیەکی زانستی تایبەتمەنددا لە شاری دالاسی ئەمریکا خرانەڕوو.

بەپێی لێکۆڵینەوەکە پاشەکشێ هەیە لە توانای دڵ و سووڕی خوێنی منداڵانی ئێستا بە بەراورد بە منداڵانی ساڵی 1975.

لێکۆڵەران لە کاتی خستنەڕووی ئەنجامەکاندا ئەوەیان خستەڕوو کە توانای جەستەیی و بەرگەگرتنی منداڵان ساڵانە بە ڕێژەی 5% دادەبەزێت، ئەوەش بە پشتبەستن بەو ئامارانەی لە وڵاتانی بەشدار لە لێکۆڵینەوەکە کۆکراونەتەوە.


تیمی لێکۆڵینەوەکان شیکردنەوەیان هەبوو بۆ کەمبوونەوەی توانای جەستەیی منداڵان، ئەوان گوتیان کاتێک توانای جەستەیی منداڵ کەمدەبێتەوە، مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و سووڕی خوێن زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی ساڵەکانی تەمەندا.

لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین هۆشداری بڵاوکراونەتەوە لەبارەی زیادبوونی تێکڕای ڕێژەی قەڵەوی، هۆکاری ئەوەشیان بۆ زۆر خواردنی خواردەمەنی خێرا و خواردنەوە گازییەکان و کەمیی جوڵە و وەرزش گەڕاندووەتەوە.

کۆنگرەکەی شاری دالاس لە ویلایەتی تەکساسی ئەمریکا ماوەی دوو ڕۆژی خایاند و نزیکەی 18 هەزار کەسی تایبەتمەند بەشدارییان تێداکرد.

---

# هۆکارەکانی زیادبوونی چەورییە سیانییەکان



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە کوردستان بە زمانە میللییەکەی بەم جۆرە چەورییە دەگوترێت (چەوریی جگەر). وەکو کۆلیسترۆڵ، ئەمانیش بەشێوەیەکی سروشتیی لە خوێندا هەن و لە گورچیلە و ڕیخۆڵەدا دروستدەبن و بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەندییان بەو خۆراکەوە هەیە کە دەیخۆیت، بەتایبەتی خۆراکی چەور.

## هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی:

1 - ستایلی خۆراک: زۆر خواردنی چەوری و شیرینی و زێدەڕۆیی لە خواردنەوە کحولییەکاندا، ڕێگە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی چەورییە سیانییەکان خۆشدەکەن.

2- بۆماوەیی: ئەو کەسانەی لە خێزانەکەیاندا تووشبووی بەرزبوونەوەی ئاستی چەوری هەیە، زیاتر لە کەسانی دی تووش دەبن.

3- ئەو نەخۆشییانەی بەرهەمهێنانی چەوری لە لەشدا دەگۆڕن، وەکو شەکرە.

4- هەندێک جۆری دەرمان، وەکو: ستیرۆیدەکان (دیکادرۆن و کۆرتیزۆن)، دەرمانی ئیسترۆجینی (وەکو حەبی ڕێگری لە سکپڕی)، دەرمانی بێتا بلۆکەر (کە لە بەرزیی فشاری خوێندا بەکاردێت).

5- وەرزش نەکردن.

## بۆچی گرنگە ئاگاداری ئاستی ئەم جۆرە چەورییە بیت؟

وەکو کۆلیسترۆل، چەورییە سیانییەکانیش لە ئاستی ئاساییدا بۆ تەندروستی جەستە پێویستن، بەڵام کە زیاد لە پێویست ئاستیان زیادی کرد و چارەسەر نەکران، ڕێگا بۆ جەڵتەی دڵ و دەماخ و چەندین نەخۆشی سەخت خۆشدەکەن.

چارەسەری و ڕێگریش لە چەورییە سیانییەکان بە وەرزشکردن و ستایلی خۆراکیی دروست و وەرگرتنی دەرمانی دژە چەوری دەبێت.



داوای 384 ملیار دۆلار قەرەبوو لە بەغدا دەکات

بەپێی یاسایەکی پەرلەمانی کوردستان:

# بە پارەی نەوتی کوردستان قەرەبووی زیانلێکەوتووانی دەستی بەعس دەکرێتەوە

سەنگەر عەبدولڕەحمان
ڕووداو- هەولێر

بەپێی یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2013 کە یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی بەرکەوتە داراییەکانی هەرێمی کوردستانە لە داهاتە فیدراڵیەکان و لە 2013/4/23 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی نەوتی خۆی بفرۆشێت و قەرەبووی زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێمی پێشووی عێراقی پێ بکاتەوە.

بەپێی ئەو یاسایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ دەتوانێت قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق بەر گەلی کوردستان کەوتوون، ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادەنەبوو لەو ماوەیەی لە یاساکەدا هاتووە قوربانیان قەرەبوو بکاتەوە.

لە بڕگەی دووەمی مادەی شەشەمی یاساکەدا هاتووە "لەحاڵەتی ئاگادارنەکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ئیتحادییەوە بە ئامادەبوونی بۆ دانوستاندن دەربارەی شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 30 ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکەی هەرێمی کوردستان یان بەسەرچوونی 90 ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی دەستپێکردنی دانوستاندن بەبێ گەیشتن بە پێکهاتنێک لەنێوان هەردوولایەن، یان ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نائاشکرا، یان بێدەنگ بوون لە ئاستی، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێکارانەی بەگونجاویان دەبینێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی خۆی بیگرێتە بەر. لەنێویشیاندا بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو و غاز بۆ پڕکردنەوەی سەرجەم ئەو بەرکەوتانەی کە حکومەتی ئیتحادی خۆی بەدوور دەگرێت لەدانەوەیان".

بەوپێیەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا دەتوانێت بۆ ئەو کارە نەوتی خاوی خۆی بە وڵاتان بفرۆشێت، چونکە بەپێی نووسراوی ژمارە 923ی ڕۆژی 2013/7/24 کە واژووی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەرە، داوا لە حکومەتی ناوەند کراوە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق لە ساڵی 1963 تا ساڵی 3003 بەر خەڵکی کوردستان کەوتوون.

لە نووسراوێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە ژمارە 980 لە ڕۆژی 2013/8/6 کە ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو قەرەبووەی بە 384 ملیار و 698 ملیۆن و 203 هەزار و 600 دۆلار خەملاندووە، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی ناوەندی وەڵامی هیچ یەکێک لەو نووسراوانەی نەداوەتەوە.

د. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەت لیژنەیەکی دروستکردووە بە ئەندامێتی نوێنەری هەریەک لە وەزارەتەکانی سامانە سروشتییەکان و شەهیدان و پلاندانان، بۆ ئەوەی خەملاندن بۆ زیانەکان بکات و ڕاپۆرتی خۆشی داوەتەوە ئەنجوومەنی وەزیران، دواتر لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاردرا، ئەو داواکاریانە بکرێتە نووسراوێکی فەرمی و ئاراستەی حکومەتی ناوەند بکرێن".

ئاشتی هەورامی دەڵێت لەوانەیە ئەو پارەیە بە ژمارە زۆر بێت، بەڵام خەڵک قیمەتی هەیە "ئێمە 200 هەزار شەهیدمان داوە، هەزاران ماڵ و خانوو وێرانبوون، 30 ساڵ وڵاتی ئێمە وێران کراوە، ئەو پارەیە بەراورد ناکرێت بەو قوربانیانە، لەبەر ئەوە مافی خۆمانە داوای قەرەبوو بکەین".

د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە خولی سێیەم پێیوایە حکومەتی عێراق وەکو دەوڵەت بەرپرسیارە بەرامبەر هەموو ئەو زیانانەی بەر خەڵکی کوردستان کەوتوون، بۆیە "ئەگەر حکومەتی ناوەندی نەهاتە ژێرباری قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە، بەپێی ئەم یاسایە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە خۆی مامەڵە بکات بە سامانە سروشتییەکانی خۆیەوە، بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە. لەنێویشیدا دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە".

هەر لەوبارەوە ناسک تۆفیق، ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی سێیەم، گوتی کە مافێکی شەرعی و یاسایی خەڵکی کوردستانە قەرەبووی ئەو زیانانە بکرێنەوە، بەڵام ترسی هەیە لەوەی "دەرکردنی یاساکەی پەرلەمانی کوردستان تەنیا بۆ ئەوەبێت شەرعیەت بداتە فرۆشتنی نەوت"، بەڵام دەشڵێت "مەترسییەکەم دەڕەوێتەوە ئەگەر سندوقی داهاتی نەوت دروستبکرێت، دواتر بە شەفافی و بە چاودێری پەرلەمان قەرەبووی خەڵکی کوردستان لەو سندوقە بکرێتەوە".

لەکاتی گفتوگۆکردنی یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی بەرکەوتە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتە فیدراڵییەکان، کێشە و دەمەقاڵێی توند لەنێوان وەزیری سامانە سروشتییەکان و پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان دروستبوو، بەڵام بەبڕوای ئاشتی هەورامی، ئەوە تەنیا جۆرێک لە تێنەگەیشتن بووە "بڕواناکەم ئێستا گۆڕان دژی ئەو یاسایە بێت، چونکە ئەوە شتێکی نیشتمانییە، دڵنیام لەکاتی جێبەجێکردنی یاساکە، گۆڕان و هەموو لایەنەکانی دیکە پاڵپشتی لێدەکەن".

جگە لەو دوو نووسراوە، لە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانیدا بۆ بەغدا لە ڕۆژی 4/28/ 2013، بارزانی و نوری مالیکی ڕێککەوتنێکی حەوت خاڵییان واژوو کرد کە بەپێی خاڵێکی ئەو ڕێککەوتنە، حکومەتی بەغدا قوربانیانی کیمیاباران، ئەنفالکراوان، قوربانیانی ڕاپەڕینی شەعبان و ئاوارەکانی کورد لە ساڵانی شۆڕشدا قەرەبوو دەکاتەوە.

ئارام محەممەد، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی دابینکردنی ئەو پارەیە و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان دەڵێت "ئەگەر ئەو پارەیە دابین بکرێت، تاڕادەیەکی باش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوانەی کە قوربانین، بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەوانەی کەمئەندام بوون و ئەوانەی زیانی مادییان پێگەیشتووە".

هەرچەندە ئەو وادە یاساییە کۆتایی هاتووە کە یاساکەی پەرلەمان دیاریکردووە، بەڵام د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێت "حکومەتی ئێستا حکومەتی کار بەڕێکەرە، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ کابینەی داهاتوو، دەبێت لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا دەست بە ڕێوشوێنەکان بکات و ئەو یاسایە جێبەجێ بکات".

یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا 45 ملیار بەرمیلە و زیاتر لە 50 کۆمپانیای بیانی گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزاکردووە، پێشبینی دەکرێ 25 ملیار بەرمیلی دیکەش زیاد ببێ و یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بگاتە 70 ملیار بەرمیل.

ڕەنگە ئیدی ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان قافڵە دوور و درێژەکانی ئەو تانکەرانە بەخۆیەوە نەبینێ کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان بۆ دەرەوە دەبرد، چونکە ئەو بۆڕییە نەوتییە تەواو بووە کە بڕیارە نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی تورکیاوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات. بە وتەی بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەو بۆڕییە دەتوانێت ڕۆژانە 500 هەزار بەرمیل نەوت بگوازێتەوە.

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی قەرەبووی داواکراو: | 384،698،302،600 دۆلار |
| زیانە مرۆییەکان: | 306،849،950،000 دۆلار |
| زیانە مادییەکان: | 32،848،352،600 دۆلار |
| زیانەکانی ژینگە: | 5،000،000،000 دۆلار |
| زیانە ناڕاستەوخۆکان: | 5،000،000،000 دۆلار |
| سەرلەنوێ بنیاتنانەوە: | 5،000،000،000 دۆلار |

## زیانە مرۆییەکان

| زیانەکان: | ژمارەیان | خەملاندنی زیانەکان بۆ هەر قوربانییەک | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| – قوربانیانی پرۆسەکانی | 200،000 | 300،000 | 60،000،000،000 |
| **کوشتنی بەکۆمەڵ** | | | |
| – قوربانیانی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ | 65،000 | 300،000 | 195،500،000،000پ |
| – چارەسەرکردنی کەسوکاری قوربانیان | 530،000 | 90،000 | 47،700،000،000 |
| **کە زیانیان پێگەیشتووە** | | | |
| – کەمئەندامان بەهۆی پرۆسەکانی | 18،700 | 150،000 | 2،805،000،000 |
| **لەناوبردن و جەنگ** | | | |
| – زیندانیانی سیاسی | 10،000 | 100،000 | 1،000،000،000 |
| – ئاوارەکان بەپێی مادەی 140 | 516،899 | 50،000 | 25،844،950،000 |
| – ئەوانەی بەزۆرە ملێ دەرکراون یان ڕاگوێزراون | 600،000 | 250،000 | 15،000،000،000 |


## زیانە مادییەکان

| | ژمارە | نیوەند | کۆ/ژمارە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| – سەنتەری شارۆچکە و شارەدێ و گوندە ڕووخاوەکان | 5،003 | 50 | 250،150 | 12،507،500،000 |
| – قوتابخانە | 834 | – | 834 | 291،90،000 |
| – مزگەوت و شوێنە ئاینییەکان | 1،667 | – | 1،667 | 688،471،000 |
| – بنکەی تەندروستی | 350 | – | 350 | 73،500،000 |
| – باخچەی هەر ماڵێک | 250،150 | – | 250،150 | 12،507،500،000 |
| – ئاژەڵ | 23،734،908 | – | 23،734،908 | 4،746،981،600 |
| – بنکەی پۆلیس و بەرگری شارستانی | 65 | – | 65 | 32،500،000 |
| – خزمەتگوزاری دیکە (پەیوەندی، کارەباو ئاو و هۆیەکانی گواستنەوە) | | | | 2،000،000،000 |

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە ساڵی 2035 دا

# عێراق و بەرازیل نیوەی پێداویستی وزەی جیهان دابین دەکەن




هومەر ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە لە نوێترین ڕاپۆرتیدا لە ژێرناوی " ئاسۆی وزەی جیهان لە ساڵی 2013" دەڵێت تەکنۆلۆجیاو بەرزیی نرخی نەوت هۆکارێکن بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەی زیاتری نەوت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە وا بزانین سەرچاوەکانی نەوت بەربڵاو و فراوانن.

سەرەڕای ئەوەی کە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە باکووری ئەمریکا و بەرازیل لە 10 ساڵی داهاتوودا ڕۆڵی ڕێکخراوی ئۆپێک لە دابینکردنی پێداویستیی جیهانی تینوو بە نەوت کەم دەکاتەوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاکە سەرچاوەی نەوتی هەرزان- دەرهاتوو، پێگەی خۆی لە دابینکردنی نەوتی جیهان تا ساڵی 2020 بەدەستدێنێتەوە.

دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە کە هەفتەی ڕابردوو لە لەندەن بڵاوبووەوە، سیناریۆیەکی سەرەکی دەخاتەڕوو سەبارەت بەوەی کە خواست بۆ نەوتی خاو تا ساڵی 2035 بە ڕێژەی 30% بەرزدەبێتەوە. بەرزبوونەوەی خواست لەسەر نەوت لە کیشوەری ئاسیادا خێراتر دەبێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری هیندستان و چەند وڵاتێکی دیکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پێویستییان بە وزە لە ساڵی 2020، کۆماری چین کە ئێستا یەکەم وڵاتە لەڕووی زۆریی بەکارهێنانی نەوت لە جیهاندا، پێگەی خۆی لەدەستدەدات.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەهۆی بەرزبوونەوەی پێگەیان لە بەکارهێنانی غازی سروشتی وەک دووەم بەکارهێنەری غاز و سێیەم بەکارهێنەری نەوت لە جیهاندا لە ناوەڕاستی ساڵی 2020، ڕۆڵیان لە بازاڕی نەوتی خاوی جیهانیدا گۆڕانی بەسەردادێت.

لە ڕاپۆرتی ئاسۆی وزەی جیهان لە ساڵی 2013 فۆکوسێکی زۆر خراوەتە سەر بەرازیل وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنەری نەوت، هەرچەندە ئاستی بەکارهێنانی نەوت لەو وڵاتە تا ساڵی 2035، بەڕێژەی 80% بەرزدەبێتەوە.

خواست بۆ نەوتی خاو لە نێوان وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووریی جیهان، ناسراو بە OECD کە ئێستا 50 وڵات لەخۆدەگرێ، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا نایەت و تا ساڵی 2035 کەمتر دەبێت لە نیوەی خواستی نەوتی خاو لە وڵاتانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە.

سەرچاوەکانی کەم کاربۆنی وزە 40%ی خواستی وزە پێکدەهێنن و هاتنە ئارای تەکنۆلۆجیای بەرهەمهێنانی وزە لە ڕێگەی وزەی هەتاو و با پرسیاری سەرەکی دروستکردووە لەسەر چۆنیەتی بازاڕی بەرهەمهێنانی کارەبا و لەسەر چۆنیەتی سەرمایەگوزاری و دڵنیابوونیان لەو سەرچاوانە.

بەپێی قسەی فاتیح بیرۆل، گەورە ئابووریناسی IEA ، نرخی کەمی وزە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو مانایەیە، بەباشی جێگیرکراوە بۆ پاڵپشتی ئابووریی ئەو وڵاتە، بەڵام نرخی بەرزی وزە لە ئەورووپا و ژاپۆن بووەتە بارێکی گران لەسەر پیشەسازی ئەو وڵاتانە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، عێراقی ناسەقامگیر و بەرازیل ئەو دوو وڵاتەن کە دەتوانن لە 10 ساڵی داهاتوودا نیوەی خواست لەسەر نەوتی جیهان دابین بکەن.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ناسراو بە IEA هەروەها پێشبینی کردووە، لە 20 ساڵی داهاتوودا نرخی نەوت زۆر بەرزنەبێتەوە و تارادەیەک سەقامگیر بێت.

بەپێی IEA ، نرخی نەوت زۆر لەسەرخۆ و بەکەمی بەرز دەبێتەوەو پێشبینی کردووە تاوەکو ساڵی 2035 بگاتە 128 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

لەراپۆرتەکەدا هاتووە، بۆئەوەی کە نرخی نەوت لەساڵی 2035 بەرزتر نەبێتەوە، پێویستە هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی خواست بۆ نەوتی خاو، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیش بەرزبێتەوە.

خواست بۆ نەوتی خاو تاساڵی 2035 لە ڕۆژانە 89 ملیۆن بەرمیلی ئێستاوە بەرزدەبێتەوە بۆ ڕۆژانە 101 ملیۆن بەرمیل و بەوپێیە بۆئەوەی کە نرخی نەوت بەئاراستەی سەقامگیری بڕوات دەبێت تا ئەوکاتە ڕۆژانە بەرهەمهێنانی نەوت 12 ملیۆن بەرمیل زیاد بکات.

لەو ڕۆژانە 12 ملیۆن بەرمیلەش دوو وڵاتی عێراق و بەرازیل دەتوانن نیوەی دابین بکەن. عێراق پێنجەمین وڵاتی جیهانە لەڕووی یەدەگی نەوت کە مەزەندە دەکرێ 141 ملیار بەرمیل بێت و هیوای ئەوە هەیە کە بەرهەمهێنانی نەوت لە چەند ساڵی داهاتوودا لەو وڵاتە بەرز ببێتەوە. پێشبینی دەکرێ تاساڵی 2020 بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لەعێراق بگاتە 6 ملیۆن بەرمیل و لەساڵی 2035 ئەو ڕێژەیە بەرزبێتەوە بۆ 8.3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ڕاپۆرتەکە هەروەها دەڵێت بۆ جێبەجێبوونی ئەو سیناریۆیە زۆر شت دەبێت بێتەئاراوەو بەربەستی زۆر لەبەردەم گەشەی کەرتی نەوتی عێراقدا هەیە. یەکەم بەربەستیش بە نەبوونی یاسایەکی پەسەندکراوی هایدرۆکاربۆنەکان ناودەبات لە پەرلەمانی عێراق و کێشە سیاسییەکانی ناو ئەو وڵاتە دەتوانێت بەدیهاتنی ئامانجی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتە پەکبخات.

بەرازیلیش کە ئێستا بەرهەمهێنەرێکی بەرچاوی نەوتی خاوە لەجیهاندا، بەگەشەکردنی کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە و دەرهێنانی نەوت لەقوولایی ژێر دەریاکان دەتوانێت سێیەکی زیادبوونی خواست بۆ نەوت لەجیهاندا دابین بکات.

### دەتوانین کورتەی ئەو ڕاپۆرتە 500 لاپەڕەییە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

- خواستی جیهانی لەسەر وزە تا ساڵی 2035 بەرزدەبێتەوە، بەڵام سیاسەتی حکومەتەکان دەتوانێت کاریگەری بخاتەسەر.
- تاوەکو ساڵی 2035 ، ناوەندی خواست بۆ وزە چڕ دەبێتەوە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و 90%ی خواستی هەموو جیهان پێکدەهێنن.
- بازرگانیی وزەی جیهانی لە ناوچەی ئاتلانتیک دەسووڕێتەوە بۆ ناوچەی ئاسیا پاسیفیک.
- لە 10 ساڵی داهاتوودا وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دابینکردنی خواستی وزەی جیهانی، بەڵام پاش 2020 ئۆپێک پێگەی خۆی بەدەستدێنێتەوە.
- بازاڕی غازی سروشتی لەسەرخۆ گشتگیر دەبێت، هاوکات نرخەکەشی سەقامگیر دەبێت.
- لەبەر جۆراوجۆری سیاسەتەکانی ژینگەپارێزی، قەبارەی خواستی جیهانی بۆ خەڵووز ناجێگرە.
- بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی دوو لەسەر سێی دەرکردنی غازی گرینهاوس بەهۆی بەکارهێنانی وزەیە، سیاسەتەکانی وزە چارەنووسسازن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ژینگەپارێزی.
- گەیشتن بە ئامانجەکانی دەستخستنی سەرچاوەی وزەی نوێ زۆر پێویستە، بەڵام وزەی فۆسیل بەردەوام دەبێت لە پاوانکردنی بازاڕی وزە.
- جیاوازی زۆری نێوان نرخی وزە لە ناوچە جیاجیاکان، گەشەی ئابووری وڵاتانی بەرەوڕووی پرسیار کردووەتەوە.
- جیاوازی نرخی غازی سروشتی لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا زۆر نییە، بەڵام نرخی وزە لە ژاپۆن و یەکێتی ئەورووپا دوو بەرابەری ویلایەتە یەکگرتووەکانە.
- بەرزبوونەوەی نرخی وزە، ئاراستەی باڵانسی بازاڕی وزەو بازرگانی بە گشتی دەگۆڕێت.
- هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، ئەو سەرچاوانەی کە تا چەند ساڵی ڕابردوو نەدەکرا کەڵکی لێوەربگیرێت، ئێستا پەرەیان پێدەدرێ و بەرهەمهێنانیش لەو سەرچاوانە لەبەرزبوونەوەدایە.
- ئاستی دابینکاری نەوت لە ڕۆژانە 89 ملیۆن بەرمیل لە ساڵی 2012 بەرزدەبێتەوە بۆ 101 ملیۆن بەرمیل لە ساڵی 2035 دا.
- بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە 1600 کێڵگەی نەوت لەلایەن ئاژانسی وزەی جیهانییەوە ئەنجامدراون، ئاستی کەمکردنی یەدەگی نەوت ساڵانە 0.6 %ە.
- زۆربەی بەکارهێنانی نەوت لە دوو کەرتی گواستنەوەو پێترۆکیمیایە.
- بەهۆی کەمبوونەوەی خواست لەسەر نەوت، پێدەچێ کەرتی پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت لە داهاتوودا ڕووبەڕووی کاتێکی ئەستەم ببنەوە.
- لەماوەی ساڵانی 2011 تا ساڵی 2035 خواست بۆ بەکارهێنانی کارەبا یەک لەسەر سێ زیاد دەکات.
- سەرچاوەکانی وزەی بەرازیل فراوانەو ئەو وڵاتە لە چەند دەیەی داهاتوودا دەکاتە پێشەنگی دابینکارانی وزە.

ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی ئابووری جیهان، OECD ، لە ساڵی 1961 لە 31 وڵات پێکهات کە بڕوایان بەسیاسەتی بازاڕی ئازاد و دیموکراسی هەبوو. ئامانجی ڕێکخراوەکە دارشتنی سیاسەتی ئابووریی جیهان و وەڵامدانەوەی کێشە ئابوورییەکانی جیهان و دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بوو. ژمارەی ئەندامانی ئێستای ئەو ڕێکخراوەیە دەگاتە 50 وڵات.



عەدنان عوسمان*

# چەند چرپەیەک بە گوێی چاکسازیدا

## لە حکومەتی تازەدا پێویستە چی بکرێت؟

### سەرەتا لادانی بریکاری وەزیر

حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی هاوپەیمانی دەبێت، بۆیە ئاساییە بەرنامەو داخوازیی لایەنەکان لەخۆبگرێت.

مەودای نێوان حیزبەکان زۆرە، بۆیە پێویستی بە هۆشیاری و وردبینی و پلانی تۆکمە هەیە بۆئەوەی ئەو حکومەتە تەنیا کۆکەرەوەی حیزبەکان نەبێت، بەڵکو حکومەتی کار و کردار بێت.

بەلای منەوە قسەکردن لەسەر خاڵی هاوبەش و بەرنامەی هاوبەش کە لە بەرنامەی حیزبەکانەوە وەرگیرابێت، کارێکی خراپ نییە، بەڵام سوودبەخش و عەمەلیش نییە، جۆرێکیشە لە وەختکوشتن.

بۆیە هەق وایە لەدەرەوەی ئەو دەرزەنە بەرنامانە، ئەم حکومەتە بەدوای کارنامەی عەمەلی خۆیدا بگەڕێت و هەندێک هەنگاوی سەرەتایی دڵخۆشکەر پیادە بکات. لەم رووەوە دەکرێت زۆر پێشنیازی بەجێ بکرێت، بەڵام من لێرەدا تەنیا قسە لەسەر چوار هەنگاو دەکەم.

**یەکەم:** هەق وایە ئەم حکومەتە لەبری کارنامەیەکی درێژی دەیان لاپەڕەیی (وەک هەموو جارێک) تەنیا کار لەسەر چەند پلانێکی عەمەلی بکات.

بەرنامەی حکومەت زۆرتر لە بەرنامەی حیزبەکان دەچێت، بە تایبەتی لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا کە ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە، چونکە جگە لە ناواقعیبوونی، ئاماژەیەکی گەورەشە بۆ بێ بەرنامەیی حکومەت و بەرێکردنی کات. حکومەت دەبێت ستراتیجێکی رۆشنی کورتمەودای عەمەلیی هەبێت نەک ئەم جۆرە بەرنامانە کە هەندێکیان چەندین ساڵیان پێویستە بۆ جێبەجێکردنیان. پێویستە حکومەت کارنامەی کردارییی هەبێت و بۆ ماوەی ساڵێک یان ئەوپەڕی دوو ساڵ بێت (دیارە لە چوارچێوەی ستراتیجیەکی گشتیدا).

واتە سەرخەتی پلانی خۆی بۆ ساڵێک (ساڵی جێبەجێکردنی بودجە) دابڕێژێت و ئەولەویەتەکانی خۆی دیاری بکات کە بە نیازە لەم ساڵەدا گرنگی زیاتر بە چ کەرتێک بدات و لەوبارەوە پلانەکەی چییە.

**دووەم:** زۆرجار باس لە دانانی چەند جێگرێک دەکرێت بۆ سەرۆک وەزیران کە ئەمەش کارێکی بێسوودە و تەنیا بۆ پۆست دابەشکردنە.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێویستە تەنیا یەک جێگری هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت چەند یاریدەدەرێکی هەبێت بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکان. ئەم یاریدەدەرانە دەکرێت بە گوێرەی کاروباری وەزارەتەکان دابەش بکرێن.

**سێیەم:** جێگری وەزیر ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەیە لە وڵاتان، جگە لە کوردستان کە تەنیا بە مەبەستی پارسەنگی حیزبیی نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتدار دانراوە.

لە هەرێمی کوردستاندا وەزیر و بریکارەکەی پۆستێکی حیزبین و هەر لەسەرەتاوە ئەم پۆستە بە لارێدا براو پێویستی بە ماوەیەک هەیە تاوەکو دەچێتەوە خانەی ئوسوڵیی خۆی. بۆیە هەق وایە لەم کابینە نوێیەدا ئەم پۆستە لابدرێت، بۆ ئەوەی وەزیر بتوانێت ئەرکە فیعلییەکانی خۆی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەجێبگەیەنێت.

وەک دەبینین بەشێک لە وەزارەتە گرنگەکان، ئەوانەی پێیاندەگوترێ سیادی، بریکارێکیان هەیە لە حیزبەکەی دیکە و رۆڵی وەزیری فیعلی ناوچەی قەڵەمڕەوی حیزبەکەیان دەبینن.

بۆئەوەی وەزیرە نوێیەکانی ئەو وەزارەتانە کاری خۆیان بکەن، پێویستە جێگریان بۆ دانەنرێت، لەبری ئەوە دەکرێت سکرتێر بۆ وەزارەتەکان دابنرێت کە ئەرکی هەماهەنگیی نێوان دەزگاکانی وەزارەت بێت و هاوکاری وەزیر بێت لە کارەکانیدا.

سکرتێر دەبێت کەسێکی تەکنۆکراتی خاوەن ئەزموون بێت لە کارەکانی وەزارەتدا.

**چوارەم:** کارێکی زۆر باش دەکرێت گەر حیزبە بچووکەکان بەشدار نەکرێن لەم کابینە نوێیەدا. مەبەستی من ئەوە نییە کە کەسانی بە توانای دڵسۆزیان تێدا نییە یان کابینەکە زۆر قەرەباڵغ دەبێت.

لە راستیدا مەبەستی من پێچەوانەی ئەوەیە و رێزگرتنە لەو حیزبانە کە هەموو جارێک بە هۆی بەشدارکردنیان لە حکومەت، خامۆش و بێدەنگ دەکرێن. بۆ ئەم حیزبانە و لایەنگرەکانیان زۆر گرنگە ماوەیەک لە ئۆپۆزیسیۆندا بن، رەخنەگر و چاودێر بن، لەدەرەوەی کابینە بن بۆ ئەوەی باشتر بتوانن قسە بکەن و پێشنیاز بکەن. ئەمە هۆکارێکی باش دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی جەماوەر بۆ ئەم حیزبانە کە دڵنیام دەتوانن رۆڵێکی زۆر باش و کاریگەر لە ئایندەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بگێڕن. بەڵام ئەم هەڵپەیەیان بۆ پۆستی

> **کارێکی زۆر باش دەکرێت گەر حیزبە بچووکەکان بەشدار نەکرێن لەم کابینە نوێیەدا**

حکومی زۆربەی ئاراستە سیاسییە جیاوازەکانیانی داپۆشیوە و پێویستیان بە پشوویەک و پێداچوونەوەیەک هەیە لەو بوارەدا. هەق وایە ئەو حیزبانەش بیرێک لەوە بکەنەوە کە بۆچی ساڵەهای ساڵە لە هەموو کابینەکان بەشدارن و ئاستی جەماوەرییان تا دێت لە کەمی دەدات؟

## لە پەرلەمانی تازەدا پێویستە چی بکرێت؟

لە خولی سێیەمدا، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ ئامادەکردنی پەیڕەوێکی نوێ بۆ پەرلەمان. من پێشتر پەیڕەوێکم ئامادەکردبوو کە دابەشمکردبووە سەر ئەندامان بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵێک پەیڕەوی پەرلەمانەکانی جیهان. لەو پەیڕەوەدا پێشنیازی چەند گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیم کردبوو لە هەیکەلەی پەرلەمان و شێواز و میکانیزمی بڕیاردان.

بە داخەوە بەشێکی زۆری تێبینییەکان پەسەند نەکران کە یەکێکیان، گەر گرنگترینیان نەبێت، مەسەلەی پێکهێنانی دەزگایەکی نوێیە لە پەرلەمان و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیەتی.

ئەو دەزگایەی پێشنیازم کردبوو لەو پەیڕەوەدا و لە چەند بابەتێکی دیکەدا ناوم نابوو لیژنەی ناوەند، دیارە ئەم لیژنەیە ناوی جۆراوجۆری هەیە لە پەرلەمانەکانی دنیادا بۆ نموونە: لیژنەی باڵا، دەستەی حوکەما، هەیئەتی پیران، کۆمیتەی هەماهەنگی و زۆری دیکە.

خۆشبەختانە رێکخراوی NDI ئەمریکیش کە کۆمەڵێک تێبینی بەنرخیان رەوانەی پەرلەمان کردبوو لەسەر پەیڕەوەکە و نامیلکەیەکیان خستە بەردەستی پەرلەمان لەوبارەوە، ئەوانیش پێشنیازی پێکهێنانی ئەو لیژنەیەیان کردبوو و ناویان لێنابوو: کۆمیسیۆنی رێکارییە جێگیرەکان.

لەوانەیە لیژنەی (دەستە یان کۆمیسیۆن)ی ناوەند یان لیژنەی باڵا یان لیژنەی گشتی باشترین ناو بێت بۆ ئەو دەزگایە بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانی لە لیژنەکانی دیکەی پەرلەمان.

### مەبەست لەم لیژنەیە چییە و گرنگییەکەی لە چیدایە؟

زۆربەی پەرلەمانتاران دەزانن سەرجەم کاروبارەکانی پەرلەمان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە کە پێکهاتووە لە سەرۆکێک و جێگر و سکرتێرێک بەڕێوە دەبرێن. ئەمانە سەرباری کاروبارە ئیداری و گشتییەکانی پەرلەمان و سەردان و بینینەکانیان، ئیشە رۆژانەییەکانی پەرلەمان و بەرنامەی کار و سەرجەم مەسەلەکانی نێو پەرلەمانیان لە ئەستۆدایە و تاکە بڕیاردەرن لەوبارەیەوە. ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە لە پەرلەمانەکانی جیهاندا. لەو پەرلەمانانەدا هەیئەتێک هەیە کە کۆمەڵێک ئەرکی گشتی پەرلەمان لە ئەستۆ دەگرێت. واتە هەر چۆن پەرلەمان دامەزراوەی نوێنەرایەتییەو بە کۆمەڵ بڕیارەکان دەدات، بە هەمان شێوەش لەنێو خودی پەرلەمانیشدا پێویستە فراکسیۆنەکان کە لەگەڵ لیژنەکاندا دوو ستوونی سەرەکی کاری پەرلەمانین، ئیش و کارەکان بە راوێژ و دەستەجەمعی رایی بکرێن.

ئەم هەیئەتە لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێکدێت (هەندێک جار سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکانیش بەشدار دەبن).

> **بەرنامەی حکومەت زۆرتر لە بەرنامەی حیزبەکان دەچێت، بە تایبەتی لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا کە ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە**

بە گوێرەی نامیلکەکەی NDI، ئەم لیژنەیە کە پێیدەگوترێ Collegum (لە نامیلکەکەدا وا هاتووە) بەرپرسە لە پێشنیازکردنی بڕگەکانی بەرنامە بۆ کۆبوونەوە گشتییەکان.

لە پەرلەمانەکاندا ئەو لیژنەیە بڕیاردەری دانانی پلانە گشتییەکانی پەرلەمانە و ئەرکی فیعلی هەیە و دەزگایەکی خاوەن دەسەڵاتی تەواوەو هاوکاری دەستەی سەرۆکایەتی دەکات لە بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانی پەرلەمان، بە تایبەت ئەوانەی کە لە دەسەڵاتی حەسری دەستەی سەرۆکایەتیدا نین. وا لێرەدا بەشێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم لیژنەیە کە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت دەخەمە روو:

**یەکەم:** دانانی بەرنامەی کار بۆ ماوەی وەرزێک کە لە چوار مانگ پێکدێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکاندا. ئەو بەرنامەی کارە پێویستە بۆ پەرلەمانتاران و حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا بڵاوبکرێتەوە.

**دووەم:** بڕیار لەسەر پێکهاتەی لیژنەکان و کاروبارەکانیان و دابەشکردنی ئەندامان بەسەریاندا دەدات.

**سێیەم:** بەیاننامەو رێککەوتن و پەیماننامەکان کە پەیوەستن بە کاروباری پەرلەمانەوە دەبێت لەم لیژنەیەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت. دەستەی سەرۆکایەتی بەبێ رەزامەندی ئەم لیژنەیە نابێت هیچ لێدوانێکی رەسمی و گشتی بدات بە ناوی پەرلەمانەوە.

هەروەها ناردنی وەفدەکانی پەرلەمان بۆ دەرەوەو بەشداریکردن لە بۆنە جیهانییەکان و وۆرک شۆپەکان.

**چوارەم:** هاوکاریکردنی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی دێنە رێی پەرلەمان و لێکۆڵینەوە لە رەفتاری ئەندامان و سەرۆکایەتی و بڕیاردان لەسەریان.

**پێنجەم:** پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی راوێژی بەردەوام بەم لیژنەیە بکات بۆ سەرجەم کاروبارە کارگێڕی و دارایی و کاروباری ئەندامان و پێداویستیەکانی لیژنەو فراکسیۆن و ئەندامان.

دیارە دەکرێت کۆمەڵێک ئەرکی دیکە بە رێککەوتنی دەستەی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکان دیاری بکرێت، بە تایبەت بە سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک لە پەرلەمانەکانی جیهان.

لە هەندێک لە پەرلەمانەکاندا لیژنەیەک یان دەستەیەکی دیکە هەیە بەناوی لیژنەی هەماهەنگی یان دەستەی گشتی کە هەیئەتێکی بەرفراوانەو لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکان و سەرۆکی دیوان پێکدێت و ئەرکی سەرەکییان دانانی بەرنامەی کار و رێوشوێنی گفتوگۆ گشتییەکانە.

بەڵام پێموایە بۆ پەرلەمانێکی بچووکی وەک ئێرە پێویست بەو لیژنەی هەماهەنگیە ناکات و دەکرێت بۆ دانانی بەرنامەی کار ئەم لیژنەی ناوەندە راوێژی بەردەوام بە لیژنەکان بکات.

پێکهێنانی ئەم لیژنەیە هەنگاوێکی گەورەو کاریگەر دەبێت لە بەڕێوەبردنێکی مۆدێرنانەی پەرلەمان و بەهێز کردنی و ئاگاداربوونی ئەندامان لە سەرجەم کارەکانی، بە تایبەتی کە یەکێک لە رەخنە بەردەوامەکانی پەرلەمانتاران، کێشەکانی دانان و دابەشکردنی بەرنامەی کار و پەراوێزخستنی کۆمەڵێک پرۆژە یاسا و بێئاگایی پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئیشەکانی پەرلەمانە.

***پەرلەمانتاری پێشووی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**



نوری بێخاڵی

# ئیرادەی ئاشتی

هەر رووداوێکی سیاسی، ئەگەر بە تەنیا رەنگ و روخسارێکی دیاریکراویشەوە دەربکەوێت، بەڵام لە باری ناوەڕۆک و مەغزاکانییەوە، فرەهەندە. بۆیە ناکرێ خوێندنەوەی تاکلایەنە بۆ هۆکارەکانی پشتی رووداوەکە و دەرهاویشتەکانی بکەین.

هەر لەبەر ئەوەیە بوونی خوێندنەوەی جیاواز بۆ رووداوێکی سیاسی شتێکی ئاساییە، وەلێ ئەوەی ئاسایی نییە، ئەو خوێندنەوانە حوکمی پێشوەختە و ئایدیۆلۆژی رووت بن.

بۆ نموونە وەک بەشێکی ئەو خوێندنەوانەی بۆ سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد کران.

هەستکردن و دادنانان بەوەی کە بەرامبەرەکەیشت هەڵگری بڕێکی راستییە، لەوێدا دەست پێدەکات کە درک بە بڕێکی هەڵەکانی خۆت بکەیت، وەک چۆن بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و هاوپەیمانێتی و روخسار و دەرکەوتەکانی، دەبێت لە چەمکی بەرژەوەندی سیاسی و هاوسەنگی هێز بگەیت و تەواوی هاوکێشەی هاوپەیمانێتییەکانی هێزە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان بەیەک چاو ببینیت، یان روونتر بڵێین، ئەوەی بۆ خۆتی بە حەڵاڵ دەزانی، بۆ خەڵکی دیکە نەیکەیتە حەرام و ئەمەش بە منەت بە هاووڵاتی بفرۆشیتەوە!

بۆ تێگەیشتن لە ئاشتی، پێویستە لە جەوهەری خودی ئاشتی بگەین، وەک چۆن بۆ "هەستکردن بە ئازاری نەخۆش، پێویستیمان بە چەشتنی خودی ئازارەکە هەیە، نەک سەردان و دڵنەواییکردنی نەخۆشەکە!"

بۆ ئەوانەی شمشێرەکانیان لە کالانە، یان وەک کورد دەڵێ "ئەوانەی لە شەڕ نەبن، شمشێریان تیژە"، فووکردن بە هەنبانەی شەڕ و کردنی ئەوانی دیکە بە بەردەباز بۆ خۆدەرخستن وەک فریادڕەسی نەتەوەیی و نیشتمانی ئاسانترین رێگایە. چونکە ئاشتی لە خەیاڵدانی ئەواندا، هەمیشە بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی گومانی شەیتانی لە ئاست بەرامبەرە جیاوازەکانیان و خۆڕادەستکردنی بەردەوام بۆ لۆژیکی نانەوەی ناکۆکی، بە خەونی چنینەوەی دەسکەوتی هەنووکەیی.

ئەوانە لە ئاشتی ناگەن کە تەنیا بەرپێی خۆیان دەبینن و بەس، وەک چۆن ئەوانە ئاشتی بەڵەد نین کە کاریتەی چاوی خۆیان لە زلی چاوی ئەوانی دیکەدا بچووک دەکەنەوە.

بە واتایەکی دیکە، ئەوانەی نەتوانن (گوڵ) بن، لەوە دەرچووە باوەڕیان پێبهێنی کە (درک) نەبن، وەک چۆن ناتوانی "باوەڕ بە ماسی بهێنیت، بێت لە وشکانیدا بژێت بە بیانووی ئەوەی گیاندار هەیە وشکانی و ئاوییە!"

بەبێ دوودڵی پێویستە ئەو راستییە ببینین کە سەردانەکەی (بارزانی) بۆ ئامەد پەیوەندی بە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە و دابەشبوونی بەرژەوەندی و باڵانسی هێز و بەرەی هاوپەیمانێتیەکانەوە هەیە، بەڵام دەبێ ئەو راستییەش ببینین کە ئەگەر هێزگەلێکی سیاسی ناوخۆیی و هەرێمایەتی بۆ خۆیان بە رەوای دەبینن لە بەرەیەکدا و لەگەڵ ئەوانەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان یەکانگیرە سەنگەر بگرن، نابێ ئەو مافەش لە (بارزانی) و هاوبەرژەوەندییەکانی زەوت بکەن کە پەرە بە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانیان بدەن، بەتایبەتی کە سروشتی ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنەمای (دانوستاندن)ـە. واتە وەک چۆن (ئەردۆغان) دەیەوێ بەری خەونێک لەو سەردانە بۆ خۆی و حیزب و حکومەتەکەی بچنێتەوە، ئاواش (بارزانی) بەشی خۆی لەو نێوەدا دەبا. گرنگ ئەوەیە ئەو دانوستاندنە لەسەر نادیدەگرتنی ئەوانی دیکە و ژێرپێخستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان نەبێت.

نەتەوەیی پەڕگیر کە هەر بە هوتاف و هاشوهووش نەتەوەییە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیستێکی دۆگمادا نییە، رەنگە یەکەمیان زۆر ترسناکتریش بێت، بەوەی ئەگەر سبەی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، ببێتە راسیست و هەموو مرۆڤایەتی بکاتە قوربانی مەیلە راسیستییەکانی خۆی.

سیاسەتی (یان هەموو شت، یان هیچ)، یەکسانە بە هیچ لەباردا نەبوون و بێبەهاکردنی کاڵای بەرامبەر، وەک چۆن یەکسانیشە بە کورتبینی و پێکووتەکردن لەناو دوێنێیەکی شکستخواردوو.

ئەو کۆمەڵگەیەش کە چاوەڕێ بێت، بەری کۆششی ئەو سیاسەتە لنگەوقووچە و سیاسییە ئێکسپایەرانەی لەناو پارادۆکسێکی کوشندەی سیاسی و مێژووییدا دەژین، بخوات، وەک ئەو هاوسێیەی بە تەمای شێوی هاوسێیەکەیەتی، خۆی و منداڵەکانی بە برسێتی سەر دەنێنەوە.

ئەوەی لە نێوان رەش و سپیدا بۆشاییەکی رەساسی نەبینێ، کوێرڕەنگی (عمی الالوان)ی هەیە، وەک چۆن ئەوەی بە تەنها ئاوازێکەوە مەست بێت، لە هارمۆنیای میوزیک ناگات. بۆ نموونە (ئۆجەلان) لەناو زیندانی تاکەکەسیدا ژوانی راستەقینەی لەگەڵ ئاشتیدا گرتووە، کەچی بەشێکی هەڵۆکانی بە شوێن بریندارکردنی کۆتری ئاشتییەوەن. ئەو کۆترەی لە ماڵی فیکر و هزری ژیاندۆستی (ئۆجەلان)ـەوە لە شەققەی باڵەکانی داوە.

ویستی (ئۆجەلان) بۆ ئاشتی، ویستێکی ئیرادەگەرانەیە، نەک فشاری زیندان و ترس لە زیندان خۆی. ویستێکە سەرچاوە لە تێگەیشتن بۆ گۆڕانکارییەکان و شوێنکات و سەردەم و شێوازی تیکۆشانی سیاسی دەگرێت.

بۆیە کارەسات بە تەنها ئەوە نییە هەندێ لە هەڵۆ هاولانەکان دەیانەوێ بەری فڕین لەو کۆترە بگرن، بەڵکو کارەساتی گەورە ئەوەیە، هەندێ تەیری تەرە، لێرە و لەوێش، سەرمەستن بە چڕنوکی هەڵۆکان و باکیان بە گمەی ژیاندۆستانە و باڵی پڕ نەشئە و نەسیمی ئاشتی زیندان نییە. هەر لەو گۆشەنیگایەوەیە، بە دیوێکدا سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد، بە خاوەن دەرکەوتنە لە گمە و سپێتی ئەو کۆترەی کە لە زیندان هاتووەتە دەر و دەیەوێ سەرکەش بە ئاسمانی ژیاندا بفڕێ. بە خاوەن دەرکەوتنێک کە لە ویستی ئیرادەگەرانەی ئاشتی تێدەگات.

تێگەیشتنی (بارزانی) لەو ویستە ئیرادەگەرەی ئاشتی ناو زیندان، زۆر جوانتر دەرکەوت و باشتر ئامانجی خۆی پێکا، کاتێ لە ناو شارەوانی مەزنی ئامەد، لەگەڵ سوپاسکردنی (ئەردۆغان)، ستایشی هەڵوێستی (ئۆجەلان)ی کرد و ویستی ئیرادەگەرانەی ئاشتی زیندانی بەرز نرخاند و بە تورکەکانی گوت بیرتان نەچێت (چەپڵە بە دەستێک لێنادرێت).

بەهەرحاڵ، دیوێکی گرنگی ئەو سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئامەد ئەوەیە کە جیاوازی نێوان خواستی ئاشتی و ویستی ئیرادەگەرانە بۆ چەسپاندنی ئاشتی، ئاسمان و رێسمانە. ئەوەی گوایە خواستی ئاشتی هەیە، چاوەڕوانی ئەوەیە ئاشتی بەپێی خۆی بێتە ناو ماڵییەوە، ئەوەیش کە ویستی ئیرادەگەرانەی بۆ چەسپاندنی ئاشتی هەیە، وێستگەی ژوان لەگەڵ کاروان و تەتەرەکانی ئاشتی دادەنێت و رێگاکان کورت دەکاتەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئایا بارزانی شەریکێکی دیکە قەبوڵ دەکات؟

باسی دیداری نێوان بەڕێزان مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا هاتووەتە گۆڕێ. دیداری پێشوویان هیچی لێ سەوز نەبوو. لە کەشێکی دۆستانەدا لە مانگی ئەیلولی 2011 لە ماڵی نەوشیروان مستەفا، بارزانی میوان بوو. چەند مانگێک دوای ئەو سەردانەش لە نیسانی 2012دا، ئەمجارەیان نەوشیروان مستەفا چووە سەری ڕەش.

زۆرجاریش لە گەرمەی ئەوکاتانەی کە ئێمەومانان پێمانوایە هیچ رایەڵێک لە نێوانیاندا نییە، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی (د.فوئاد حوسێن) دەچێتە گردەکە و پەیام ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەوە دنیای سیاسەتە و پشتی پەردەی زۆرن.

دیداری ئەوکاتەی نێوان بارزانی و نەوشیروان مستەفا لە کاتێکدا بوو کە بەڕێز تاڵەبانی هێشتا قورسایی سێبەری بەسەر ئەو دیدارانەوە دیار بوو. یەکێتی و بەتایبەتیش تاڵەبانی زۆرجار مەترسی ئەوەیان هەبوو کە گۆڕان ببێتە بەدیلی ئەوان بۆ پارتی و هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کە تاڵەبانی ڕێککەوتننامەی دەباشان-ی لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا ئیمزا کرد. پارتی ئەوکاتە چەند بە ڕێککەوتنەکە ناڕەحەت بوو، دوو ئەوەندەش بە ئاشکراکردنەکەی.

ئێستا ڕاستە پارتی بەدوای شەریک یان چەند شەریکێکدا دەگەڕێ بۆ حوکمڕانیی کوردستان، بەڵام ڕوانگای پارتی بۆ شەراکەت لە هی ئەوانی دیکە بەرامبەر بە پارتی جیاوازە. پارتی ئامادەی هەموو جۆرە شەراکەتێکە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە بڕیاری سیاسیدا شەریک قەبوڵ ناکات. شەریکی بۆ پشتیوانی لە سیاسەتەکانی خۆی دەوێت نەک ئەوەی کە بەشێکی ئەو سیاسەتە بداتە دەستیان.

نموونەی هەرە زیندووش، ئەزموونی شەراکەتی چەند ساڵی ڕابردووی پارتی و یەکێتییە، کە مەتبەخی سیاسەتی کوردستان لەسەری ڕەش بووە نەک قەلاچوالان.

سیاسەتی گۆڕان کە زادەی بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفایە، قەت لەگەڵ ئەوەدا نییە کە سیاسەتی کوردستان لە (سەری ڕەش)ەوە بڕیاری لێبدرێت و هەموو هەوڵێکیشیان ئەوەیە کە ئەگەر نەشتوانن بەرەنگاری ببنەوە، سنووورداری بکەن.

گۆڕان باش دەزانێ سیاسەتی نەوتیی کوردستان سیاسەتێکی سەرکەوتووە و قەتیش لاریی لەوە نەبووە کە کوردستان بۆندی نەوت ئیمزا بکات، بەڵام پێیانوایە کە ئەو سیاسەتە پارتی و بەتایبەتیش بنەماڵەی بارزانی بەرهەمی دێنن. ئەوانن کە بڕیار دەدەن لەگەڵ کێ و لە کوێ و چۆن بۆندی نەوت ئیمزا بکەن.

نەوشیروان مستەفا ئەگەر لەگەڵ تاڵەبانی تەسلیمی پارتی نەبوو، ئەستەمە ئێستا کە یەکێتی لاواز بووە بۆ بڕیاری سیاسی تەسلیمی پارتی بێت. چونکە ئەو پێیوایە کەس ناتوانێ ببێتە شەریکی پارتی، چونکە لە سیاسەتدا پارتی خۆی پێ خاوەنی قەزیەکەیە و ئەوانی دیکەش بەشداری پێدەکات.

ئەوە لای گۆڕان چەسپاوە و باشیش دەزانێ کە پارتی دوای گەیشتنی بەو وێستگانەی ئێستای لە دیپلۆماسیەت، ئابووری و حوکمڕانی تازە مەحاڵە واز لە ڕۆڵی پێشڕەوی خۆی بێنێت و کەسێک یان لایەنێکی دیکە بکاتەوە بە برابەش.

پارتی لە سیاسەتدا پاشکۆی دەوێت. ئەوانەی بەو پاشکۆیەتییەی پارتی ڕازی نەبوون نزیکەی نیو سەدە زیاترە لەگەڵی لە کێشمەکێش و ململانێدان، بەڵام پارتی هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و ڕوانگای بیرکردنەوەی خۆی نەگۆڕیوە.

ناکرێ چاوەڕوانییەکی گەورە لەسەر دیداری نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی هەڵبچنرێ. سەرباری نەبوونی تاڵەبانی، ئەگەرچی نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەکی قورسی گۆڕەپانی سیاسییە، بەڵام نە خۆی پاشکۆیەتی پارتی قەبوڵ دەکات و نە پارتیش ڕازی دەبێ دەرگای مەتبەخە سیاسییەکەی خۆی بەسەر کەسی دیکەدا بکاتەوە.



هیوا جەمال
hiwajamal@rudaw.net

# ئەوەی خەڵک دەیەوێ و ئەوەی خۆتان دەتانەوێ

بەمەبەستی بەشداری لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرجەم هێز و لایەنە یار و نەیارەکان، کەوتوونەتە خۆیان و قۆڵی بەشدارییان لێ هەڵماڵیوە.

لەم خۆئامادەکردنەدا هەر کەس بە ئاوازی خۆی حەیران بە بەژنی بەشداری لە حکومەتدا دەڵێت و پێیوایە بە بوونی ئەو لەو حکومەتەدا، حکومەتێکی کارا دەبێت و وڵات لە سایەی ئەودا سەقامگیر دەبێت و پێشدەکەوێت.

ئەوەی لە ڕووە ئاشکراکەی گوتاری ئەم هێزانەدا دیارە ئەوەیە کە هەمووان دەڵێن دەیانەوێ حکومەتێک بە بەشداری هەمووان پێکبێت و چاکسازی تێدا بکرێت.

ئەوەی حیزبەکان دەیانەوێت، بەشداریی لە حکومەت بەو شێوازەی خۆیان ڕەسمیان بۆکێشاوە، زۆربەی ئەندامانی لیژنەکانی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە قسەیان کردووە، بە قسەکانیاندا دیارە کە هەر حیزبێک مشتی لە کۆمەڵێک وەزیر و بەرەوخوارەوە خۆشکردووە.

لەم ماوەیەدا کە دەگوترێ کەمتر لە دوو هەفتەی دی دەخایەنێت، لیژنەی دیکە پێکدەهێنرێت یاخود هەر ئەو لیژنانە و بە بچووککراوەیی گفتوگۆ دەکەن لەسەر دابەشکردنی پلە و پۆستەکانی حکومەتەکە، جا ئەو گفتوگۆیانە تایبەت دەبن بە دابەشکردنی پلەو پۆست و ڕەنگە هیچی دی تێدا باس نەکرێت.

ئەوەی حیزبەکان دەیانەوێت بۆ بەشداری لە حکومەت، هەوڵدانە بۆ پچڕینی بڕێکی زیاتر لە کێکی دەسەڵات، ئەوەش بۆ زیاتر ڕازیکردنی دۆستان و ئەندامانیان لە پێدانی پۆست و ئیمتیازات، ئەگەرچی هەر حیزبێک مافی خۆیەتی داوای پۆست و ئیمتیازات بکات، بەڵام بە چ شێوەیەک؟

ئەوەی خەڵک دەیەوێت، دابینکردنی ژیانێکی خۆشتر، بەرقەراربوونی یاسا، ڕێگەدان بە دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا، لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک وردەکاری هەیە.

هەر ئەوەی کە حیزبەکان لە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنییان دەدا، ئەوە بکەنە بنەمای پێکهێنانی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک، لەو بڕوایەدام حکومەتێکی بەکەڵک بۆ خەڵک دروست دەبێت.

ئەگەر تێبینی بکەیت لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەتمۆسفێری خەڵک زۆر دیارە و زۆرتر لە زاری سیاسییەکانەوە باسی خەڵک دەبیسترێ، بەڵام لە کاتی پێکهێنانی حکومەتەکاندا، ئەوەی زاڵە چۆنیەتی دابەشکردنی پلە و پۆست و ئیمتیازاتی حکومەتە.

دەتوانین داواکانی خەڵک بەگشتی لە نێوان ئەو پێنج حیزبەدا بکەین بە دوو بەشەوە کە زۆرترین کورسییان لە پەرلەمان بەدەستهێناوە.

هەرچی ئۆپۆزسیۆنەکانە تەرکیزیان لەسەر ئەوەبوو کە بۆ مافەکانی خەڵک تێدەکۆشن و سەروەت و سامانی ئەم میللەتە بە فیڕۆ نادەن، بەکورتی دەیانگوت: 1- تەقەکەرانی خۆپێشاندانەکانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دوایی دەدەنە دادگا. 2- پارەی نەوت و سامانە سروشتییەکان بەسەر خەڵکدا دابەشدەکەن. 3- مووچە زۆرەکان کەم دەکەنەوە و کەمەکان زیاد دەکەن. 4- هاوکاریی گەنجان دەکەن هاوسەرگیری بکەن و بچنە جێ و ماڵی خۆیان. 5- کار بۆ بێکاران دەدۆزنەوە و مووچە بۆ کابانی ماڵ دەبڕنەوە.

هەرچی پارتی و یەکێتیشە، بەتایبەت لە دروشمەکانی پارتیدا زەقتر بوو، دەیانگوت: 1- لە پارەی نەوت مووچە بۆ هەموو خێزانێک دەبڕدرێتەوە و هەر خێزانێک کەمتر لە 500 دۆلاری پێنادرێت. 2- لەسایەی ئەواندا کار دەدۆزرێتەوە و کارگەی زۆر دەکرێتەوە. 3- یاسا سەروەر دەبێت.

ئەوەی خەڵک دەیەوێ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەیە کە بەڵێنتان پێداون، ئیدی زۆر گرنگ نییە بەلای خەڵکەوە سەرۆک وەزیر و وەزیرەکان لە چ ڕەنگ و حیزبێک دەبن.

خەڵک دەیەوێت لە خێر و بێری ئەم نیشتمانە پشکی خۆی بەربکەوێت، داهاتی نیشتمانەکەی نەڕوات بۆ وڵاتانی دی و لە بانکەکانی ئەوێ کۆنەکرێتەوە. ژیانێکی ئاسوودە بژی، چۆن ئارامی بۆ بەرپرسان و نەوەکانیان دابینکراوە بۆ ئەوانیش هەبێت. چۆن هەموو کوڕ و کچ و نەوەی بەرپرسان کاریان هەیە و زوو دادەمەزرێن و هیچ خەمی شوێنی نیشتەجێبوونیان نییە، ئەوانیش کاریان دەستبکەوێ و شوێنێک هەبێ تێیدا بحەوێنەوە، یاساش بۆ هەموون یەک دەمی هەبێت.



عەبدولسەلام مەدەنی
almedeni@yahoo.com

# کابینەی نوێ

لەم ڕۆژانەدا لە هەرێمی کوردستان مشتومڕێکی گەرم لە ئارادایە دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و ئەوەی کە ئایا حکومەتێکی هاوپەیمانی دەبێت یان نا؟ هاوپەیمانییەکە تا چ ئاستێکە، بەرفراوانە یان بەرتەسکە؟ ئۆپۆزیسیۆن تێیدا بەشدار دەبێت یان نا و ئاخۆ ئۆپۆزیسیۆن –هەر لەبنەڕەتەوە- یەکدەنگە لەسەر بەشداریکردن و نەکردن؟ مەرجەکانی بەشداریکردنیان چین و ئەو پێگەو وەزارەتانە چین کە هەر لایەنێک داوایان دەکات؟ مشتومڕێکی زۆر و گەورە دەربارەی ئەم مەسەلانە لە ئارادایە و گومانیشم نییە کە گفتوگۆیەکی گرنگ و پێویستە نەک هەر لەبەرئەوەی بەشێکە لە مشتومڕی سیاسیی پێویست و ئیستحقاقی هەڵبژاردنە، بەڵکو لەوە زیاتر هاوکاتە لەگەڵ دۆخێکی دڵەڕاوکێئامێز لە هەرێم و ناوچەکەدا کە ئەو گفتوگۆیە ڕەنگە ببێتە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەوەش لەخۆیدا زەمینەیەکی پێویست و گرنگە بۆ هەر پرۆسەیەکی گەشەپێدان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش بۆ من جێی پرسیارە کە ئاخۆ ئەو گفتوگۆیانە خۆیان مەبەستەکەن یان ئامرازن؟ چونکە بۆ من وا دەردەکەوێ کە مشتومڕ لەبارەی پێکهاتەکە و کێ بەشداری دەکات و کێ نایکات ئەوە بووەتە ئامانجەکە نەک ئەوەی کە ئەو حکومەتە دەتوانێ چی پێشکەش بکات؟ بەرنامەی چییە و کاری لەپێشینەی کامەیە؟ پلانەکانی چین بۆ گەشەپێدان لە قۆناغی داهاتوودا؟ ئەمانە و کۆمەڵێ پرسیاری دیکە دەبێ ئەو پرسیارە بنەڕەتیانە بن کە بۆ وەڵامەکانیان بگەڕێین.

بەبڕوای من پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی لە ڕەوتی دیموکراسیی کوردستاندا زیان بە دوو مەسەلە دەگەیێنێ:

یەکەم: دووبارە لاوازکردنی بیرۆکەی ئۆپۆزیسیۆنە. ئەزموونی پەیدابوونی ئۆپۆزیسیۆن خاڵێکی گرنگ بوو لە ئەزموونی دیموکراسیی ئێمەدا. سەرەڕای زۆر تێبینی لەسەر ئەدای ئۆپۆزیسیۆن و ئەو کەشوهەوا نێگەتیڤەی کە هەندێ جار دروستی دەکرد بەتایبەتی لەڕێی میدیاوە، بەڵام هەمیشە بوونی گرنگترە لەنەبوونی بۆ پێگەیاندنی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی.

ڕاستە ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت کە پارێزگاری لە چەمکی ئۆپۆزیسیۆنبوون دەکات بە گواستنەوەی بۆ نێو هۆڵی پەرلەمان بۆ چاودێریکردنی ئەدای حکومەت بەگشتی، بە سەرلەبەری حیزبەکانەوە و تەنانەت ئەندامان و نوێنەرانی خۆیشیان، واتە گۆڕینەکە لە ستراتیژدایە نەک لە پرەنسیپ، بەڵام ئەوە تەحەدایەکی زەحمەتە و تاقیکردنەوەیەکە نازانم ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات تاچەند دەتوانێ پیادەی بکات، ئەوە جگە لەو قسە زۆرەی کە ڕەنگە بکرێن دەربارەی خوێندنەوەی نیاز و پێچ و پەناکانی گەمەی سیاسی لە هەنگاوێکی لەمجۆرەدا.

هەروەها ئەوەی کە ئایا بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی بۆ شکستپێهێنان دەبێت لەپێناوی ڕاکێشانی جەماوەری زیاتر، یان بەشدارییەکی کارای ڕاستەقینەیە بە نیەتێکی ڕاستگۆیانە بۆ چاکسازییەکی بەکردەوە؟ چونکە هیچ کەسێک نییە لەدەسەڵات بێ و لەبەر ڕۆشنایی بێ و کەسیش تێبینی لەسەری نەبێ. بارودۆخی کوردستانیش لەماوەی تەنیا چوار ساڵدا باشتر نابێ و گەندەڵی کۆتایی نایەت و متمانەی 100%ی هاووڵاتی بەدەست نایەتەوە، بەڵکو ئەمە ڕێچکەیەکی درێژە و پێویستی بە ئیرادە و پلان و دانبەخۆداگرتن و ڕاستگۆیی لە نیەت و متمانە و هاریکاریی نێوان لایەنەکان هەیە.

دووەم: سروشتی حکومەتی هاوپەیمانی وایە کە دەبێتە حکومەتی موجامەلەی سیاسی و چاوپۆشی لە هەڵە و کەمتەرخەمی، ئەوەشی باجەکەی دەدات تەنیا هاووڵاتییە چونکە ئاستی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی دەکرێ زۆر لەخوارەوە دەبێ، سەرباری ئەگەری چاوپۆشیکردن لەزۆر مەسەلە لەپێناوی پاراستنی (بەهێزیی پەیوەندی نێوان حیزبەکان) و (بەهێزکردنی بینای نێوخۆیی حکومەت) و (پاراستنی یەکڕیزی نێوخۆیی)، ئەوەشی قورەکە خەستتر دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین، کۆمەڵگایەکی پڕ لە موجامەلەی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکان.

وەک گوتم من لە دیالۆگی سیاسی نێوان حیزبەکان و ئیستحقاقی هەڵبژاردنیان لەپێکهێنانی حکومەتی نوێدا تێدەگەم. تێگەیشتنیشم هەیە بۆئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن لەقۆناغی ڕابردوودا چی دەستکەوتووە و چی لەدەستداوە. بۆیە بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان من پێشنیاز دەکەم تەنانەت ئەگەر حکومەتەکە هاوپەیمانی و بەرفراوانیش بوو، پرۆسەی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان بە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بسپێردرێ، خراپ نییە ئەگەر کۆمەڵێک ڕاوێژکاریشیان لەگەڵ بن و پێکەوە لیژنەیەکی باڵا بۆ دیاریکردنی وەزیرەکان پێکبێنن. پرۆسەی کاندیدکردنیش بۆ پۆستەکان لەلایەن حیزبەکانەوە بۆ ئەم لیژنە باڵایە بێت لەڕێی CV و پێشکەشکردنی بەرنامەی کار ئەگەر هات و پۆستەکەی وەرگرت. پێویستە زیاد لە کاندیدێکیش هەبێت بۆ یەک پۆست، بۆئەوەی بوار بۆ هەڵبژاردن لەسەر بنەمای شارەزایی و بەرنامەی کار بمێنێتەوە نەک لەسەر بنەمای ڕازیکردنی حیزب. لەو حاڵەتەدا شارەزایی و ئەوەی کە وەزیر دەتوانێ پێشکەشی بکات هەڵدەبژێردرێ. لیژنەی باڵاش بەسەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران مافی ئەوەی دەبێت کە کێ بۆ کام وەزارەت دیاری دەکات.

ئەوەی جێی سەرنجیشە، وشەی وەزیر لە زمانی عەرەبیدا هەڵگرتنی باری قورسەوە هاتووە، ماناکەشی ئەوەیە کاری ئەو دەبێتە پشتیوان بۆ کاری سەرۆک وەزیران کە بەرپرسیارێتییە گەورەکەی لەئەستۆیە، وەزیرایەتیش بەڕێوەبردنی کارێکی قورسە نەک دەستکەوت و غەنیمە. لەوەش جوانتر، وشەی (Minister)ی ئینگلیزی لە لاتینییەوە وەرگیراوە کە بەمانای (خزمەتکار) دێت. کەواتە ئەگەر لە ڕەهەندە زمانەوانیەکەشەوە سەیری بکەین، دەبێ سەرۆک وەزیران تیمی کاری خۆی هەڵبژێرێ کە پێکەوە شان دەدەنە بەر قورسایی بەڕێوەبردنی وڵات.

هیوام ئەوەیە حکومەتی داهاتوو ئەو مەسەلانە لەبەرچاو بگرێ و حکومەتی دەستنیشانکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکان بێت نەک حکومەتی چالاکییەکان.



پێشواز فەیزوڵڵا

# سزای "زیناکردن".. ئامرازێک لە دژی ژن

هەر یاسایەک بووە مایەی خستنەوەی ئەو ئەنجامەی لە پێناوی بەرپێگرتنیدا دانراوە، یاسایەکی پووچەڵە.

یاسا بۆ ئەوە دادەنرێت کە کاروباری کۆمەڵ ڕێکبخات و لە یەکێک لە فەلسەفەکانیدا بۆ پاراستنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە. بەڵام لە هەندێک فەلسەفەی یاساییدا وەک تۆڵەکردنەوە لە تاوانبار بەکاردەهێنرێت یاخود کەسانێک بۆ تۆڵەکردنەوە لە کەسانی دیکە دەیقۆزنەوە. لەم بارانەدا، یاسای لەو جۆرە شەرعیەتی دادوەری لەدەستدەدات و پێویستە هەڵبوەشێنرێتەوە.

لە یاسای سزادانی عێراقیدا کە هەرێمی کوردستان پێڕەوی دەکات، مادەی 377 هەیە کە تایبەتە بە "زیناکردن". ئەم مادەیە چەند کێشەیەکی گەورەی هەیە کە لێرەدا دەیانخەمەڕوو.

## یەکەم: دەقی یاساکە

لە برگەی (یەک)ی مادەی 377دا هاتووە "ژنی زیناکار بەند دەکرێت لەگەڵ ئەوەی زینای لەگەڵ کردووە ...". لە برگەی (دوو) دا هاتووە "پیاوی زیناکار هەمان سزادەدرێت ئەگەر لەماڵی هاوسەرەکەیدا زینای کرد".

بە دوور لە هەموو عورفە پێشکەوتووەکان و تەنانەت بە گوێرەی فەلسەفەی ئیسلامیش کە گوایە بڕوای بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو هەیە، ئەو سزایە بە ئاشکرا دژی ژنە، چونکە مەرجەکانی سەپاندنی سزای تاوانەکە بەسەر ژندا ئاسانترە وەک لە پیاو. واتە ژن لە هەر شوێن و دۆخێکدا "زینا" بکات، سزاکە دەیگرێتەوە، بەڵام پیاو تەنها ئەگەر لەناو ماڵی خۆیدا بیکات.

ئەم جیاکارییە لە مەرجەکانی سەپاندنی سزای تاواندا ئیشکالییە و لە پێگەیەکی جوداییخواز و دژە ژنەوە سەرچاوەی گرتووە. یاسای لەو جۆرە دەبێتە مایەی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و لەلایەن ڕەگەزی باڵادەستەوە ئیستغلال دەکرێت بۆ مەرامی تایبەتی. ئەگەر بڕیارە یاسا دادپەروەرانە بێت، پێویستە هەمووان وەک یەک تەماشابکات و جیاوازی نەکات لەنێوان ژن و پیاودا.

## دووەم: مەرامی یاساکە

هەموو یاسایەک لە پێناو مەبەستێکی دیاریکراودا دادەنرێت. لەم دۆخەدا، دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری خێزان و هاوسەرێتی، گوایە بۆ پاراستنی پێکهاتەی خێزانە لە بێسەروبەری و تێکچوون. بەڵام کاتێک یاسایەکی لەو جۆرە بە زیندانیکردن سزای یەکێک لە هاوسەرەکان دەدات (کە زۆرتر ژنە)، ئەوا بەبێ چەندوچوون ئەو سزایە دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان. چونکە ناکرێت جارێکی دیکە ژن و مێردێک کە یەکتریان ناردە زیندان، بتوانن پێکەوە بژین. کاتێکیش یاسا سزایەکی سەپاند کە ئامانج لێی چاکسازی نەبێت، ئەوا ئەو یاسایە دەچێتە خانەی تۆڵەکردنەوە و ئەمەش لەگەڵ ناوەڕۆکی دادپەروەریدا ناگونجێت و هیچ کام لە ئاینەکانیش بە ئاشکرا لەگەڵ تۆڵەکردنەوەدا نین. بە واتایەکی دیکە، سزای ئەو یاسایە دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان. کەواتە خودی یاساکە و ئەو تاوانەی کە ئەو یاسایە سزای بۆ داناوە هەمان کاریگەری کۆمەڵایەتی و یاساییان هەیە لەسەر پێکهاتەی هاوسەری: هەڵوەشاندنەوەی.

## سێیەم: کاریگەرییە لۆجیستییەکان

پڕکردنی زیندانەکانی کوردستان لەو ژنانەی بە مادەی 377 گیراون، چەند زیانێکی هەیە:

یەکەم: فشاری زیادە دەخاتە سەر سەرچاوە سنووردارەکانی زیندانەکانی کوردستان و کەمیی کارمەندانی. ئەم جۆرە لە فشار، سەرچاوەکان لە بابەتی لاوەکیدا بەفیڕۆدەدات.

دووەم: تێکەڵکردنی ئەوانەی لەسەر کەتن دەستگیرکراون لەگەڵ ئەوانەی لەسەر جینایەت دەستگیرکراون (کوشتن، مادەی هۆشبەر و... هتد).

سێیەم: سەرقاڵکردنی سیستەمی دادوەری و پۆلیس و زیندانەکان بە کێشەی لاوەکییەوە و دوورخستنەوەیان لە کێشە جەوهەرییەکان.

## چارەسەر

لەبەرئەوەی شووکردن و ژنهێنان کردەیەکی خۆویستانەیە (لە باری نموونەییدا)، کەواتە پێویستە کەسەکان ئارەزوومەندانە ئەو پەیماننامەیە ببەستن و ئارەزوومەندانەش هەڵییبوەشێننەوە. ئەرکی دادگاکان تەنیا بریتییە لە دادوەریکردن لە کاتی ناکۆکیدا، نەوەک سزادانی یەکێک لە لایەنەکان. ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان خیانەتی زەوجی کرد و ئەو دووانە نەیانتوانی ڕێکبکەونەوە، ئەوا باشترین ڕێگە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامەیەیە. پێویستە دادوەرەکانی باری کەسێتی لەم پێگەیەوە بڕواننە زەواج و لە کاتی بڕیاردانیاندا بیربکەنەوە کە ئایا ئەو زەواجە بواری تێداماوە بۆ چارەسەر؟ ئەگەر بوار مابێت، ئەوا دەکرێت پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بکرێتە ناوبژیوان بە سەرپەرشتی دادوەر بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەرەکان. ئەگەر دادوەر گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەو پەیوەندییە بەجۆرێک تێکچووە بواری چاککردنەوەی تێدا نەماوە، ئەوا بڕیاردان بە هەڵوەشاندنەوەی و ئازادکردنی هاوسەرەکان لەو پەیماننامەیە باشترین و سەلامەتترین و هەرزانترین ڕێگەیە.

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکە، لەبری زیندانیکردن، باری سەرشانی زیندانەکان و دەزگای پۆلیس و دادگاکانیش سووکتر دەکات. تێچوونەکانی سەر لایەنەکانی مەسەلەکە و حکومەت کەمتر دەکاتەوە و بوارێکیش دەڕەخسێنێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی مەدەنی کە تێیدا ژن و پیاو یەکسان بن. کاتێکیش لایەنێک ڕێککەوتنێکی یاسایی یان شەرعی پێشێل کرد، ئەو ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێنرێتەوە بەبێ پەنابردنە بەر زیندان و تێکدانی ژیانی کەسەکان و منداڵەکانیان و زیادکردنی ئەگەرەکانی کوشتنی ئەو ژنانە.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە دەسەڵاتی یاسایی و ئاینی لە ژووری نووستن دووربخرێنەوە، چونکە ژووری نووستن و پەیوەندی جنسی تایبەتمەندی کەسەکانە و بوارێک نییە بۆ کایەی گشتی و دەسەڵات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەساڵی 2012دا بڵاوکراوەتەوە، یاساکانی "زیناکردن" بەشێوەیەکی ناڕەوا دژی ژنانن.

لە سەرجەم وڵاتانی ئەورووپا و چین، "زیناکردن" بەهیچ شێوەیەک تاوان نییە. لە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکاش "زیناکردن" چیتر تاوان نییە، بەڵام لە نزیکەی 23 ویلایەت هێشتا لە یاسادا وەک تاوان ماوە، بەڵام ئەو یاسایە جێبەجێ ناکرێ. لە هەموو بارێکدا، لە سەرجەم ئەو وڵاتانە "زیناکردن" (چ ژن بیکات یان مێرد) بناغەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی هاوسەری.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو وڵاتانەی کە زۆرینە موسڵمانن، توندترین سزایان هەیە بۆ "زیناکردن" بەتایبەتی بۆ ژنان، کە لە هەندێک باردا دەگاتە بەردبارانکردن.





ولادیمیر ڤان ویلغنبێرغ
wladimir@rudaw.net

# تابووی کوردستان

لە دوایین سەردانیدا بۆ تورکیا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تابوویەکی نوێی شکاند: ئەویش بەکارهێنانی وشەی کوردستان بوو. هەرچەندە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK زۆر رەخنەگرانە باسی سەردانەکەی بارزانیی کرد و ترسی هەبوو لەوەی کە حکومەتی داد و گەشەپێدان لەو مەسەلەیەدا بارزانی لەدژی PKK بەکاربهێنێت، بەڵام ئەوە راستییەکە کە بارزانی لە تورکیا تابوویەکی زۆر گەورەی شکاند.

سەردانی بارزانی بۆ دیاربەکر، یان ئامەد وەک کوردەکان نێوزەدی دەکەن، لە میدیای سەر بە PKKدا بەتوندی رەخنەی لێگیرا. هەروەها لێدوانەکانی پێشووتری بارزانیش لەبارەی ئەوەی کە لە رۆژئاوا شۆڕش رووینەداوە و پارتی یەکێتی دیموکراتی PYDیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە لەگەڵ بەشار ئەسەد هاوکاری دەکات، لەلایەن میدیای PKKەوە پێشوازیی لێنەکرا.

بۆیە PKK خۆپیشاندانی ناڕەزایی لەدژی بارزانی رێکخست و لە میدیاکەشیدا بەتوندی هێرشی کردە سەر بارزانی.

هەرچەندە رێی تێناچێت بارزانی بتوانێ ئەو دەنگانە کەم بکاتەوە کە لە تورکیا هی PKKن (هەڵبەت دەگوترێت بارزانی پارتێکی سەر بە پارتەکەی خۆی لە تورکیادا دروست دەکات، بەڵام ئەوە گۆڕانکارییەکی یەکجار گەورەیە کاتێک سەرۆک وەزیرانی تورکیا قسەیەکی ئەتاتورک بەنموونە دەهێنێتەوە کە تێیدا باسی کوردستانی کردووە و بە خەڵکەکە دەڵێت: "کەوابێ ئەتاتورکیش جوداخواز بووە؟!".

لە رابردوودا، کوردەکانی عێراق لەسەر سنووری تورکیا سووکایەتییان پێدەکرا، چونکە لە "باکووری عێراق"ەوە هاتبوون و نەدەبوایە بڵێن لە "کوردستان"ەوە هاتوون.

بەڵام ئێستا تەنانەت سەرۆکوەزیرانی تورکیاش ئەو وشەیە بەکاردەهێنێت.

کوردەکانی تورکیا هەوڵیاندا ئەو قسەیەی ئەتاتورک بەکاربهێنن بۆئەوەی بتوانن ناوی کوردستان بهێنن، بەڵام ئەوە سەرکەوتوو نەبوو. کەچی ئێستا تەنانەت سەرۆک وەزیرانیش ئەوە دەکات. ئەو قسانەی ئەردۆغان کردنی، گەورەترین گۆڕانکاری لە تورکیادا دروست دەکەن.

لە سالانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، سیاسەتڤانی کورد شەرەفەدین ئەڵچی، تەنیا لەبەرئەوەی گوتی "من کوردم" خرایە زیندانەوە. ئێستا سەرۆک وەزیرانێکی ناکورد لە کۆماری تورکیادا شەرعیەت دەبەخشێتە بەکارهێنانی وشەی "کوردستان". ئەوەش وادەکات بەکارهێنانی ئاڵای کوردستانیش وردە وردە ئاسایی ببێت لە تورکیادا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، هەمووان پێویستیان بە PKK هەیە. چونکە ئەو پارتە چووەتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە لە تورکیا.

بەڵام ئەوە ناتوانێ ئەو راستییەمان لەبیرببباتەوە کە سەردانی بارزانی بۆ ئامەد وایکرد تورکیا زۆرتر بکرێتەوە. هەروەها ئەوە وادەکات لە ئایندەدا ئاسانتر لە تورکیا باسی کورد بکرێت.


هیوا مەحمود عوسمان*
hiwa@rudaw.net

# سێکوچکەی میدیای کوردی

میدیای کوردی، سەرەڕای هەبوونی کێشەی ریشەیی، لە ئاستێکی باشتردایە بە بەراورد بە رابردوو و لەچاو هەندێک لە میدیاکانی دەوروبەر. هەروەها بە بەراورد لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی ئابووری کوردستان و بەهێزبوونی سەرمایە لە بازاڕ، میدیای کوردی هێشتا نەیتوانیوە لەگەڵ ئەو زێدەبوونە پەرەبسێنێت و زۆربەی ئەو پارەیەی ئەمڕۆ لە میدیا خەرج دەکرێت پارەی سیاسییە نەک وەبەرهێنانی بازرگانی. بۆیە زۆربەی دەزگا راگەیاندنە زەبەلاحەکان بەزەحمەت مۆدێلێکی بازرگانی و پیشەگەر لەکارکردن پەیڕەو دەکەن.

بەڵام لەکۆتاییدا میدیای سیاسیش دەبێت پابەندی کارکردنی ئەو مۆدێلە ببێت چونکە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی میدیای نوێی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ئەو دەزگایانەی کە بەشێوەیەکی مۆدێرن کاردەکەن، بینەر و بیسەری میدیای سیاسیی تەقلیدی کەمتر دەبنەوە بەهۆی نەبوونی توانای دابینکردنی خزمەتگوزاری ئاستبەرز و پیشەگەری هەواڵ و زانیاری و کات بەسەربردن.

وەبەرهێنەران و بڕیاردەرانی بواری میدیا لە کوردستان لەبەردەم چەند تەحەدایەکی گەورەدان.

تەحەدای یەکەم تەکنۆلۆژیە واتە پێشکەوتن و کاریگەرتربوونی ئەو ئامێرانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی میدیاییدا بەکاردێت وەک ئامێری تۆمارکردن، پەخش و وەرگرتنی بابەتی میدیایی. ئەم گۆڕانکارییانەش شێوازی کارکردن و پەیوەندی رۆژنامەنووس و خوێنەر و بیسەریان بەشێوەیەک گۆڕیوە کە زۆرجار جیاوازی نێوان میدیاوانی پیشەگەر و مۆدێرن لەگەڵ میدیاوانی کلاسیک جیاوازی و چۆنێتی بەکارهێنانی یەک ئامێر دەبێت.

تەحەدای دووەم توانای مرۆییە واتە هەبوونی کادیری پیشەگەر و بەتوانا کە لە دەزگا میدیاییەکاندا کاردەکەن. بۆ ئەوەی ئاستی میدیا بە بەرزی رابگیرێت، دەبێت ئەو کەسانەی لە میدیای ئەمڕۆ کاردەکەن خاوەن لێهاتوویی و شارەزایی هاوچەرخ بن لە رەهەندە تەکنەلۆژی و مەعریفییەکانی میدیا بەشێوەیەک لە کەسانی ئاسایی جیایان بکاتەوە.

ئەوان دەبێت کەسانێک بن لە گۆڕانکارییەکانی کاری رۆژنامەگەری تێگەیشتبن بەتایبەت ئەوەی کە رۆژنامەگەری لە شێوازە کلاسیکییەکەوە بەرەو رۆژنامەگەری هاووڵاتی دەچێت. ئەو جۆرە کەسانەش دەگمەن نین، وەک چەند بەرپرسێکی میدیایی پێیانوایە. زۆربەی ئەو جۆرە کەسانە پێویستیان بە رێنماییکردنی دانایانە و فەراهەمکردنی موچە و بارودۆخێکی گونجاوی کارکردن هەیە، لەبەرئەوەی ئێستا ئەوان لە بواری میدیا کارناکەن بەهۆی دۆزینەوەی کاری دیکە، کە مووچەی زیاترە.

لەگەڵ تەکنۆلۆژیا و توانای مرۆیی، تاقیکردنەوە هەرە گرنگەکە ئەوەیە کە ناوەڕۆکێکی پەیوەندیدار و بەسوودی ئاستبەرز پێشکەشی بینەر و بیسەر و خوێنەر بکات بە رەچاوکردنی ئەو ئامێرانەی کە ئەمڕۆ بەکاردێن. هەروەها ناوەڕۆکێکی تایبەت بێت واتە بەکردەوە بیسەلمێنێت کە ئەو جۆرە ناوەڕۆکە تەنیا لای ئەو دەزگایە دەست دەکەوێت و وەرگری ناوەڕۆکەکە ناتوانێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان لە پێگەی دیکە دەستی بکەوێت.

ئەمڕۆ خاڵی سەرەکی سەرکەوتنی هەر جۆرە میدیایەک ئەوەیە کە دەبێت هاوسەنگییەکی تەواو لەنێوان ئەو سێ بەشەدا رابگرێت لەبەرئەوەی هیچیان بەبێ ئەوی دیکە ناتوانێت کار بکات. بەڵام راگرتنی ئەو سێکوچکەیە پێویستی بە روئیای قوڵ و بودجەیەکی تێروتەسەلە بۆ دابینکردنی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ، راگرتنی توانای مرۆیی باش و رەخساندنی هەلی تەواو بۆ داهێنان و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پێویست و بەسوود بۆ بینەر و بیسەر و خوێنەری کوردی زمان. هەر بۆیە لەگەڵ گروپێک لە میدیاواناں بڕیارمان دا میدیاوان دابمەزرێنین.

*** بەڕێوەبەری کۆمپانیای (میدیاوان) بۆ پەرەپێدان و راوێژکاری و راهێنانی میدیایی.**


دەیڤد رۆمانۆ

# لەبارەی بۆڕیە نەوت و دانبەخۆداگری

هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا دەستکەوتی بەرچاوی بەدەستهێناون. سەرەڕای ئامادەیی حکومەتی بەغدا کە وا دانراوە دەسەڵاتی حکومەت لەوێ چڕببێتەوە، بەڵام توانیویانە دانبەخۆداگرانە ئۆتۆنۆمی بەدەستبێنن. بێ هیچ کارێکی شێتانە، بە سەبرەوە بەرژەوەندی خۆیان مسۆگەر کردووە لە بەغدا و ناوچەکە و سەراپای جیهانیش. سەرئەنجام، نەک تەنیا ئۆتۆنۆمی خۆیان مسۆگەر کردووە بەڵکو وا دیارە بەهێزتریشیان کردووە بە بۆڕییە نەوتێکی نوێ و سەربەخۆ بەرەو خاکی تورکیا.

زۆر لە رەخنەگرانی کورد دەیانگوت هەرگیز بۆڕییە نەوتی لەوجۆرە بەخۆیانەوە نابینن. ئێستا کە یەکەم دانەیان روو لە تەواو بوونە (لەگەڵ چەند پرۆژەیەکی دیکەی بۆڕیە نەوت کە تازە راگەیەندراون)، هەندێ چاودێر دەڵێن ئەمە بەڕاستی سەربەخۆیی نییە. دێنیس ناتالی لە (مۆنیتەر) نووسیویەتی، لەبەرئەوەی بۆڕیە نەوتی نوێ تێکەڵی بۆڕیە نەوتی کەرکووک-جیهان دەبێت، دەبێ کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا هەماهەنگی بکەن بۆئەوەی نەوتی خۆیان بنێرن: "سەرەڕای بوونی وێستگەی پێوان، پێویست دەکات هەرێمی کوردستان بۆریە نەوتەکەی تێکەڵی بۆریە نەوتی عێراق-تورکیا بکات ئەگەر بیەوێ نەوتی خاوی کوردی بنێرێتە بەندەری جیهان لەسەر دەریای نێوەڕاست. هیچ بۆڕیە نەوتێکی دیکەی بنیاتنراو لە تورکیا نییە کە بتوانرێ بۆڕیە نەوتی هەرێمی کوردستانی تێکەڵ بکرێت.... هەروەها ئەوەش پێویست دەبێت کە هەرێمی کوردستان هەماهەنگی بکات لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی کە کۆنترۆڵی بۆڕیە نەوتی عێراق- تورکیا دەکەن لەبارەی خشتەی هەناردەی نەوتەکەیان، چونکە نەوتی خاوی کوردستان کە قورستر بێت، ناتوانرێ تێکەڵ بکرێت لەگەڵ نەوتی سووکتری کەرکووک".

بەپێی راپۆرتی نەوتی عێراق لە رێکەوتی 18ی تشرینی دووەم لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە، ئەم قسانەی دێنیس ناتالی ناڕاستن. لەڕاستیدا هێڵی نەوتی ئێستای کەرکووک-جیهان دوو بۆڕیە نەوتی تەریبن کە تیرەکەیان 46 و 40 ئینجە. بۆڕیە تیرە 46 ئینجەکە کەمتر لە توانای خۆی بەکاردێت، تەنیا بڕێکی کەم نەوتی لەکێڵگەکانی کەرکووکەوە پێدا هەناردە دەکرێت، لەکاتێکدا توانای گواستنەوەی 400 هەزار بەمیلی هەیە لە رۆژێکدا. بۆڕیە نەوتە تیرە 40 ئینجەکەش لەکاردا نییە و توانای گواستنەوەی 300 هەزار بەرمیلی هەیە لە رۆژێکدا. بەرپرسانی تورکیا خەمڵاندوویانە کە تەنیا دوو هەفتەیان پێویستە دەبێت بۆ نوێکردنەوەی ئەو بەشە بۆڕییەی دەکەوێتە سنووری ئەوان. حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەهەمانکاتدا، خەریکی هەڵکەندنەوەی بۆڕییە 40 ئینجییەکەی نێو خاکی خۆیانن. پێدەچێ ئەو بۆڕیە نەوتەی تازە بنیاتی دەنێن پێوەی پەیوەست بکەن و ئەو سەرەشی قوفڵ بکەن کە بەرەو کەرکووک دەچێت.

ئەوە بۆ من وەکو بۆڕیە نەوتێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت. بێگومان دەسەڵاتدارانی بەغدا رەتیانکردووەتەوە، بەڵام کورد و دۆستەکانی لە ئەنقەرە پێدەچێ بەخێرایی پشتگوێیان بخەن. رێگەچارەیەکی یاسایی و ئابوورییانە دەدۆزنەوە بۆ فرۆشتنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان بە بازاڕی تینووی تورکیا و ئەوروپا، بەغداش هەتاوەکو رازی نەبێت بەم ئامادەکارییانە، دینارێک بە چاو نابینێت. ئەوەش لەبەرئەوەی یاسای ژمارە پێنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەهاری رابردوو دەرکرا، رێگە بە هەرێمەکە دەدات چەندی پێویست دەکات بەرهەمی نەوت گلبداتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو قەرزەی کە لەئەستۆی حکومەتی ناوەندییە بیداتەوە بە هەولێر. بۆنموونە لەسەر مەسەلەی قەرەبووی تاوانەکانی رژێمەکانی پێشووی بەغدا دژ بە کورد، پارەیەکی زۆر هەیە کە بەهۆیەوە حکومەتی ناوەندی بە قەرزداری کوردستان بزانرێت. بێگومان بەشنەکردنی داهاتی نەوت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق پێشێلکردنی ماددەی 111ی دەستووری عێراقە، بەڵام رازینەبوونی بەغداش بە دانەوەی قەرزەکانی بە هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ پاوانکردنی هەموو رەهەندەکانی پیشەسازیی سامانە سروشتیەکان، زۆر دەستووری نییە.

بێگومان، ئەوەش دەچێتە سەر دەستکەوتە بەرچاوەکانی هەرێمی کوردستان کە لە چەند ساڵی رابردوودا: تورکیای دوژمنیان کردە هاوپەیمان. تەنیا 10 ساڵ لەمەوبەر، کێ پێشبینی ئەمەی دەکرد؟ کێ پێشبینی دەکرد بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاوا بە گەرمی لەلایەن سەرۆک وەزیرانی تورکیاوە لە دیاربەکر پێشوازی لێدەکرێ و شڤان پەروەری پێشتر تاراوگەچی گۆرانییان بەسەردا دەڵێ؟

لەگەڵ بەرزبوونەوەی رادەی توندوتیژی لە بەشەکەی مالیکی سەرۆک وەزیران بۆ ئاستێکی مەترسیدار، هەروەها پەراوێزخستنی دۆستە کۆنەکانی مالیکی، پێناچێ بەغدا بتوانێ شتێکی ئەوتۆ بکات بۆ رێگەگرتن لە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان. تاوەکو ئەوکاتەی کورد هیچ شتێکی گەمژانە نەکات لە چەشنی هەڵگیرساندنی شەڕ لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە تائێستا هیچ ئاماژەیەکم نەبینیوە بۆ دانانی پلان بۆ ئەو کارە، کات لەبەرژەوەندی کورد دەبێت. تەنانەت رەنگە جارێکی دیکە لە دوای هەڵبژاردنی 2014 رۆڵی کاریگەریان لە بەغدا پێبدرێتەوە، لەو خاڵەدا هیواخوازم بە وریاییەوە بژارەکانیان هەڵسەنگێنن. لەهەمانکاتدا، پێویستە بەردەوام بن لە بنیاتنانی بۆڕیە نەوت و رووخۆش بن لەگەڵ تورک.


هێمن عەبدوڵلا
hemen@rudaw.net

# سلێمانی نەبووەتە سیسیلیا

میدیای کوردستان وێنەیەکیان لە سلێمانی دروستکردووە کە زۆرتر لە سیسیلیای سەدەی نۆزدە دەچێت. یەکێک ئەم رۆژانە سلێمانی نەدیتبێت وا هەستدەکات لەوێ کوشتوبڕێکە نەبێتەوە. ئەو رووداوی کوشتنانەی لە سلێمانی روودەدەن کاریگەریی فرەکوێخاییان بەسەرەوە هەیە. ئەمە بەفەرمی حاشایی لێدەکرێت، بەڵام ئەوانەی حاشایی لێدەکەن نازانن فرەکوێخایی جیاوازە لە فرەمافیایی.

رووماڵکردنی رووداوەکانی سلێمانی هێندە زۆرڕەوویی تێدادەکرێت کە ترس دەخولقێنێت. رۆژنامەنووسێک راپۆرتێکی سازکردبوو و باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن خەڵکی سلێمانی بە لێشاو روویان لە کڕینی بەربەستی ئاسنین کردووە بۆ پەنجەرەی ماڵەکانیان. کاتێک ئەو راپۆرتەم دەبینی، لە ماڵێکی نزیک گردی زەرگەتە دانیشتبووم کە نەک هەر بەربەست لەبەر پەنجەرەکەی نەبوو، بەڵکو دەرگای حەوشەشی لەسەرپشت بوو.

راستە لەوەتەی مام جەلال نەخۆشە، هەم کاتێک لە کوردستان بوو و هەم ئێستاش کە لە ئەڵمانیایە، رووداوی تەمومژاوی لە سلێمانی روویانداوە. ئەوەش راستە کە کەسی وا لەو ماوەیەدا گیانیان لەدەستداوە و برینداربوون، کە کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد وا بەئاسانی ئەوەیان بەسەربێت. هەر لە کەیسی زانا حەمەساڵحەوە بگرە تاوەکو دەگاتە بریندارکردنی شاسوار عەبدولواحید و بەمدواییانەش کوشتنی جێگری بەرپرسی پاسەوانەکانی مام جەلال و ئامۆزازاکەی لە دوو رووداوی جیاوازدا، هەموویان شکاندنی شکۆی ئەو دەزگایانە بوون کە پاراستنی ئاسایشی سلێمانیيان لەئەستۆیە. بەڵام هەرواش ناکرێ بڵێین سلێمانی شارێکی نائارامە و فرەمافیایی تێدایە.

سلێمانی مێژوویەکی درێژی لەگەڵ تیرۆردا هەیە. لە شەستەکانەوە تاوەکو دەگاتە کۆتایی نەوەدەکانیش، ئەو برایانەی لەڕووی سیاسییەوە پێک ناکۆک بوون، "پەنجەکانی یەکدییان لە سلێمانی دەشکاند". زۆرجار نیشتمانفرۆشی گەورە لەنێو سلێمانیدا تیرۆردەکران. لە سلێمانی فولکە بەناوی سەرکردەی پێشمەرگەی وا کراوە کە هەر لەنێو شارەکەدا تیرۆرکراوە. بۆیە ئێستا کە لەپڕ چەند کەسێک لە رووداوی تەمومژاویدا گیان لەدەستدەدەن، ناکرێ بڵێین ئەو شارە بووەتە نوای مافیاکان.

رەوشی ئێستای سلێمانی لە سیسیلیای ئیتاڵیا لە سەردەمی سەدەی نۆزدەدا ناچێت. بەرلەوەی سیسیلیا بلکێندرێت بە کۆماری ئیتاڵیاوە، ئاغای خاوەن زەویوزار و دەوڵەمەند لەشکری تایبەت بەخۆیان هەبوو. هەموو کەس لە سیسیلیا پابەند بوو بەو لەشکرانەوە و پاراستنی ئاسایش لەئەستۆی ئەوان بوو. دوای ئەوەی سیسیلیا بووە بەشێک لە ئیتاڵیا، ئەو لەشکرانە تێکچوون و هەمووان ملکەچی هێزەکانی پۆلیس بوون. بەڵام دەوڵەت لە سەرتاسەری سیسیلیادا ٣٠٠ پۆلیسی هەبوو و ئاسایشی ناوچەکەی پێ نەدەپارێزرا. بۆیە لە زۆربەی شوێنەکاندا هێزی چەکداری نوێی سەر بە ئاغاکان دروستبوون و دەوڵەت پێی کۆنترۆڵ نەدەکران. ئەو هێزە چەکدارانە دواتر بوونە گرووپی مافیایی رێکخراو و ناوچە جیاوازەکانی سیسیلیایان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد. ئەو دابەشکردنە تاوەکو رۆژی ئەمڕۆش سەرئێشەیەکە و زوو زوو دەوڵەتی ئیتاڵیا ناچاردەکات دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات. ئایا رەوشی سلێمانی ئاوایە؟ بێگومان نا.

ئەوەی لە سلێمانی هەیە باڵادەستبوونی دەسەڵاتی دیکەیە بەسەر دادگا و پۆلیسدا. فرەکوێخایی وایکردووە ئەوانەی تاوان دەکەن بەئاسانی بتوانن لەڕێگەی کوێخای خۆیانەوە لەدەست یاسا رزگاریان بێت. فرەکوێخایی، هەبوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتیی حیزبەکان و پێکهاتنە عەشایەرییەکان وایانکردووە تاوانکار سڵ نەکاتەوە لەوەی کە تاوان بکات. چونکە دەزانێ دوای تاوانکردن، تەنیا یەک رێگەی لەبەردەم نییە کە بەرەو هۆڵی دادگا بیبات و رێگەی دیکەی سەلامەتتریش هەن!

رووداوەکانی ئەمدواییەی سلێمانی تاقیکردنەوەی قورسن بۆ دەزگای دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا، بۆئەوەی کارامەیی خۆیان و سەروەریی یاسا بسەلمێنن. تەنیا ئەوانیشن دەتوانن بە نەسڵەمینەوە لە سزادانی تاوانکاران، سنوور بۆ قسەوقسەڵۆکی نێو میدیای کوردی و تۆقاندنی نابەجێی خەڵک و شوبهاندنی سلێمانی بە سیسیلیا دابنێن.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## "شڤان پەروەر پاڤارۆتیی کوردە"

12


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاین: هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی

Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net





REKLAM

